
# کەباڵیەن

زانستێک لە فەلسەفەی هەرمێتیک لە
میسرو یۆنانی کۆن
١٩٠٨



نوسینی سێ دەسپێکەکە

وەرگێڕان: ئاڵدن ڤاڵ

# کـــــەباڵــیەن

# نووسینەکان.

---

کەباڵیەن.

# کەباڵیەن

## زانستێک لە فەلسەفەی هەرمێتیک لە

## میسر و یۆنانی کۆن

## ١٩٠٨

نووسین: سێ دەستپێکەکە (١٨٦٢-١٩٣٢)

وەرگێڕان: ئاڵدن ڤاڵ (٢٠٠١-....)

C-137

# پێشکەشکردن.

بۆ هەرمیز ترایسمەجیستەس کە لەلایەن میسرییە کۆنەکانەوە ناسراوە بە "مەزنە مەزنەکە" و "مامۆستای مامۆستاکان." ئەم بەرگە بچووکەی فێرکارییەکانی هەرمێتیک بەڕێزەوە پێشکەشکراوە.

# وتەی دەستپێک.

"لێوەکانی ژیری داخراوە، تەنها بۆ گوێکانی تێگەیشتن نەبێت."

# ناوەڕۆک


بەشی ١. ........................................ فەلسەفەی هەرمێتیک.

بەشی ٢. ................................ حەوت بنەماکانی هەرمێتیک.

بەشی ٣. ................................................ گۆڕینی بیری.

بەشی ٤. .................................................... هەمووەکە.

بەشی ٥. ......................................... گەردوونە بیریەکە.

بەشی ٦. ...................................... پاڕادۆکسە خواییەکە.

بەشی ٧. ........................................ "هەمووەکە" لە هەموودا.

بەشی ٨. ...................................... ڕووتەختەکانی هاوگونجان.

بەشی ٩. ...................................................... لەرینەوە.

بەشی ١٠. ................................................ جەمسەرگری.

بەشی ١١. ...................................................... ڕیتم.

بەشی ١٢. .................................................... هۆکار.

بەشی ١٣. ...................................................... ڕەگەز.

بەشی ١٤. ................................................ ڕەگەزی بیری.

بەشی ١٥. ........................................ وتەکانی هەرمێتیک.

# پێشەکی

زۆر خۆشحاڵین بە پێشکەشکردنی ئەم کارە بچووکە بە سەرنجی قوتابییەکان و لێکۆڵەرانی باوەڕگە نهێنییەکان کە لەسەر فێرکارییەکانی هەرمێتیکی جیهانی کۆن بنیاتنراوە. زۆر کەم لەسەر ئەم بابەتە نووسراوە، سەرەڕای ئاماژە بێ شومارەکانی فێرکارییەکان لە کارە زۆرەکانی سەر نهێنیزانی، کە گەڕۆکە ڕاستخوازە زۆرەکانی شوێنکەوتەی نهێنیزانی بەبێ گومانەوە پێشوازی دەکەن لە دەرکەوتنی ئەم بەرگە پێشکەشکراوە.

مەبەستی ئەم کارە خستنەڕووی هیچ فەلسەفە و ڕێبازێکی تایبەت نییە، بەڵکو پێشکەشکردنی قوتابییەکانە بە دەقێک لە ڕاستی کە بۆ پێکهێنانەوەی بڕە زۆر بچووکەکانی زانستی نهێنی خزمەت دەکات کە لەوانەیە دەستییان کەوتبێت، بەڵام وەکو دەردەکەوێت ئاشکرایانە بەرهەڵستی یەکتر دەکەن و بەزۆری بۆ بێوەری کردن و قێزکردنەوەی دەستپێکەکە خزمەت دەکەن لە زانستەکەدا. خواستی ئێمە ڕاستکردنەوەی ڕێبازێکی زانستی تر نییە، بەڵکو دەستەبەرکردنی قوتابییەکەیە بە کلیلێکی مامۆستایی کە بەهۆیەوە بتوانێت دەرگا ناوەکییە زۆرەکانی ڕێبازی نهێنیزانی بکاتەوە لەڕێگای ئەو دەرگا سەرەکییانەی ئێستا پێیاندا تێپەڕیوە.

هیچ بەشێک لە فێرکارییەکانی نهێنیزانی نییە لەلایەن جیهانەوە هەڵگیرابێت کە بەشێوەیەکی زۆر نزیک پاسەوانی کرابێت و وەکو پارچە بچووکەکانی

فێرکارییەکانی هەرمێتیک هەرمێتیک بۆمان مابێتەوە لەماوەی دەییان سەدەی بەسەرچوو لە سەردەمی دامەزرێنەرەکەیەوە، هەرمیز ترایسمەجیستەس، "دەستنووسی خواکان"، کە لە میسری کۆن دەژیا لەو ڕۆژانەی ڕەگەزی ئەمڕۆی مرۆڤ لە ساوایەتی خۆییدا بوو. هاودەم بوو لەگەڵ ئیبراهیم، وە، ئەگەر ئەفسانەکان ڕاست بن، ئیبراهیم مامۆستاییەکی ئەم دانا ڕێزلیگیراوەش بووە، هەرمیز خۆری ناوەندی مەزنی نهێنیزانی بووە، ئێستاش هەر وایە، تیشکەکانی بۆ ڕووناکردنەوەی فێرکارییە نەژمێردراوەکان خزمەتییان کردووە هەر لەو کاتەوە کە دەرکراون. هەموو فێرکارییە بنچینەیی و سەرەتاییەکان کە بە فێرکاری تایبەتی هەر ڕەگەزێک چەسپێنراون لەوانەیە شوێنەواریان بگەڕێتەوە بۆ هەرمیز. تەنانەت کۆنترین فێرکارییەکانی هیندستان بەبێ بێگومانەوە ڕەگی خۆیان هەیە لە فێرکارییە بنەڕەتییەکانی هەرمێتیک.

لە خاکەکانی جەنگیز زۆرێک لە نهێنیزانانی پێشکەوتوو گەڕان بۆ خاکی میسر، و دانیشتن لەژێر قاچەکانی مامۆستاکە. لە ئەوەوە کلیلە مامۆستاییەکەیان دەستکەوت کە تێڕوانینە دوورەپەرێزەکانی بۆیان ڕوونکردەوە و پێکهێنایەوە، بەم شێوەیەش باوەڕگە نهێنییەکە بەتوندوتۆڵی دامەزرا. لە خاکەکانی تر بەهەمان شێوە فێرخوازەکانی تر هاتن، هەموو کە هەرمیزیان وەکو مامۆستای مامۆستاکان دادەنا، وە کاریگەری هێندە زۆری هەبوو کەوا سەرەڕای گەڕۆکە زۆرەکانی سەر ڕێگاکان لەبەشی سەدان سەدەی مامۆستاکان لە خاکە جیاوازەکانەوە، هێشتاش لەوانەیە لێکچوونیەک و هاووگونجانێکی بنەڕەتی دیاریکراو بدۆزرێتەوە کە بنچینەی زۆرێک لە بیردۆزە دوورەپەرێزە مشتومڕ لەسەر کراو و فێرکراوەکانە لەلایەن نهێنیزانانی ئەم خاکە جیاوازانەوە لە ئەمڕۆدا. قوتابی ئایینە جیاوازەکان دەتوانێت هەست بە کاریگەری فێرکارییەکانی هەرمێتیک بکات لە هەموو ئایینێک کە شایەنی ناوەکەی خۆی بێت، کە ئەمڕۆ بۆ مرۆڤ زانراون، جا ئایا ئایینێکی مردوو بێت یاخود لە چالاکی تەواو دابێت لە سەردەمی خۆماندا. هەمیشە هاوگونجانێکی دیاریکراو هەیە لە نیشانە دژییەکەکان، و فێرکارییەکانی هەرمێتیک وەکو پیکهێنەرەوە مەزنەکە کاردەکان.

کاری ژیانی هەرمیز پێدەچێت بە ئاڕاستەی چاندنی تۆوی مەزنی ڕاستی بووبێت کە خونچەی کردووە و گەشەی کردووە لە شێوەی زۆر سەیردا، لە جیاتی بنیاتنانی فێرگەیەکی فەلسەفە کە دەست بەسەر بیری جیهاندا بگرێت. بەڵام، سەرەڕای ئەمەش، ئەو ڕاستییە بنەڕەتییەکەی کە لەلایەن ئەوەوە فێرکرا بە ساغی هێڵرایەوە بە پاکی بنەڕەتی خۆیەوە لەلایەن چەند کەسێکەوە لەهەر سەردەمێکدا، کە، ژمارەیەکی زۆر لە قوتابییە نیوە گەشەسەندوو و شوێنکەوتەکانیان ڕەتدەکردۆتەوە، ئەوانەی کە شوێنی شێوازی هەرمێتیک کەوتبوون و ڕاستییەکەیان یەدەگ کردبوو بۆ ئەو ژمارە کەمەی ئامادەبوون بۆ تێگەیشتنی و مامۆستاکردنی. لە لێوەوە بۆ گوێ ڕاستییەکە دەگوازرایەوە لەنێوان ئەم ژمارە کەمەدا. هەمیشە چەند خوێندکارێک هەبوون لەهەر نەوەیەکدا، لە خاکی جۆراوجۆر لەسەر زەوی، کە بڵێسە پیرۆزەکەی فێرکارییەکانی هەرمێتیکیان بە زیندوویی هێشتەوە، و ئەمانیش هەمیشە خوازیاری بەکارهێنانی چراکانی خۆیان بوون بۆ ڕووناک کردنەوەی چرا کەمتر پرشنگدارەکانی جیهانی دەرەوە، کاتێ چرای ڕاستی لێڵ گەشەی کرد، و کپ کرا بە هۆکاری پشتگوێخستن، وە کاتێ پێستەکان قاپ قاپ بوون بە ماددەی دەرەکی. هەمیشە چەند کەسێک هەبوون کە ڕاستگۆییانە لاری گۆڕینی ڕاستییەکەیان هەبووە، لەسەر ئەمانیش چرای هەمیشەیی ژێری بەبەردەوامی دادەگیرسا. ئەم مرۆڤانە ژیانیان تەرخان کردووە بۆ کاری خۆشەویستی کە هەروەکو شاعیرەکە زۆر بەباشی باسی کردووە لەم دێڕانەدا:

*"ڕێگە نەدەن بڵێسەکە بمرێت! کە تەمەن لە دوای تەمەن چاودێری کراوە لە ئەشکەوتە تاریکەکەی خۆیدا – لە مەزارە پیرۆزەکەیدا چاودێری کراوە. لەلایەن وەزیرانی پاکی خۆشەویستییەوە دەرخوارد دراوە – ڕێگە نەدەن بڵێسەکە بمرێت!"*

ئەم مرۆڤانە هەرگیز پەسەندکردنی خەڵکیان نەویستووە، نە ژمارەیەکی شوێنکەوتەش. ئەوان کەمتەرخەمن بۆ ئەم شتانە، چونکە دەزانن ژمارەیەکی چەند کەم هەن لەهەر نەوەیکدا کە ئامادەبن بۆ ڕاستییەکە، یان بیانەوێت بیزانن گەر بێتوو

پێشکەشیان بکرێت. ئەوان "گۆشتی بەهێز بۆ پیاو" پێشکەش دەکەن، لەکاتێکدا ئەوانی تر "شیر بە مناڵ" دەدەن. ئەوان مرواریەکانی ژیریان یەدەگ دەکەن بۆ ژمارە کەمە هەڵبژێردراوەکان، کە نرخیان دەزانن و لە تاجەکانیانی دەپۆشن، لەجیاتی ئەوەی بیانخەنە بەردەم بەرازە ماددەخوازە پەرپووتەکە، کە لەناو قوڕاودا پێیان لێدەنێت و تێکەڵیان دەکات بە خۆراکی بیرە قیزەونەکانی. بەڵام هێشتاش مرۆڤەکان هەرگیز فێرکارییە بنەڕەتییەکانی هەرمیزیان بیرنەکردووە یاخود بەسەریاندا نەڕوانیوە، پەیڕەوی گواستنەوەی وشەکانی ڕاستییەکەیان کردووە بۆ ئەوانەی ئامادەن وەریبگرن، ئەم فێرکارییەش لە کەباڵیەندا بەم شێوەیە ئاماژەی پێکراوە: "لەهەر شوێنێ شوێنپێکانی مامۆستاکە بکەوێت، گوێکانی ئەوانەی ئامادەن بۆ فێرکارییەکانی فراوان کراوەن." وە دووبارە: "کاتێ گوێکانی قوتابییەکە ئامادەن بۆ بیستن، ئینجا لێوەکان دێن بۆ پڕکردنیان بە ژیری." بەڵام هەڵوێستە ئاساییەکانیان هەمیشە بەتوندوتۆڵییەوە ڕێکەوتی پەندە پێشینانەکەی تری هەرمێتیک بووە: "لێوەکانی ژیری داخراون، تەنها بۆ گوێکانی تێگەیشتن نەبێت."

ئەمانە هەن کە ڕەخنەی ئەم هەڵوێستەی هەرمێتیستەکانیان گرتووە، و کە دەڵێن ورەی تەواویان دەرنەخستووە لە سیاسەتەکانی دابڕانیان و دوورەپەرێزیاندا. بەڵام ساتێک سەرنجدانەوە بە پەڕاوەکانی مێژوودا ژیری مامۆستاکانی هەرمێتیک پیشان دەدات، کە گەمژەیی هەوڵدانی فێرکردنی جیهانیان دەزانی کە نە ئامادەیە و نە دەیەوێت وەریبگرێت. هەرمێتیستەکان هەرگیز نەیانویستووە گیانبەخش بن، وە، لەجیاتی ئەمە، بەبێ دەنگی لەلاوە دانیشتوون بە زەردەخەنەیەکی میهرەبانەوە لەسەر لێوە داخراوەکانییان، لەکاتێکدا "بت پەرستەکان تووڕەیانە قیژاندوویانن بەسەریاندا" لە گاڵتەکردنە ئاساییەکانیان لەسەر کوشتن و ئەشکەنجەدانی کەسە بەپەرۆشە ڕاستگۆ و بەهەڵە ئاڕاستەکراوەکان کە وایان دەزانی دەتوانن ئەو ڕاستییە بە زۆری بسەپێنن بەسەر ڕەگەزێکی بەربەری کە تەنها لەلایەن هەڵبژێردراوەکانەوە دەتوانرێت تێبگەیەنرێت بەدرێژایی ئەو ڕێگایەی پێشکەوتوون تیایدا.

هەروەها ڕۆحی چەوساندنەوە هێشتاش نەمردووە لە خاکەکەدا، هەندێک فێرکاری دیاریکراوی هەرمێتیک هەیەم کەوا، ئەگەر بەگشتی بڵاوبکرێنەوە، ئەوا هاوارێکی گەورەی ڕیسواکردن و خراپ بەکارهێنان دێنێتە سەر مامۆستاکان لەلایەن خەڵکەوە، کە دووبارە هاواری "لەخاچدان! لەخاچدان" بەرزدەکاتەوە.

لەم کارە بچووکەدا ئێمە هەوڵمان داوە کەوا بیرۆکەیەکتان پێبدەین لە فێرکارییە بنچینەییەکانی کەبالیەن، خوازیارین بنەما کارپێکراوەکانتان پێبدەین، جێتانبێڵین تا خۆتان بەکاریان بهێنن لەجیاتی هەوڵدانی شیکردنەوەی فیرکارییەکان بە وردی. ئەگەر تۆ قوتابییەکی ڕاستەقینە بیت، ئەوا دەتوانیت ئەم بنەمایانە شیبکەیتەوە و بەکاریان بهێنیت – گەر نا، ئەوا دەبێت خۆت بکەیت بە قوتابییەک، ئەگینا فێرکارییەکانی هەرمێتیک تەنها وەکو "وشە، وشە، وشە" دەبن بۆت.

# کـــــــەباڵــیەن

بەشـــــی ١.

# فەلسەفەی هەرمێتیک.

---

*"لێوەکانی ژیری داخراون، تەنها بۆ گوێکانی تێگەیشتن نەبێت." — کەباڵیەن.*

لە میسری کۆنەوە فێرکارییە بنچینەییە تایبەتییەکان و نهێنییەکان هاتوون کە زۆر بە بەهێزی کاریگەریان کردۆتە سەر فەیلەسوفان، نەتەوەکان، و خەڵکانی هەموو سەردەمێک، بۆ چەند هەزار ساڵێک. میسر، ماڵی هەڕەمەکان و سفینکس، شوێنی لەدایکبوونی ژیری شاراوە و فێرکارییە نادیارەکانە. لە باوەڕگە نهێنییەکەیەوە هەموو نەتەوەکان قەرزیان کردووە، هیندستان، فارس، کالْدیا، میدیا، چین، یابان، ئەسیریا، ڕۆم و یۆنانی کۆن، وە وڵاتە کۆنەکانی تریش ئازادانە بەشداریان کردووە لە میوانداری ئەو زانیاریەی کەوا هایرەفانت و مامۆستاکانی خاکی ئایزس هێندە بە خۆڕایی دابینیکردبوو بۆ ئەوانەی کە هاتبوون ئامادەبن بۆ بەشداریکردن لە کۆگای مەزنی نەریتی ئەدەبی و ڕۆشنبیری نهێنیزانی و نادیار کە بلیمەتەکانی خاکی کۆن بەیەکەوە کۆیان کردۆتەوە.

لە میسری کۆن شارەزا و مامۆستا مەزنەکان دەژیان کە هەرگیز سەرکەوتن بەسەریاندا نەکراوە، و بەدەگمەنیش یەکسانی لەگەڵیاندا کراوە، لەماوەی ئەو سەدانەی کە گەشتی نمایشی دینییان گرتبوو هەر لە ڕۆژانی هەرمیزی مەزنەوە. لە

میسر لۆجی مەزنی لۆجەکانی نهێنییەکان هەبوو. لە دەرگاکانی مەزارەکانیدا نیەفانتەکان هاتنە ژوورەوە و دواتریش، وەک هایرەفانتەکان، شارەزاکان، و مامۆستاکان، گەشتیان کرد بۆ هەر چوار سووچی زەوی، لەگەڵ خۆشیاندا زانستە بەنرخەکەیان هەڵگرتبوو کە ئامادبوون، بەخەم بوون، و دەیانویست بیگەیەنن بە ئەوانەی ئامادەبوون هەمان شت وەربگرن. هەموو قوتابییانی نهێنیزانی ئەو قەرزە دەناسنەوە کە بۆ ئەم مامۆستا ڕێزدارانەی خاکی کۆن هەیانە.

بەڵام لەناو ئەم مامۆستایانەی میسری کۆن ڕۆژانێک کەسێکی لێ دەژیا کە مامۆستاکان وەکو "مامۆستای مامۆستاکان" سەیریان دەکرد. ئەم مرۆڤە، گەر بە دڵنیایەوە "مرۆڤیش" بوو بێت، لە میسر دەژیا لە سەرەتاترین ڕۆژەکاندا. ئەو ناسرابوو بە هەرمیز ترایسمەجیستەس. ئەو باوکی ژیری نهێنیزانی بوو؛ بنیاتنەری ئەستێرەناسی؛ دۆزەرەوەی ئالکێمی. وردەکارییەکانی چیرۆکی ژیانی لەناوچوون بۆ مێژوو، بەهۆی هەڵەکانی ساڵەکانەوە، هەرچەندە چەند وڵاتێکی کۆن بەیەکەوە گفتوگۆیان کرد لە بانگەشەکەیان بۆ بەرز ڕاگرتنی دابینکردنی شوێنی لەدایکبوونی — وە ئەمە هەزاران ساڵیش لەمەوبەر. بەرواری نیشتەجێبوونی لە میسر، لەم کۆتا بەرجەستەبوونەی لەسەر ئەم هەسارەیە، نەزانراوە، بەڵام لە سەرەتاترین ڕۆژانی کۆنترین خێزانەکانی خاوەن دەسەڵات چەسپێنراوە لە میسر — زۆر پێش ڕۆژانی موسا. باشترین دەسەڵاتداران بە هاودەمی ئیبراهیم دایدەنێن، وە هەندێک لە نەریتەکانی یەهودی ئەوەندە دوور دەڕۆن کەوا دەڵێن ئیبراهیم بەشێک لە زانستی نهێنی خۆی لە هەرمیزەوە دەستکەوتووە.

هەر کە ساڵەکان تێپەڕین دوای تێپەڕینی لەم ڕووتەختەی ژیان (نەریتەکان تۆمارییان کردووە کەوا سێ سەد ساڵ لە جەستەدا ژیا)، میسرییەکان هەرمیزیان دەپەرست، و کردیان بە یەکێک لە خواکانیان، لەژێر ناوی ثۆث. ساڵانێک دواتر، خەڵکی یۆنانی کۆن بەهەمان شێوە کردیان بە یەکێک لە خوا زۆرەکان خۆیان — بانگیان دەکرد بە "هەرمیز، خوای ژیری." میسرییەکان بۆ چەندین سەدە ڕیزیان لە یادەوەری دەگرت — بەڵێ، دەیان سەدە — بانگیان دەکرد بە "دەستنووسی خواکان،" وە

بەشێوەیەکی دیار پێیانبەخشی، نازناوی کۆنی، "ترایسمەجیستەس،" کە واتە "سێجار مەزنەکە"؛ "مەزنە مەزنەکە"؛ "مەزنترین مەزن"؛ هتد. لە هەموو خاکە کۆنەکاندا، ناوی هەرمیز ترایسمەجیستەس ڕێزی لێدەگیرا، ناوەکەی هاو واتا بوو لەگەڵ "سەرچاوەی ژیری".

هەتاوەکو ئەمڕۆش، زاراوەی "هەرمێتیک" بەکاردەهێنین بە واتای "نهێنی"؛ "داخراو کە هیچ شتێک نەتوانێت لێی دەرباز بێت"؛ هتد.، وە بە هۆکاری ئەم ڕاستییەشە کە شوێنکەوتەکانی هەرمیز هەمیشە چاودێری بنەمای نهێنییان کردووە لە فێرکارییەکانیدا. بڕوایان بە "فڕێدانی مرواری لەپێش بەراز" نەبوو، بەڵکو پەیوەست بوون بە فێرکاری "شیر بۆ منداڵەکان؛ گۆشت بۆ پیاوە بەهێزەکان،" هەردوو ڕاستییە گشتییەکانیش زانراون بۆ خوێنەرانی پەرتووکە پیرۆزەکانی مەسیحی، بەڵام هەردووکیان بەکارهێنراون لەلایەن میسریەکانەوە بۆ چەندین سەدە پێش سەردەمی مەسیح.

وە ئەم سیاسەتە لە وریا پەرتکردنەوەی ڕاستی هەمیشە ڕەخنەی گرتووە لە هەرمێتیکەکان، هەتاوەکو ڕۆژی ئەمڕۆش. فێرکارییەکانی هەرمێتیک لە هەموو خاکەکان دەدۆزرێنەوە، لەناو هەموو ئایینەکاندا، بەڵام هەرگیز لەگەڵ هیچ وڵاتێکی دیاریکراودا نەناسێنراون، نە لەگەڵ هیچ ڕێبازێکی ئایینی دیاریکراودا. ئەمە لەبەر ئاگادارکردنەوەی مامۆستا کۆنەکان دژی ڕێگەدان بەوەی کەوا باوەڕگە نهێنییەکە بکرێت بە ڕێبازێک. ژیری ئەم ئاگادارییە دیارە بۆ هەموو قوتابییانی مێژوو. نهێنیزانی کۆنی هیندستان و فارس لێکهەڵوەشا، و بەشێوەیەکی بەرفراوان لەناوچوو، بۆیە ئایینزانی تێکەڵبوو لەگەڵ فەلسەفە، دەرەنجامەکەش ئەوەبوو کەوا نهێنیزانی هیندستان و فارس وردە وردە لەناوچوو لەناو ئەفسانە زۆرەکانی ئایینی، پەرستن، ڕێباز، و "خواکان". بۆیە ئەوەی مایەوە کەوتە سەر یۆنان و ڕۆمای کۆن. کەوتە سەر فێرکارییەکانی نۆستیەکان و مەسیحییە سەرەتاییەکان، کە ئەمانیش ونبوون لە سەردەمی کۆنستەنتین، ئەو دەستە ئاسنینەکەی فەلسەفەی دامرکاندەوە بە پێخەفی

ئایینزانی، کرۆک و ڕۆحی تەواوی کڵێسەی مەسیحی لەناوبرد، و بووە هۆی پەلەقاژێ بە چەندین سەدەدا پێش ئەوەی ڕێگاکەی بدۆزێتەوە بۆ باوەڕە کۆنەکەی خۆی، نیشانەکانی ئاشکران بۆ هەموو چاودێرە وریاکان لەم سەدەی بیستەمەدا کە کڵێسە ئێستا کێشەی گەڕانەوە بۆ فێرکارییە نهێنییە کۆنەکانی خۆی هەیە.

بەڵام هەمیشە چەند گیانێکی باوەڕدار هەبوون کە بڵێسەکەیان بەزیندووی دەهێشتەوە، بە وریاییەوە ئاگاداری دەبوون، و ڕێگەیان نەدەدا تا ڕووناکییەکەی بکوژێتەوە. سوپاس بۆ ئەم دڵە بەهێزانە، بیرە چاو نەترسانە، هێشتاش ڕاستییەکەمان لەگەڵدا ماوە. بەڵام لە کتێبەکاندا نادۆزرێتەوە، بە هەر مەودایەکی فراوان. لە مامۆستاوە بۆ قوتابی گوازراوەتەوە؛ لە دەستپێکەوە بۆ هایرەفانت؛ لە لێوەوە بۆ گوێ. کاتێ بەهەر شێوەیەکیش دەنووسرا، مەبەستەکانی دادەپۆشرا لە زاراوەکانی ئالکێمی و ئەستێرناسیدا، تاوەکو تەنها ئەوانەی کلیلەکەیان لەژێر دەستە بەڕاستی بیخوێننەوە. ئەمە پێویستبوو بۆ ڕزگاربوون لە چاوساندنەوەی ئایینزانەکانی سەدەکانی ناوەڕاست، کە دژی باوەڕگە نهێنییەکە دەژیان بە ئاگر و شمشێر؛ شیش؛ سێدارە و خاچ. تەنانەت تا ئەمڕۆش تەنها چەند کتێبێکی کەمی باوەڕپێکراو لەسەر فەلسەفەی هەرمێتیک دۆزراوەتەوە، هەرچەندە ئاماژەی بێشوومار هەیە بۆیان لەکتێبی زۆر کە لەسەر ڕەگەزی جۆراوجۆری نهێنیزانی نووسراون. بەڵام هێشتاش، فەلسەفەی هەرمێتیک تاکە کلیلی مامۆستاییە کە هەموو دەرگاکان دەکاتەوە بۆ فێرکارییەکانی نهێنیزانی!

لە ڕۆژانی سەرەتادا، کۆکردنەوەیەک هەبوو لەسەر باوەڕگەی بنەڕەتی هەرمێتیک، لە مامۆستاوە بۆ قوتابی گوازرایەوە، بە "کەباڵیەن" ناسرابوو، واتای دەقیقی زاراوەکە بۆ چەندین سەدە لەناوچووە. هەرچەندە، ئەم فێرکارییانە، بۆ زۆرێک لەوانەی پێیان گەیشتووە زانراو بووە، لە دەمەوە بۆ گوێ، بەردەوام و بەردەوام بە سەدەکاندا. فرمانەکانی هەرگیز نەنووسراونەتەوە، یان چاپکرابن، تا ئێستا بمانزانیبێت. ئەمە تەنها کۆکراوەیەکی ڕاستی گشتی، وتەی بەڵگە نەویستراو، و فرمانەکان بوو، کە بۆ دەرەکییەکان تێنەگەیشتراو بوون، بەڵام ئامادەباشانە لەلایەن قوتابییانەوە تێگەیشتراو

بوون، دوای ئەوەی کە وتەکان، ڕاستییە گشتییەکان، و فرمانەکان ڕوونکرانەوە و نموونەیان بۆ هێنرایەوە لەلایەن دەستپێکەکانی هەرمێتیکەوە بۆ نیەفانتەکانیان. ئەم فێرکارییانە بنەما بنەڕەتییەکانی "هونەری ئالکێمی هەرمێتیکیان" دامەزراندووە، کە دژی باوەڕی گشتی، گرنگی دەدا بە مامۆستا کردنی هێزە بیریەکان، وەکو لە هێزە ماددەیەکان – گۆڕینی جۆرێک لە لەرینەوەی بیری بۆ ئەوانی تر، لەجیاتی گۆڕینی جۆرێک لە کانزا بۆ جۆرەکانی تر. ئەفسانەکانی "بەردی فەیلەسوفەکە" کە کانزای بنک دەگۆڕن بۆ زێڕ، چیرۆکێکی پەیوەندیدار بوو بە فەلسەفەی هەرمێتیکەوە، کە ئامادەباشانە لەلایەن هەموو قوتابییانی هەرمێتیسیزمی ڕاستەقینە تێگەشتراوە.

لەم کتێبە بچووکەدا، کە یەکەم وانەیە، بانگێشتی قوتابییانمان دەکەین بۆ پشکنینی فێرکارییەکانی هەرمێتیک، هەروەکو لە کەبالیەندا خراونە بەردەست، و هەروەکو لەلایەن خۆمانەوە ڕوونکراونەتەوە، قوتابیانی بێ فیزی فێرکارییەکان، کە، لەکاتێکدا ناونیشانی دەستپێک هەڵدەگرن، هێشتاش نەزانن لەژێر پێکانی هەرمیز، مامۆستاکە. ئێمە لێرەوە زۆرێک لە ڕاستییە گشتییەکان، وتەکان، و فرمانەکانی کەبالیەنتان پێشکەش دەکەین لەگەڵ ڕوونکردنەوە و شیکردنەوەکان کە پێمان وایە فێرکارییەکان ئاسانتر بکەن بۆ تێگەیشتن لەلاین قوتابییەکانی سەردەمی تازەوە، بەتایبەتی کاتێ تێکستە بنەڕەتییەکە بە مەبەست داپۆشراوە لە زاراوەی لێڵدا.

ڕاستییە گشتییەکان، وتەکان، و فرمانە بنەڕەتییەکانی "کەبالیەن" لێرەوە چاپکراون، و بایەخی گونجاویان پێدراوە. کارەکامان بەڕێگای ئاسایی چاپ کراوە. بڕوامان وایە ئەو قوتابییە زۆرانەی کە ئێستا ئەم کارە بچووکەیان پێشکەش دەکەین ئەوەندەیان سوود دەستبکەوێت لە خوێندنی پەڕەکانی هەروەکو خەڵکانی ڕۆیشتوو سوودیان لێبینیوە پیشووتر، کە پێیان بەسەر هەمان ڕێگای مامۆستاییدا ناوە بۆ چەندین سەدەی تێپەڕبوو هەر لەکاتی هەرمیز ترایسمەجیستەسەوە – مامۆستای مامۆستاکان – مەزنە مەزنەکە. هەروەکو "کەبالیەن" دەڵێت:

*"لەکوێ شوێنپێکانی مامۆستاکە بکەوێت، گوێکانی ئەوانەی ئامادەن بۆ فێرکارییەکانی فراوان کراوەن." — کەباڵیەن.*

*"کاتێ گوێکانی قوتابییەکە ئامادەن بۆ تێگەیشتن، ئینجا لێوەکە دێت بۆ پڕکردنیان بە ژیری." — کەباڵیەن.*

بۆیە بەپێی فێرکارییەکان، گواستنەوەی ئەم کتێبە بۆ ئەوانەی ئامادەن بۆ ڕێنماییەکانی سەرنجی ئەوانەش ڕادەکێشن کە بەهەمان شێوە ئامادەن بۆ وەرگرتنی فێرکارییەکە. وە بەهەمان شێوەش، کاتێ فێرخوازەکە ئامادەیە بۆ وەرگرتنی ڕاستییەکە، ئینجا ئەم کتێبە بچووکە دێت بۆ لای. ئەمە یاسایە. بنەمای هۆ و ئەنجامی هەرمێتیک، لە ژێر یاسای کێشکردن، لێوەکان و گوێکان بەیەک دەگەیەنێت — فێرخواز و کتێب بەیەکەوە. کەوایە با وابێت!

## بەشـــــی ٢.

# حەوت بنەماکانی هەرمێتیک.

---

*"بنەماکانی ڕاستی حەوتن؛ ئەوەی ئەمانە بزانێت، تێگەیشتووانە، کلیلی جادوویی هەڵگرتووە پێش دەست لێدان لە هەموو دەرگایەکانی مەزارەکە بۆ کردنەوەی ڕاستەوخۆ." – کەباڵیەن.*

حەوت بنەماکانی هەرمێتیک، کە تەواوی فەلسەفەی هەرمێتیکی لەسەر بنیات نراوە، ئەمانەن:

I. بنەمای بیرزانی.
II. بنەمای هاگونجان.
III. بنەمای لەرینەوە.
IV. بنەمای جەمسەرداری.
V. بنەمای ڕیتم.
VI. بنەمای هۆ و ئەنجام.
VII. بنەمای ڕیگەز.

ئەم حەوت بنەمایانە باس دەکرێن و ڕووندەکرێنەوە لەگەڵ بەردەوام بوونمان لە لەگەڵ فێرکارییەکاندا. ڕوونکردنەوەیەکی کورتی هەریەکەیان، هەرچۆنێک بێت، لەم خاڵەوە دەدرێت.

# ا. بنەمای بیرزانی.

*"هەمووەکە بیرە، گەردوون بیرییە." — کەباڵیەن.*

ئەم بنەمایە ئەو ڕاستییە لەخۆدەگرێت کەوا "هەمووەکە بیرە." ڕوونی دەکاتەوە کەوا هەمووەکە (کە ئەو ڕاستەقینە هەستپێکراوەیە بنچینەی هەموو دەرکەوتنە دەرەکییەکانە کە دەیزانین لەژێر زاراوەی "گەردوونی ماددی"؛ "دیاردەی ژیان"؛ "مادده"؛ "وزە" ؛ وە، بە کورتی، هەموو شتێک کە دەردەکەوێت بۆ هەستە ماددییەکانمان) ڕۆحە، کە خۆی لەخۆیدا نەزانراو و پێناسەنەکراوە، بەڵام دەتوانرێت بیری لێبکرێتەوە و بە بیرێکی زیندووی، ناکۆتای، گەردوونی دابنرێت. هەروەها ڕوونیشی دەکاتەوە کە تەواوی جیهانی مەزن یاخود گەردوون تەنها دروستکراوێکی بیری هەمووەکەیە، کەوتۆتە بەر یاساکانی شتە دروستکراوەکان، و کەوا گەردوون، هەمووی بەیەکەوە، وە لەناو بەشەکان و یەکەکانیدا، بوونی خۆی هەیە لە بیری هەمووەکەدا، لەو بیرەی "ئێمە تیایدا دەژین و دەجووڵێین و بوونی خۆمان هەیە تیادا." ئەم بنەمایە، بە دامەزراندنی سروشتی بیری گەردوون، زۆر بەئاسانی هەموو دیاردە بیری و دەروونییەکان ڕوون دەکاتەوە کە بەشێکی زۆری سەرنجی گشتی داگیر دەکەن، وە، بەبێ ئەم ڕوون کردنەوەیە، تێنەگەیشتراون و دژی چارەسەری زانستین. تێگەیشتن لەم بنەما مەزنەی هەرمێتیکی بیریزانی ڕێگە بە تاکەکە دەدات ئامادەباشانە یاساکانی گەردوونی بیری تێبگات، و بەکاریبهێنێت بۆ باشی بوونی خۆی و پێشکەوتنی. قوتابییەکەی هەرمیتیک دەتوانێت زیرەکانە یاسا مەزنەکانی بیری بەکاربهێنێت، لەجیاتی بەکارهێنانیان بە ڕەوتێکی کوێرانە. بە هەبوونی کلیلی مامۆستایی لە دەستیدا، قوتابییەکە دەتوانێت دەرگا زۆرەکانی زانستی بیری و دەروونی بکاتەوە، و بچێتە ناویان

ئازادانە و زیرەکانە. ئەم بنەمایە سروشتی ڕاستەقینەی "وزە،" "هێز،" و "مادده" ڕوون دەکاتەوە، وە بۆچی و چۆن ئەمانە هەموو ملکەچی مامۆستایەتی بیر بوون. یەکێک لە مامۆستا کۆنەکانی هەرمێتیک نووسیویەتی، سەردەمانێکی زۆر لەمەوبەر، "ئەوەی ڕاستی سروشتی بیری گەردوون تێدەگات زۆر پێش کەوتووە لەسەر ڕێگای مامۆستایەتی." ئەم وشانە هەتا ئەمڕۆش وەکو ئەو ڕابردووەی تیایدا نووسراون ڕاستن. بەبێ ئەم کلیلی مامۆستایەتییە، بوون بە مامۆستا مەحاڵە، و قوتابییەکە بێ ئەنجام دەبێت لەبەردەم دەرگا زۆرەکانی باوەڕگەکە.

# II. بنەمای هاوگونجان

*"لەسەرەوە چۆن بێت، لە خوارەوەش ئاوایە؛ لەخوارەوە چۆن بێت، لە سەرەوەش ئاوایە."*

*— کەبالیەن.*

ئەم بنەمایە ئەو ڕاستییە دەگرێتەخۆ کەوا هەمیشە هاوگونجانێک هەیە لەنێوان یاساکان و دیاردەکانی ڕووتەختە جۆراوجۆرەکانی بوون و گونجان. وتە کۆنەکەی هەرمێتیک لەم وشانە پێکهاتووە؛ "لەسەرەوە چۆن بێت، لە خوارەوەش ئاوایە؛ لەخوارەوە چۆن بێت، لە سەرەوەش ئاوایە." تێگەیشتن لەم بنەمایە ڕێگای چارەسەرکردنی زۆر دەبەخشێت بۆ زۆرێک لە پاڕادۆکسە تاریکەکان، و نهێنییە شاراوەکانی سروشت. ڕووتەخت هەیە لەسەروو ئەوانەی ئێمە دەیزانین، بەڵام کاتێ بنەمای هاوگونجان بەکاردەهێنین بۆیان دەتوانین لەزۆرێک لەوانە بگەین کە گەرنا نەزانراو دەبن بۆمان. ئەم بنەمایە گەردوونیانە بەکاردەهێنرێت و دەردەکەوێت، لە ڕووتەختە جۆراوجۆرەکانی گەردوونی ماددی، بیری، و ڕۆحی. — ئەمە یاسایەکی گەردوونییە. هەرمێتیستە کۆنەکان ئەم بنەمایەیان بەیەکێک لە گرنگترینەکان ئامێرەکان دادەنا مرۆڤ بتوانێت لەڕێگایەوە ئەو بەربەستانە بخاتە لاوە کە لە ڕوانگەوە نەزانراون. بەکارهێنانەکەی تەنانەت تارای ئایزسی دڕاند تا بتوانرێت سەرنجێک لە بەشێکی ڕووی ئەم خواوەندە بگیرێت. هەروەکو چۆن زانستی بنەماکانی ئەندازەزانی ڕێگە بە

مرۆڤ دەدات دووری خۆرەکان و جووڵەکانیان بپێوێت، لەکاتێکدا لە ڕوانگەکەیەوە دانیشتووە، بەهەمان شێوەش زانستی ئەم بنەمایە ڕێگە بە مرۆڤ دەدات زیرەکانە مامەڵە لەگەڵ زانراو بکات بۆ نەزانراو. بە خوێندنی تەنۆلکە، لە فریشتە گەورەکە تێدەگات.

# III. بنەمای لەرینەوە.

*"هیچ شتێک ناوەستێت؛ هەموو شتێک دەجووڵێت؛ هەموو شتێک دەلەرێتەوە." — کەباڵیەن.*

ئەم بنەمایە ئەو ڕاستییە بەرجەستە دەکات کەوا "هەموو شتێک لە جووڵەدایە"؛ "هەموو شتێک دەلەرێتەوە"؛ "هیچ شتێک ناوەستێت"؛ ئەو ڕاستییانەی کەوا زانستی سەردەم دەریاندەکات، و کەوا هەموو دۆزینەوەیەکی تازەی زانستی پشت ڕاستی دەکاتەوە. بەڵام هێشتاش ئەم بنەمایەی هەرمێتیک هەزاران ساڵ لەمەوبەر بە ئاشکرا خراوەتە ڕوو، لەلایەن مامۆستایانی میسری کۆن. ئەم بنەمایە ئەوە ڕوون دەکاتەوە کەوا جیاوازی لەنێوان دەرکەوتنە جیاوازەکانی مادده، وزە، بیر، وە تەنانەت ڕۆح، بەتەواوی دەرەنجامی ڕێژەی جۆراوجۆری لەرینەوەیە. لە هەمووەکەوە، کە ڕۆحی پوختە، بۆ گەورەترین شێوەی مادده، هەمووی دەلەرێتەوە — هەتا لەرینەوەی بەرزتر بێت، شوێنی لە پێوەرەکەدا بەرزتر دەبێت. لەرینەوەی ڕۆح لە ڕێژەیەکی توندی هێندە ناکۆتادایە کە بەکرداری وەستاوە — هەروەکو چۆن تایەکی خێرا جووڵاو بێ جووڵە دەردەکەوێت. وە لە کۆتاییەکەی تری پێوەرەکەدا، شێوازی گەورەی مادده هەیە کە لەرینەوەی هێندە نزمە وەکو ئەوەی وەستاو بێت. لەنێوان ئەم جەمسەرانەدا، ملیۆنان لەسەر ملیۆنان پلەی جیاوازی لەرینەوە هەیە. لە تەنۆلکە و ئەلیکترۆنەوە، گەرد و گەردیلەوە، بۆ جیهان و گەردوونەکان، هەموو شتێک لە جووڵەیەکی لەراوەدایە. ئەمە بەهەمان شێوە لە ڕووتەختەکانی هێز و وزەدا ڕاستە (کە تەنها شێوەی جیاوازی لەرینەوەن)؛ وە هەروەها لە ڕووتەختەکانی بیریشدا (کە بارەکانی پشت دەبەستن بە لەرینەوە)؛ وە تەنانەت لە

ڕووتەختەکانی ڕۆحیش. تێگەیشتن لەم بنەمایە، بە شێوازە شیاوەکانەوە، ڕێگە بە قوتابیانی هەرمێتیک دەدات کۆنترۆڵی لەرینەوەی بیری خۆیان بکەن بەهەمان شێوەی ئەوانی تر. مامۆستاکان بەهەمان شێوە ئەم بنەمایە بۆ داگیرکردنی دیاردەی سروشتی بەکاردەهێنن، بە ڕێگای جۆراوجۆر. یەکێک لە نووسەرە کۆنەکان دەڵێت، "ئەوەی کە لە بنەمای لەرینەوە تێبگات، قامچی دەسەڵاتی بەدەستەوە گرتووە."

# IV. بنەمای جەمسەرگری

*"هەموو شتێک دووانییە؛ هەموو شتێک جەمسەری هەیە؛ هەموو شتێک جووتی دژیەکی خۆی هەیە؛ لێکچوو و لێکنەچوو وەکو یەکن؛ دژیەکەکان هاوشێوەن لە سروشتیدا، بەڵام جیاوازن لە پلەدا؛ کۆتاییەکان بەیەک دەگەن؛ هەموو ڕاستییەکان نیوە ڕاستین؛ هەموو پاڕادۆکسەکان دەتوانرێت چارەسەر بکرێن." — کەباڵیەن.*

ئەم بنەمایە ئەو ڕاستییە بەرجەستە دەکات کەوا "هەموو شتێک دووانییە"؛ "هەموو شتێک دوو جەمسەری هەیە"؛ "هەموو شتێک جووتی دژیەکی خۆی هەیە،" هەموویان کە وتەی کۆنی هەرمێتیکن. پاڕادۆکسە کۆنەکان ڕوون دەکاتەوە، کە سەری زۆرێکی تێکداوە، وەکو ئەمانە: "پێشنیار و دژە پێشنیار هاوشێوەن لە سروشتدا، بەڵام جیاوازن لە پلەدا"؛ "دژیەکەکان وەکویەکن، تەنها لە پلەدا جیاوازن"؛ جووتەکانی دژیەکەکان دەتوانرێت بەیەکەوە بگونجێنرێن"؛ "کۆتاییەکان بەیەک دەگەن"؛ "هەموو شتێک وایە و وانییە، لەهەمان کاتدا"؛ "دوو لایەن بۆ هەموو شتێک هەیە،" هتد.، هتد.، هتد. ڕوونی دەکاتەوە کەوا لە هەموو شتێکدا دوو جەمسەر هەیە، یان ڕووخساری دژیەک، وە کەوا "دژیەکەکان" لەڕاستیدا تەنها دوو کۆتایی هەمان شتن، لەگەڵ چەندین پلەی جیاواز لەنێوانیاندا. بۆ نموونە: گەرم و سارد، هەرچەندە "دژیەکن،" بەڵام لەڕاستیدا هەمان شتن، جیاوازیەکەیان تەنها پێکهاتووە لە پلەی جیاوازی هەمان شت. سەیری گەرمیپێوەکەت بکە و ببینە لە کوێ "گەرم" کۆتایی دێت و "سارد" دەستپێدەکات! هیچ شتێکی وەکو "گەرمی ڕەها" یان "ساردی ڕەها" بوونی نییە — دوو زاراوەکانی

"گەرم" و "سارد" تەنها ئاماژە دەکەن بە پلەی جیاوازی هەمان شت، وە ئەو "هەمان شتە" کە وەکو "گەرم" و "سارد" دەردەکەوێت تەنها شێوەیەکە، جۆرێتیەکە، وە ڕێژەیەکی لەرینەوەیە. کەوایە "گەرم" و "سارد" تەنها "دوو جەمسەری" ئەو شتەن کە ناوی دەبەین بە "گەرمی" – وە بەوپێیە ئەو دیاردەیەی لێرەدا هاتووە دەرخستنێکی بنەمای جەمسەرگرییە. هەمان بنەما لە حاڵەتی "ڕووناکی و تاریکی" دەردەکەوێت، کە هەمان شتن، جیاوازیەکەیان تەنها پێکهاتووە لە پلە جیاوازەکانی نێوان دوو جەمسەری دیاردەکە. لەکوێ "تاریکی" کۆتایی دێت و "ڕووناکی" دەستپێدەکات؟ جیاوازی چییە لەنێوان "گەورە و بچووک"؟ لەنێوان "ڕەق و نەرم"؟ لەنێوان "ڕەش و سپی"؟ لەنێوان "زیرەک و گەمژە"؟ لەنێوان "بێدەنگی و ژاوەژاژ"؟ لەنیوان "بەرز و نزم"؟ لەنێوان "ئەرێنی و نەرێنی"؟ بنەمای جەمسەرگری هەموو ئەم پاڕادۆکسانە ڕوون دەکاتەوە، و هیچ بنەمایەکی تر ناتوانێت شوێنی بگرێتەوە.

هەمان بنەما لە ڕووتەختی بیریدا کارایە. با نموونەیەکی بنەڕەتی و کۆتایی بهێنینەوە – وەکو "خۆشەویستی و ڕق،" دوو باری بیری کە بەئاشکرا بەتەواوی جیاوازن. بەڵام هێشتاش پلەی ڕق و خۆشەویستی هەیە، وە خاڵێکی ناوەڕاستی کە تیایدا زاراوەکانی "حەزلێبوون و حەزلێنەبوون" بەکاردەهێنین، کە هێندە بە وردی دەکەونە ناو یەک هەندێ جار نازانین "حەزمان لێیە" یان "حەزمان لێی نییە" یاخود "هیچیان." گەر بۆ ساتێک بیربکەیتەوە دەبینیت، هەموویان تەنها پلەی جیاوازی هەمان شتن. وە، زیاتریش لەمە، (کە بە گرنگترین دانراوە لەلایەن هەرمێتیستەکانەوە)، دەتوانرێت لەرینەوەکانی ڕق بگۆڕدرێت بۆ لەرینەوەکانی خۆشەویستی، لە بیری یەکێکدا، و لەبیری ئەوانی تردا. زۆرێک لە ئێوە، کە ئەم دێڕانەیان خوێندۆتەوە، ئەزموونی تایبەتیتان هەبووە لە گۆڕانی خۆنەویستی خۆشەویستی و ڕق، وە بە پێچەوانەوە، لە حاڵەتی خۆت و ئەوانی تریشدا. وە تۆش لەمەوە ئەگەری ئەنجامدانی ئەمەت بۆ دەردەکەوێت بە بەکارهێنانی خواست، بەڕێگای شێوازەکانی هەرمێتیک. "باش و خراپ" تەنها دوو جەمسەری هەمان شتن، وە هەرمێتیستەکان هونەری گۆڕینی خراپ بۆ باش دەزانن، بەڕێگای بەکارهێنانی بنەمای جەمسەرگری. بە کورتی، "هونەری جەمسەرگری" دەبێتە قۆناغێک لە "ئالکێمی بیری"

کە لەلایەن مامۆستایانی هەرمێتیستی کۆن و تازەوە زانراوە و ڕاهێنانی لەسەر دەکرێت. تێگەیشتن لەم بنەمایە ڕێگە بە یەکێک دەدات جەمسەری خۆی بگۆڕێت، بەهەمان شێوە ئەوانی تریش، گەر بێتوو کات تەرخان بکات بۆ خوێندنی پێویست بۆ مامۆستا کردنی ئەم هونەرە.

# ٧. بنەمای ڕیتم.

*"هەموو شتێک دەڕوات، دەرەوە و ناوەوە؛ هەموو شتێک هەڵکشان و داکشانی خۆی هەیە؛ هەموو شتەکان بەرزدەبنەوە و نزمدەبنەوە؛ جووڵەی پەندۆڵی لەهەموو شتێکدا دەردەکەوێت؛ هەژماری جووڵەی ڕاست یەکسانە بە هەژماری جووڵەی چەپ؛ ڕیتم دەژمێردرێت." — کەباڵیەن.*

ئەم بنەمایە ئەو ڕاستییە دەگرێتەخۆ کەوا لە هەموو شتێکدا جووڵەیەکی هەژمارکراو دەردەکەوێت، ڕۆیشتن و گەڕانەوە؛ هەڵکشان و داکشان؛ جۆلانەی پێشەوە و دواوە؛ جووڵەیەکی پەندۆڵی؛ هەڵکشان و داکشانێکی وەکو لافاو؛ هەڵکشانێکی بەرز و داکشانێکی نزم؛ لەنێوان ئەو دوو جەمسەرەی بە هاوگونجاوی لەگەڵ بنەمای جەمسەرگریدا هەیە کە ساتێک پێش ئێستا ڕوونکراوەیەوە. هەمیشە کارێک و کاردانەوەیەک هەیە؛ بەرەو پێش چوونێک و کشانەوەیەک؛ بەرزبوونەوەیەک و نقومبوونێک. ئەمە لە کاروبارەکانی گەردوونە، خۆرەکانە، جیهانەکانە، مرۆڤەکانە، ئاژەڵەکانە، بیرە، وزەیە، وە ماددەیە. ئەم یاسایە لە دروستبوون و لەناوچوونی جیهانەکانەوە دەردەکەوێت؛ لە بەرزبوونەوە و کەوتنی نەتەوەکان؛ لە ژیانی هەموو شتەکاندا؛ وە لەکۆتاییدا لە بارە بیرییەکانی مرۆڤ (وە ئەمە لەبەر ئەوەیە کە دواتر هەرمێتیستەکان تێگەیشتن لەم بنەمایە بە گرنگترین دادەنێن).
هەرمێتیستەکان لەم بنەمایە گەیشتوون، بەکارهێنانی گەردوونیان دۆزیوەتەوە، و بەهەمان شێوە ڕێگای دیاریکراویان دۆزیەوەتەوە تا بەسەر کاریگەریەکانیدا زاڵ ببن لە خۆیاندا بە بەکارهێنانی شێواز و ڕێگا شیاوەکان. ئەوان یاسای بیری هاوکێشبوون

بەکاردەهێنن. ناتوانن ئەم بنەمایە بسڕنەوە، یاخود وابکەن لە کارکردن بوەستێت، بەڵکو فێربوون لە کاریگەریەکانی دەرباز بن بەسەر خۆیاندا بە پلەیەکی دیاریکراو بەپێی مامۆستاکردنی بنەماکە. فێربوون چۆن بەکاریبهێنن، لەجیاتی ئەوەی بەکاربهێنرێن پێی. لەمە و ڕێگای هاوشێوەی ئەمەوە، هونەری هەرمێتیستەکان هەیە. مامۆستای هەرمێتیکەکان خۆی جەمسەرگر دەکات لەو خاڵەی حەز دەکات تیادا بێت، وە دواتر جۆلانەی ڕیتمی هاوکێش دەکات لە پەندۆلەکە کە هەڵیدەگرێت بۆ جەمسەرێکی تر. هەموو تاکەکان کە هەر پلەیەکی مامۆستایی خودیان بەدەست هێنابێت ئەمە دەکەن بە پلەیەکی دیاریکراو، زیاتر یاخود کەمتر بێ ئاگاییانە، بەڵام مامۆستاکە ئاگاییانە ئەمە دەکات، بە بەکارهێنانی خواستی خۆی، وە بە بەدەستهێنانی پلەی هاوسەنگی و ڕاگرتنی بیری کە بە بڕوا پێکردنی مەحاڵە بۆ ئەو کۆمەڵانەی وەکو پەندۆلێک بەرەوە پێشەوە و دواوە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت. ئەم بنەمایە و بنەمای جەمسەرگری زۆر بە وردی لەلایەن هەرمێتیستانەوە دەخوێنرێن؛ لەگەڵ ڕێگاکانی دژکارکردن، هاوکێشکردن، و بەکارهێنانیان بەشێکی گرنگی ئالکێمی بیری هەرمێتیک پێکدەهێنن.

# VI. بنەمای هۆ و ئەنجام

*" هەموو هۆیەک ئەنجامی خۆی هەیە؛ هەموو ئەنجامێک هۆیەکی خۆی هەیە؛ هەموو شتێک بەپێی یاسا ڕوودەدات؛ بەخت تەنها ناوێکە بۆ ئەو یاسایەی نەزانراوە؛ ڕووتەختی زۆری هۆکار هەیە، بەڵام هیچ شتێک لە یاسا دەربازی نابێت." — کەباڵیەن.*

ئەم بنەمایە ئەو ڕاستییە دەگرێتەخۆ کەوا هۆکارێک بۆ هەموو ئەنجامێک هەیە؛ ئەنجامێک بۆ هەموو هۆکارێک. ڕوونی دەکاتەوە کەوا: "هەموو شتێک بەپێی یاسا ڕوودەدات"؛ هیچ شتێک "تەنها ڕوونادات"؛ هیچ شتێکی وەکو بەخت بوونی نییە؛ لەکاتێکدا ڕووتەختی جۆراوجۆری هۆ و ئەنجام هەیە، ڕووتەختە بەرزترەکە نزمترەکە داگیردەکات، هێشتاش هیچ شتێک بەتەواوی بەگشتی لە یاسا دەربازی نابێت.

هەرمێتیستەکان لە هونەر و ڕێگای بەرزبوونەوە بۆ ڕووتەختی ئاسایی هۆ و ئەنجام دەگەن، بە پلەیەکی دیاریکراو، وە بە بیریانە بەرزبوونەوە بۆ ڕووتەختی بەرزتر دەبن بۆ هۆ لەجیاتی ئەنجام. کۆمەڵەکانی خەڵک بەدرێژایی ڕێگا دەڕۆن، ملکەچانە بۆ ژینگە؛ خواست و ویستی ئەوانی تر بەهێزترە لە هی خۆیان؛ بۆماوە؛ پێشنیار؛ وە هۆکاری تری دەرەکی دەیانجووڵێنن وەکو داش لەسەر مێزی یاری ژیان. بەڵام مامۆستاکان، بە بەرزبوونەوە بۆ ڕووتەختی بەرزتر، بارەکانی دەروونیان، کەسایەتیان، جۆرێتیان، تواناکانیان، بەهەمان شێوەش ژینگەی دەوروبەری خۆیان داگیر دەکەن، و دەبن بە جووڵەکەر لەجیاتی داش. ئەوان یارمەتی کردنی یاری ژیان دەدەن، لەجیاتی یاریکردن پێیان و جووڵاندنیان لێرە و لەوێ بە خواستی ئەوانی تر و ژینگە. ئەوان بنەماکە بەکاردەهێنن لەجیاتی بوون بە ئامێرێکی. مامۆستاکان ملکەچی هۆکارن لە ڕووتەختە بەرزترەکاندا، بەڵام یارمەتی بەڕێوەبردنی ڕووتەختی خۆیان دەدەن. لەم دێڕەدا سامانێکی زانستی هەرمێتیک خەستبۆتەوە – با ئەوە بیخوێنێتەوە کە دەتوانێت.

# VII. بنەمای ڕەگەز.

*"ڕەگەز لە هەموو شتێکدا هەیە؛ هەموو شتێک بنەماکانی نێرینە و مێینەی خۆی هەیە؛ ڕەگەز لەهەموو ڕووتەختەکاندا دەردەکەوێت." – کەباڵیەن.*

ئەم بنەمایە ئەو ڕاستییە بەرجەستە دەکات کەوا ڕەگەز لەهەموو شتێکدا دەردەکەوێت – بنەماکانی نێرینە و مێینە هەمیشە لەکارا دان. ئەمە بە تەنها لە ڕووتەختی فیزیاییدا ڕاست نییە، بەڵکو لە ڕووتەختەکانی بیری و تەنانەت لە ڕووتەختەکانی ڕۆحیشدا. لە ڕووتەختی فیزیاییدا، بنەماکە وەکو سێکس دەردەکەوێت، لە ڕووتەختە بەرزترەکاندا شێوەی بەرزتر وەردەگرێت، بەڵام بنەماکە هەمیشە هاوشێوەیە. هیچ دروستکردنێکی فیزیایی، بیری یا ڕۆحی، ناکرێت بەبێ ئەم بنەمایە. تێگەیشتن لە یاساکەی ڕووناکی دەخاتە سەر زۆرێک لەو بابەتانەی بیری مرۆڤی شێواندووە. بنەمای ڕەگەز هەمیشە بە ئاڕاستەی بەرهەمهێنان، بەرهەمهێنانەوە، و

دروستکردن کار دەکات. هەموو شتێک، وە هەموو کەسێک، لە دوو تۆخمەکە یا دوو بنەماکە پێکهاتووە، یاخود ئەم بنەما مەزنەی لەناودا هەیە. هەموو نێرینەیەک توخمی مێینەشی هەیە؛ بەهەمان شێوە هەموو مێینەیەک بنەمای نێرینەشی هەیە. گەر دەتەوێت لە فەلسەفەی دروستکردنی بیری و ڕۆحی، بەرهەمهێنان، بەرهەمهێناوە، تێبگەیت، ئەوا دەبێت لەم بنەمایە بگەیت و بیخوێنیت. چارەسەری زۆرێک لە نهێنییەکانی ژیانی لەخۆگرتووە. ئاگادارتان دەکەینەوە کەوا ئەم بنەمایە هیچ پەیوەندییەکی بە بیردۆز، و فێرکاری، و ڕاهێنانە بێ شەرمە، ڕیسوا، پیسە، کوشندەکانەوە نییە، کە بەناونیشانی نامۆیە فێردەکرێن، وە ئەوانەی کەوا پیسکەری بنەمای سروشتی مەزنی ڕەگەزن. ئەم پیسیانە لە شێوازەکانی فالیسیزمی کۆن زیندوو دەبێتەوە کە بیر، جەستە و ڕۆح، وێران دەکەن، وە فەلسەفەی هەرمێتیک هەمیشە تێبینی ئاگاداری خستۆتەڕوو دژی ئەم فێرکارییە پیسکەرانە کە مرۆڤ بەرەو چڵێسی، بێ ئابڕوویی، وە لادان لە بنەما سروشتییەکان دەبەن. گەر فێرکاری لەم شێوەیەت دەوێت، دەبێت بڕۆیت بۆ شوێنێکی تر بۆیان – هەرمێتیسیزم هیچ شتێکی نییە بۆ تۆ لەم دێڕانەدا. بۆ ئەوەی پاکە، هەموو شتەکان پاکن؛ بۆ ئەوەشی پیسە، هەموو شتەکان پیسن.

## بەشـــــی ٣.

# گۆڕینی بیری.

---

*"بیر (بەهەمان شێوەی کانزاکان و توخمەکان) دەتوانرێت بگۆڕدرێت، لە بارەوە بۆ بار،؛ پلە بۆ پلە؛ حاڵەت بۆ حاڵەت؛ جەمسەر بۆ جەمسەر؛ لەرینەوە بۆ لەرینەوە. گۆڕینی ڕاستەقینەی هەرمێتیک هونەرێکی بیرییە." – کەباڵیەن.*

هەروەکو وتمان، هەرمێتیستەکان یەکەمین ئالکێمیستەکان، ئەستێرەناسەکان، وە دەروونناسەکان بوون، هەرمیزیش دامەزرێنەری ئەم فێرگەی بیرانە بووە. لە ئەستێرەناسییەوە گەردوونناسی ئەمڕۆ گەشەیسەند؛ لە ئالکێمییەوە کیمیای ئەمڕۆ؛ لە دەروونناسی شاراوەوە فێرگەکانی دەروونناسی ئەمڕۆ گەشەیسەند. بەڵام نابێت وادابنرێت کەوا مرۆڤە دێرینەکان نەزان بوون لەوەی کە فێرگەکانی ئەمڕۆ بە پێکهاتەی دیاریکراو و تایبەتی خۆیان دەزانن. ئەو تۆمارانەی لەسەر بەردە کۆنەکانی میسری کۆن هەڵکەنراوە بڕواپێکراوانە ئەو دەخەنەڕوو کەوا مرۆڤە دێرینەکان زانستێکی ئاڵۆزی تەوایان هەبووە لە گەردوونناسی، تەنانەت دروستکردنی هەڕەمەکان پەیوەندی دیزاینەکەیان و خوێندنی زانستی گەردوونناسی نیشان دەدات. نە لە کیمیاشدا نەزان بوون، پارچەکانی نووسینە کۆنەکان نیشانی دەدەن کەوا لەگەڵ پێکهاتەی کیمیایی شتەکاندا ناسراو بوون؛ لە ڕاستیدا، بیردۆزە کۆنەکان بە فیزیاشەوە هێواش هێواش بە دۆزینەوە تازەترینەکانی زانستی ئەمڕۆ دەسەلمێنرێن،

بەتایبەتی ئەوانەی پەیوەندیان بە پێکهاتەی ماددەوە هەیە. هەروەها نابێت واش دەبنرێت کە نەزان بوون لەوەی کە پێی دەوترێت دۆزینەوە تازەکانی دەروونناسی – بە پێچەوانەوە، میسریەکان بەتایبەتی لە زانستی دەروونناسیدا بەتوانا بوون، بەتایبەتی لەو لقانەی کە زانستی ئەمڕۆ پشتگوێیان دەخات، بەڵام کە، لەگەڵ ئەوەشدا، وا دەدۆزرێتەوە لەژێر ناوی "زانستی دەروونی" کە سەری لە دروونناسانی ئەمڕۆ شێواندووە، و وایان لێدەکات دوودڵانە دان بەوەدا بنێن "لەکۆتاییدا لەوانەیە شتێکی تیادا هەبێت."

ڕاستییەکە ئەوەیە، کەوا لەژێر کیمیا، گەردوونناسی، و دەروونناسی ماددی (ئەمە، دەروونناسییە لە قۆناغی "کاری مێشکدا")، مرۆڤە دێرینەکان زانستێکی گەردوونناسی ناجەبریان هەبووە، بەناوی ئەستێرەناسی؛ کیمیای ناجەبری، بەناوی ئالکێمی؛ دەروونناسی ناجەبری، بەناوی دەروونناسی ڕۆحی. ئەوان خاوەنی زانستە ناوەکییەکە بوون بەهەمان شێوەی زانستە دەرەکییەکە، زانا زانستییەکانی ئەمڕۆش تەنها خاوەن زانستە دەرەکییەکەن. لەناو زۆربەی ئەو لقە شاراوانەی لەلایەن هەرمێتیستەکانەوە هەبووە، بریتی بووە لەوەی کە ناسراوە بە گۆڕینی بیری، کە بابەتی ئەم وانەیەی لەخۆگرتووە.

"گۆڕین" زاراوەیەکە بەزۆری بەکاردەهێنرێت بۆ دیاریکردنی هونەری کۆنی گۆڕینی کانزاکان – بەتایبەتی کانزا تفتەکان بۆ زێڕ. وشەی "گۆڕین" واتا "گۆڕین لە سروشتێکەوە، شێوازێکەوە، پێکهاتەیەکەوە، بۆ دانەیەکی تر؛ گۆڕانکاری کردن،" وە بەپێی ئەمە، "گۆڕینی بیری" واتا هونەری گۆڕینی بارەکانی، شێوازەکانی، و حاڵەتەکانی بیری، بۆ هی تر. کەوایە دەبینیت گۆڕینی بیری بریتییە لە "هونەری کیمیای بیری،" گەر حەزت بەم زاراوەیان بێت – شێوازێکی دەروونناسی ڕۆحی کرداری.

بەڵام ئەمە واتای زۆر زیاتر دەبەخشێت وەکو لەوەی لە ڕووەوە دەردەکەوێت. گۆڕین، ئالکێمی، یان کیمیا، لە ڕووتەختی بیریدا زۆر گرنگە لە دەرەنجامەکانیدا،

بەدڵنیایەوە، وە ئەگەر هونەرەکەش لەوێوە وەستابا هێشتاش دەبوو بە یەکێک لە گرنگترین لقەکانی خوێندن بۆ مرۆڤ. بەڵام ئەمە هێشتا سەرەتایە. با ببینین بۆچی!

یەکەمین بنەما لە بنەماکانی هەرمێتیک بریتییە لە بنەمای بیرزانی، ئەو وتەیەی دەڵێت "هەمووەکە بیرە؛ گەردوون بیرییە،" کە واتە ڕاستەقینەی سەرەکی گەردوون بریتییە لە بیر؛ و گەردوون خۆی بیرییە – ئەمە. "بوونە لە بیری هەمووەکەدا." ئەم بنەمایە لە وانەکانی دواتردا باس دەکەین، بەڵام ئێستا با ئەنجامەکانی ئەو بنەمایە ببینین گەر بێتوو ڕاست بێت.

ئەگەر گەردوون بیری بێت لە سروشتیدا، ئەوا گۆڕینی بیری دەبێت بە گۆڕینی حاڵەتەکانی گەردوون، بەدرێژایی هێڵەکانی مادده، هێز و بیر. کەوایە دەبینیت، لەمەوە، گۆڕینی بیری بەڕاستی ئەو "جادووەیە" کە نووسەرە کۆنەکان هێندە باسیان کردووە لە کارە ڕۆحیەکانیاندا، و ئەوەی زانیاری زۆر کەمیان داوە دەربارەی. گەر هەموو شتێک بیر بێت، ئەوا ئەو هونەرەی ڕێگە بە یەکێک دەدات حاڵەتە بیرییەکان بگۆڕێت دەبێت تواناى کۆنترۆڵکەری حاڵەتە ماددییەکان بە مامۆستاکە ببەخشێت بەهەمان شێوەی ئەوانەی بە ئاسایی ناودەبرێت بە "بیری."

لەڕاستیدا، جگە لە ئالکێمیستە بیرییە پێشکەوتووەکان هیچ کەس نەیانتوانیوە هیچ پلەیەکی تواناى پێویست بەدەست بهێنێت بۆ کۆنترۆڵ کردنی حاڵەتە فیزیاییە گەورەترەکان، وەکو کۆنترۆڵ کردنی توخمەکانی سروشت؛ دروستکردن و وەستاندنی ڕەشەباکان؛ دروستکردن و وەستاندنی بومەلەرزەکان و دیاردەی تری گەورەی فیزیایی. بەڵام گەر مرۆڤی لەو شێوەیە بوونی هەبووبێت، و ئەمڕۆش بوونی هەبێت، ئەوا ئەمە باسێکی باوەڕی ڕاستخوازە بۆ هەموو نهێنیزانە پێشکەوتووەکانی هەموو فێرگەکان. گەر مامۆستاکان بوونیان هەبێت، و ئەم تواناياینەیان هەبێت، باشترین فێرکەرەکان فێرخوازەکانیان دڵنیا دەکەنەوە، کەوا ئەزموونی وایان هەبووە کە یەکلاییان دەکاتەوە لە باوەڕ و قسەی لەم شێوەیە. ئەم مامۆستایانە تواناکانیان بۆ گشتی دەرناخە، بەڵکو خوازیاری دابڕاوین لە کۆمەڵەی مرۆڤ، تاوەکو باشتر کاری

خۆیان بکەن بەدرێژایی ڕێگای سەرکەوتن. ئێمە ئاماژە بە بوونیان دەدەین، لەم خاڵەدا، تەنها بۆ ئەو ڕاستییەی کەوا ئەم توانایانە بەتەواوی بیرین، و بەدرێژایی هێڵەکانی گۆڕینێکی بیری بەرزتر کار دەکەن، لەژێر بنەمای بیرزانی هەرمێتیک. "گەردوون بیرییە" – کەباڵیەن.

بەڵام قوتابیانی هەرمێتیستی پلەی کەمتر لە مامۆستاکان – دەستپێکەکان – دەتوانن ئازادانە کار بکەن بەدرێژایی ڕووتەختی بیری، لە گۆڕینی بیریدا. لە ڕاستیدا هەموو ئەوەی ناوی دەبەین بە "دیاردەی دەروونی"؛ "کاریگەری بیری"؛ "زانستی بیری"؛ "دیاردەی بیری تازە،" هتد.، لەناو هەمان هێڵە گشتییەکاندا کارایە، چونکە تەنها یەک بنەما تێوەگلاوە، بێ گوێدانە ئەوەی بە چ ناوێک دیاردەکە بانگ دەکرێت.

قوتابی و مەشقەوانی گۆڕینی بیری لەناو ڕووتەختە بیرییەکاندا کاردەکات، بە گۆڕینیتی حاڵەتە، بارە، هتد.، بیرییەکان بۆ ئەوانی تر، بەپێی شێوازی جۆراوجۆر، کەمتر یان زیاتر کاریگەر. "چارەسەرە،" "پەسەندکردنە،" "نکۆڵی کردنە،" هتد.، جۆراوجۆرەکان لە فێرگەکانی زانستی بیری تەنها شێوازن، کە بەزۆری ناتەواو و نازانستین، لە هونەری هەرمێتیک. زۆربەی مەشقەوانانی تازە زۆر نەزانن بە بەراورد بە مامۆستا کۆنەکان، چونکە ئەوان ئەو زانستە بنچینەیەیان نییە کە کارەکەی لەسەر بنیات نراوە.

نەوەکو تەنها دۆخە بیرییەکان، هتد.، دەتوانرێت لە یەکێکدا بگۆڕدرێن بە ڕێگاکانی هەرمێتیک؛ بەڵکو دەتوانرێت بارەکانی ئەوانی تریش بگۆڕدرێت، وە دەگۆڕدرێت، بەردەوام بەهەمان ڕێگا، بەزۆری بێ ئاگاییانە، بەڵام بەزۆری ئاگاییانە لەلایەن هەندێ کەس کە لە یاساکان و بنەماکان تێگەیشتوون، لەو حاڵەتانەی کە خەڵکە کارلێکراوەکان ئاگادارنین لە بنەماکانی خۆپارێزی. زیاتریش لەمە، هەر وەکو زۆرێک لە قوتابی و مەشقەوانی زانستی بیری تازە دەزانن، هەموو حاڵەتێکی ماددە کە دەکەوێتەوە سەر بیرەکانی خەڵکی تر دەتوانرێت بگۆڕدرێت بەپێی خواست و ویستی ڕاستخواز، وە "چارەسەرەکانی" کەسێک کە دەیەوێت حاڵەتەکانی ژیان

بگۆڕێت. خەڵکی بەگشتی هێندە ئاگادارکراونەتەوە دەربارەی ئەم شتانە ئەمڕۆ، کەوا لامان پێویست نییە ئاماژەی پێبدەین بە درێژی، مەبەستمان لێرە تەنها نیشاندانی بنەما و هونەری هەرمێتیکە کە هەموو ئەم ڕاهێنان و شێوازانە دەگرێتە خۆ، باش و خراپ، چونکە هێزەکەی دەتوانرێت بە ئاڕاستەی پێچەوانەوە بەکاربهێنرێت بەپێی بنەماکانی جەمسەرداری هەرمێتیک.

لەم کتێبە بچووکەدا بنەما بنچینەییەکانی گۆڕینی بیری باس دەکەین، کە هەموو ئەوانەی دەیخوێنەوە بتوانن لە بنەماکانی بگەن، وە لەمەشەوە کلیلی مامۆستایی بەدەست بهێنن بۆ کردنەوەی دەرگا زۆرەکانی بنەمای جەمسەرگری.

ئێستا دەچینە سەر باسکردنی یەکەمین حەوت بنەماکانی هەرمێتیک – بنەمای بیرزانی، کە تیایدا ئەو ڕاستییە ڕوونکراوەتەوە کەوا "هەمووەکە بیرە؛ گەردوون بیرییە،" هەروەکو لە کەبالیەندا هاتووە. ئێمە داوای سەرنجی ورد، و خویندنی وریای ئەم بنەما مەزنە دەکەین، لە قوتابییەکانمان، چونکە بەڕاستی بنچیەنەی هەموو فەلسەفەی هەرمێتیک، و هونەری گۆڕینی بیری هەرمێتیکە.

# بەشـــی ٤.

# هەمووەکە.

---

*"لەژێر، و لەپشتی، گەردوون لە کات، بۆشایی، و گۆڕان، ڕاستەقینە ناوەڕۆکییەکە دەدۆزرێتەوە — ڕاستییە بنچینەییەکە." — کەباڵیەن.*

"ناوەڕۆک" واتە: "ئەوەی کە هەموو دەرکەوتنی دەرەوە پێکدەهێنێت؛ کرۆکەکە؛ ڕاستەقینە بنچێنەییەکە؛ شتەکە لەخۆیدا،" هتد. "ناوەڕۆکی" واتە: "بوونی ڕاستی؛ بوونی توخمی بنەڕەتی؛ بوونی ڕاستەقینە،" هتد. "ڕاستەقینە" واتە: "ئەو حاڵەتەی تیایدا ڕاستیت؛ ڕاست، جێگیربوون؛ ڕەوا؛ چەسپاو؛ هەمیشەیی،" هتد.

لەژێر و لە پشتی هەموو دەرکەوتنێکی یاخود خۆنیشاندانێکی دەرەکی، هەمیشە دەبێت ڕاستەقینەیەکی ناوەڕۆکی هەبێت. ئەمە یاسایە. مرۆڤ کە باسی گەردوون دەکات، کە خۆی تیادا یەکەیەکە، هیچ نابینێت جگە لە گۆڕین لە مادده، هێزەکان، و بارە بیرییەکان. دەبینێت کەوا هیچ شتێک لە ڕاستیدا وا نییە، بەڵکو هەموو شتێک دەبێت و دەگۆڕێت. هیچ شتێک لەشوێنی خۆی ناوەستێت — هەموو شتێک لەدایک دەبێت، گەشەدەکات، دەمرێت — ڕێک ئەو ساتەی شتێک دەگات بە لوتکەی خۆی، دەست دەکات بە نزم بوونەوە — یاسای ڕیتم هەمیشە بەجێگیری لە کارا دایە — هیچ ڕاستەقینەیەک نییە، جۆرێتییەکی جێگیر، چەسپاویەک، یاخود ناوەڕۆکییەتی لەهەر شتێکدا — هیچ شتێک جێگیر نییە جگە لە گۆڕان. دەبینێت هەموو شتەکان لە

شتەکانی ترەوە پەرەدەسێنن، و ڕێکدەخرێنەوە بۆ شتی تر – کار و کاردانەوەیەکی جێگیر؛ هەڵکشان و داکشان؛ دروستکردن و لەناوبردن؛ دروستکردن و ڕووخاندن؛ لەدایکبوون، گەشە و مردن. هیچ شتێک جێگیر نییە جگە لە گۆڕان. وە ئەگەر بێتوو مرۆڤێکی بیرمەند بێت، بۆی دەردەکەوێت کەوا هەموو ئەم شتە گۆڕاوانە دەبێت دەرکەوتن یاخود خۆدەرخستنێکی دەرەکی بن لە هێزێکی سەرەکی – ڕاستەقینەیەکی ناوەڕۆکی.

هەموو بیرمەندەکان، لەهەموو خاک و سەردەمەکاندا، پێویستی بوونی ڕاستەقینەیەکی لەم شێوەیە ناوەڕۆکییەیان داناوە. هەموو ئەو فەیلەسوفانەی شایەنی ناوەکەیان بن لەسەر ئەم بیرۆکەیە بنیات نراون. مرۆڤەکان ناوی زۆریان بۆ ئەم ڕاستەقینە ناوەڕۆکییە داناوە – هەندێک بە زاراوەی خوایەتی بانگیان کردووە (بەناونیشانی زۆر)؛ ئەوانی تر بانگیان کردووە بە "وزەی ناکۆتا و هەمیشەیی"؛ هەندێکی تریش هەوڵیان داوە بانگی بکەن بە "مادده" – بەڵام هەموویان بوونیان دۆزیوەتەوە. ئەمە بەتەواوی ئاشکرایە – پێویستی بە باسکردن نییە.

لەم وانانەدا شوێنی نموونەکانی هەندێک لە گەورەترین بیرمەندانی جیهان کەوتووین، هەردوو کۆن و تازە – مامۆستاکانی هەرمێتیک – کە ئەم هێزە سەرەکییەیان بانگ کردووە بە – ڕاستەقینە ناوەڕۆکییەکە – لەژێر ناوی هەرمێتیکی "هەمووەکە،" ئەو زاراوەی بە گشتگیرترین دایدەنێین لەناو ئەو زاراوانەی لەلایەن مرۆڤەوە بەکارهێنراوە بۆ ئەوانەی ناو و زاراوە تێدەپەڕێنن.

ئێمە هەمیشە تێڕوانینی بیرمەندە مەزنەکانی هەرمێتیک قبوڵ دەکەین و فێردەکەین لە هەموو کاتەکاندا، بەهەمان شێوەی ئەو ڕۆحە ڕووناکبۆوانەی کە گەیشتوون بە ڕووتەختی بەرزتری بوون، هەردووکیان کە سورن لەسەر ئەوەی سروشتی ناوەکی هەمووەکە نەزانراوە. دەبێت وابێت، چونکە هیچ شتێک جگە لە هەمووەکە خۆی ناتوانێت لە سروشتی بوونی بگات.

هەرمێتیستەکان بڕوایان وایە و فێردەکەن کەوا هەمووەکە، "لەخۆیدا،" نەزانراوە و هەمیشەش دەبێت وابێت. ئەوان هەموو بیردۆزەکان، خەملاندنەکان، و تێڕوانینەکانی ئایینزانەکان و مێتافیزیازانەکان لەبەرچاو دەگرن دەربارەی سروشتی ناوەکی هەمووەکە، ئەمانە تەنها هەوڵی منالآنەی بیرە تیاچوویکانن بۆ بەدەستهێنانی نهێنییەکانی ناکۆتا. هەوڵی لەم شێوەیە هەمیشە شکستی هێناوە و هەمیشەش شکست دەهێنێت، لە تەواوی سروشتی ئەرکەکەماندا. کەسێک کە دوای پرسیاری لەم شێوەیە دەکەوێت لە تۆڕەڕێیەکدا گەشت دەکات و گەشت دەکات، هەتاوەکو ون دەبێت بۆ هەموو گفتوگۆیەکی، کردارێکی یا ڕەفتارێکی ژیرانە، و بەتەواوی نەگونجاوە بۆ کاری ژیان. وەکو ئەو سمۆرەیە وایە کە شێتابە ڕادەکات و ڕادەکات بەدەوری تایەیەکی ئاشێک لە قەفەزەکەیدا، هەمیشە گەشت دەکات و بە هیچ کوێیەک ناگات — لەکۆتاییدا هێشتاش هەر بەندکراوە، و لەو شوێنە وەستاوە کە دەستی پێکرد.

هێشتاش ئەوانە بەفیزترن کە هەوڵی دیاریکردنی سەرچاوەی  کەسایەتی، جۆرێتییەکانی، پێکهاتەکانی، ڕەوشەکان و تایبەتمەندییەکانی هەمووەکە دەدەن لە خۆیاندا، سۆزدارییەکان، هەستەکان، و کەسایەتییکانی مرۆڤ دەدەنە پاڵ هەمووەکە، هەتا هیچ و پووچ ترین جۆرێتییەکانی مرۆڤ، وە حەسودی، ئامادەکاری بۆ ستایش و پیاهەڵدان، ئارەزوو بۆ پێشکەشکردن و پەرستن، و هەموو ئەو شتانەی تر کە لە ڕۆژانی منالی ڕەگەزی مرۆڤدا ماونەتەوە. ئەم بیرۆکانە هی پیاو و ئافرەتی گەشەسەندوو نییە، و بە خێرایی لەناودەچن.

(لەم خاڵەوە، لەوانەیە گونجاو بێت بۆم تا جیاوازیەک لەنێوان ئایین و ئایینزانی بکەم — لەنێوان فەلسەفە و مێتافیزیا. ئاینن، بۆ ئێمە، واتە تێگەیشتنی ژیرانەی بوونی هەمووەکە، و پەیوەندی کەسێک لەگەڵی؛ لە کاتێکدا ئایینزانی واتە هەوڵی مرۆڤ بۆ دانەپاڵی کەسایەتی، جۆرێتی، و ڕەوشت بۆی؛ بیردۆزەکانیان دەربارەی کارەکانی، خواست، ویستەکانی، پلانەکانی، و دیزاینەکانی؛ وە بەرزبوونەوەیان لە ئۆفیسی "مرۆڤی ناوەند" لەنێوان هەمووەکە و خەڵکدا. فەلسەفە، بۆ ئێمە، واتە پرسیاری شوێن زانستی

ئەو شتانە کە دەتوانرێت بزانرێت و بیریان لێبکرێتەوە؛ لەکاتێکدا مێتافیزیا واتە هەوڵی هەڵگرتنی پرسیارەکە بۆ سەروو سنوورەکان و ناو ئەو ناوچانەی نەزانراون و بیرلێنەکراوەن، وە بەهەمان سەروای ئایینزانی. وە بەم شێوەیەم هەردوو ئایین و فەلسەفە بۆ ئێمە واتە ئەو شتانەی ڕەگیان هەیە لە ڕاستەقینەدا، لەکاتێکدا ئایینزانی و مێتافیزیا وەکو قامیشی شکاو وان، کە لەناو لمی فشەڵی نەزانیدا ڕەگیان گرتووە، و هیچ نابەخشن جگە لە ترسێنەرترین پاڵپشت بۆ بیر و ڕۆحی مرۆڤ. ئێمە ئینکاری ناکەین لە قوتابییەکانمان بۆ قبوڵکردنی پێناسەکانیان – ئێمە ئاماژەیان پێدەدەین تەنها تا شوێنی خۆمان نیشان بدەین. لەهەر ڕێژەیەکدا بێت، کەم دەبیستیت دەربارەی ئایینزانی و مێتافیزیا لەم فێرکارییانەدا.)

بەڵام لەکاتێکدا سروشتی بنچینەیی هەمووەکە نەزانراوە، چەند ڕاستییەکی دیاریکراو هەیە بە بوونیەوە بەستراوە کە بیری مرۆڤ ناچارە قبوڵیان بکات. وە ڕوونکردنەوەیەک لەم ڕاگەیاندنانە بابەتێکی گونجاوی پرس پێکدەهێنن، بەتایبەتی کاتێ لەگەڵ ڕاگەیاندنەکانی ڕووناکۆبۆوەکان یەکدەگرنەوە لە ڕووتەختە بەرزترەکاندا. وە بۆ ئەم پرسە ئێستا بانگێشتان دەکەین.

*"ئەوەی کە ڕاستییە بنچینەییەکەیە – ڕاستەقینە ناوەڕۆکییەکە – لەسەروو ناونانی ڕاستەوەیە، بەڵام مرۆڤە ژیرەکان ناوی دەبەن بە هەمووەکە." – کەباڵیەن.*

*"لە بنچینەدا، هەمووەکە نەزانراوە." – کەباڵیەن.*

*"بەڵام، ڕاگەیاندنی ژیری دەبێت میواندۆستانە وەربگیرێت، و بەرێزەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت." – کەباڵیەن.*

ژیری مرۆڤ، کە دەبێت ڕاگەیاندنەکانی قبوڵ بکەین گەر بەردەوام بین لە بیرکردنەوە، ئاگادارمان دەکاتەوە بەم شێوەیە دەربارەی هەمووەکە، وە ئەمە بەبێ هەوڵدان بۆ لادانی تارای نەزانراوی:

(١) هەمووەکە دەبێت هەموو ئەوە بێت کە هەیە. نابێت هیچ شتێک بوونی هەبێت لە دەرەوەی هەمووەکە، ئەگینا هەمووەکە هەمووەکە نەدەبوو.

(٢) هەمووەکە دەبێت ناکۆتا بێت، چونکە هیچ شتێکی تر نییە بۆ پێناسەکردن، گەمارۆدان، بەستنەوە، سنوردارکردن و دیاریکردنی هەمووەکە. دەبێت ناکۆتا بێت لە کات، یان هەمیشەیی بێت، – دەبێت هەمیشە بەردەوام بوونی هەبووبێت، چونکە هیچ شتێکی تر نییە هەرگیز دروستکرابێت، وە شتێک هەرگیز ناتوانێت لە بوونەوە پەرەبسێنێت، وە ئەگەر هەمیشە "نەبوون،" بوو بێت، تەنانەت بۆ ساتێکیش چونکە شتێک هەرگیز ناتوانێت ببێت بە هیچ شتێک. دەبێت ناکۆتا بێت لە بۆشایی – دەبێت لەهەموو شوێنێکدا هەبێت، چونکە هیچ شوێنێک بوونی نییە لە دەرەوەی هەمووەکەدا – ناتوانێت هیچ شێوازێکی تر بێت جگە لە بەردەوام لە بۆشایی، بەبێ شکان، وەستان، جیابوونەوە، یاخود بڕین، چونکە هیچ شتێک نییە بۆ شکاندنی، جیاکردنەوەی، یاخود بڕینی بەردەوامییەکەی، وە هیچ شتێک کە "بۆشاییەکان پڕ بکاتەوە" پێی. دەبێت ناکۆتا بێت لە هێز، یان ڕەها بێت، چونکە هیچ شتێک نییە بۆ سنوردار کردنی، دیاریکردنی، بەستنەوەی، گەمارۆدانی، شێواندنی یاخود مەرج دانان بۆی – ملکەچی هیچ هێزێک نییە، چونکە هیچ هێزێکی تر بوونی نییە.

(٣) هەمووەکە دەبێت نەگۆڕ بێت، یاخود ملکەچی گۆڕان نەبێت لە سروشتی ڕاستەقینەی خۆیدا، چونکە هیچ شتێک نییە گۆڕانکاری لەسەر بکات؛ هیچ شتێک کە بتوانێت بۆی بگۆڕدرێت، نە شتێک کە لێی بگۆڕدرێت. ناتوانرێت بۆی زیادبکرێت و لێی کەمبکرێتەوە؛ بیخرێتە سەری و لێی دەربهێنرێت؛ نە گەورەتر یان بچووکتر بێت لەهەر شتێکدا بەهیچ شێوەیەک. دەبێت هەمیشە بوو بێت، وە هەمیشە دەمێنێتەوە، هەر وەکو ئێستای کە چۆنە – هەمووەکە – هەرگیز نەبووە، ئێستا نییە، وە ناشبێت، هەرشتێک کە بتوانرێت بۆی بگۆڕدرێت.

بەپێی ئەوەی کە هەمووەکە ناکۆتایە، ڕەهایە، هەمیشەییە و نەگۆڕە ئەوا هەر شتێک کە کۆتایە، گۆڕاوە، ڕۆیشتووە، و مەرج بۆدانراوە ناتوانێت هەمووەکە بێت، لە

ڕاستەقیندا، دواتر هەموو شتێکی لەم شێوەیە دەبێت وەکو هیچ شتێک بن لە ڕاستەقینەدا. ئێستا سەرت لێنەشێوێت، مەشترسە – ئێمە بەرەو بواری زانستی ئایینیانەت نابەین لەژێر ناوی فەلسەفەی هەرمێتیک. پێکهاتنەوەیەک هەیە لەم حاڵەتە ناکۆکییە دیارەی کارەکان، ئارامبە، بەپێی کات پێی دەگەین.

ئێمە لە دەوروبەرمان "مادده" دەبینین، کە پێکهاتەی فیزیایی هەموو شێوازەکان پێکدەهێنێت. ئایا هەمووەکە تەنها ماددەیە؟ هەرگیز! مادده ناتوانێت ژیان و بیر دەربخات، وە بەپێی ئەوەی ژیان و بیر لە گەردووندا دەرکەوتووە، هەمووەکە ناکرێت مادده بێت، چونکە هیچ شتێک لەسەروو سەرچاوەکەیەوە بەرزتر نابێتەوە – هیچ شتێک دەناکەوێت لە ئەنجامێک کە لە هۆیەکەدا نەبێت – هیچ شتێک وەکو پاشکۆ پەرەناسێنێت کە لە پێشینەدا نەگلابێت. شتی وەکو مادده – ئەوەی کە پێی دەڵێین مادده تەنها "وزە و هێزی پچڕاوە،" ئەمە، وزە و هێزە لە ڕێژەیەکی نزمی لەرینەوەدا. هەروەکو نووسەرێکی تازە وتوویەتی "مادده کەوتۆتە ناو نهێنییەنەوە." تەنانەت زانایانی ماددی وازیان لە بیردۆزی مادده هێناوە، و ئێستا لەسەر بنچینەی "وزە" ماونەتەوە.

باشە کەوابێت هەمووەکە تەنها وزەیە یان هێزە؟ ئەو وزە و هیزە نا کە زانایانی ماددی زاراوەکەی بۆ بەکاردەهێنن، چونکە وزە و هێزەکەیان کوێرە، شتی میکانیکییە، بەتاڵە لە ژیان و بیر. ژیان و بیر هەرگیز ناتوانن لە وزە و هێزی کوێر پەرەبسێنن، لەبەر ئەو هۆکارەی ساتێک پێش ئێستا خرایە ڕوو: "هیچ شتێک ناتوانێت بەرزتر بێتەوە لەسەروو سەرچاوەکەیەوە – هیچ شتێک پەرەناسێنێت گەر تێوەنەگلابێت – هیچ شتێک لە ئەنجامێک دەرناکەوێت، مەگەر لە هۆکارەکەدا بێت." کەوایە هەمووکە ناکرێت تەنها وزە و هێز بێت، چونکە، گەر وابا، هیچ شتێکی وەکو ژیان بیر لە بووندا نەدەبوو، وە ئێمە باشتر لەمە دەزانین، کەوا ئێمە زیندووین و بیرمان بەکاردەهێنین بۆ باسکردنی ئەم پرسیارە، بەهەمان شێوەی ئەوانەش کە دەڵێن وزە و هێز هەموو شتێکن.

چی هەیە کەوابێت بەرزتر لە مادده و وزە کە دەزانین بوونی هەیە لە گەردووندا؟ بیر و ژیان! ژیان و بیر هەموو پلە جیاوازەکانی دەرکەوتنن! "کەوابێت،" دەپرسیت، "مەبەستت ئەوەیە پێمان بڵێیت کەوا هەمووکە ژیان و بیرە؟" بەڵێ! وە نەخێر! وەڵامی ئێمەیە. گەر مەبەستت ژیان و بیر بێت وەکو ئەوەی ئێمەی تیاچووی داماو دەیزانین، دەڵێین نەخێر! هەمووەکە ئەمە نییە! "بەڵام چ ژیان و بیرێک دەڵێیت؟" دەپرسیت.

وەڵامەکە بریتییە لە "بیری ژیاو، زۆر لەسەروو ئەوەی تیاچووەکان بە وشەکانیان دەیزانن، چونکە ژیان و بیر بەرزترن لە هێزی میکانیکی، یان مادده - بیری ناکۆتای ژیاو بە بەراورد بە بیر و ژیانی کۆتایی هاتوو." ئێمە مەبەستمان ئەوەیە کە گیانە ڕووناکبووەکان دەیڵێم کاتێ ڕیزدارانە ئەم وشەیە دەڵێن: "ڕۆح!"

"هەمووەکە" بیری ناکۆتای ژیاوە – ڕووناکبۆوەکان پێی دەڵێن ڕۆح!

## بەشـــــی ٥.

# گەردوونی بیری.

---

*"گەردوون بیرییە – لەناو بیری هەمووەکەدا هەڵگیراوە." – کەباڵیەن.*

هەمووەکە ڕۆحە! بەڵام ڕۆح چییە؟ ئەم پرسیارە ناتوانرێت وەڵام بدرێتەوە، لەبەر ئەو هۆکارەی کەوا پێناسەکەی لە هی هەمووەکەیە، کە ناتوانرێت ڕوون بکرێتەوە و پێناسەبکرێت. ڕۆح تەنها ناوێکە کە مرۆڤەکان بۆ بەرزترین چەمکی بیری ناکۆتای ژیاویان داناوە – واتە "کرۆکە ڕاستەقینەکە" – واتە بیری ژیاو، هێندە پایە بەرز لە ژیان و بیر هەتا دەیانزانین، هەروەکو چۆن بیر پایە بەرزە بۆ وزەی میکانیکی و مادده. ڕۆح تێگەیشتنمان تێدەپەڕێنێت، و ئێمە زاراوەکە بەکاردەهێنین تەنها کاتێ بیر لە هەمووەکە دەکەینەوە و قسەی لەسەر دەکەین. بۆ مەبەستی بیرۆکە و تێگەیشتن، ئێمە بیرکردنەوەمان لە ڕۆح وەکو بیری ناکۆتای ژیان یەکلایی کرۆدتەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا دەبێت بزانین کە بەتەواوی ناتوانین تێیبگەین. یان دەبێت ئەمە بکەین یان دەبێت واز لە بیرکردنەوە لە باسەکە بهێنین بەتەواوی.

ئێستا با بچینە سەر لێکۆڵینەوە لە سروشتی گەردوون، بەگشتی و لە بەشەکانیدا. گەردوون چییە! تێگەیشتین کەوا ناکرێت هیچ شتێک لە دەرەوەی هەمووەکەدا بوونی هەبێت. کەوابێت ئایا گەردوون هەمووەکەیە؟ نەخێر، ناکرێت وا بێت، چونکە گەردوون پێدەچێت لە زۆر شت پێکهاتبێت، و بەردەوام دەگۆڕێن، وە

بەشێوەیەکی تر ئەو بیرۆکانە ناخەملێنێت کە ئێمە ناچار بکات دەربارەی هەمووەکە قبوڵی بکەین، هەروەکو لە وانەی پێشوودا باسکراوە. کەوایە گەر گەردوون هەمووەکە نەبێت، ئەی دەبێت هیچ شتێک نەبێت – ئەمە دەرەنجامی هەموو بیرکردنەوەیەکی یەکەم بیرۆکەیە. بەڵام ئەمە وەڵامی پرسیارەکە ناداتەوە، چونکە ئێمە هەست بە بوونی گەردوون دەکەین. کەوایە گەر گەردوون نە هەمووەکە بێت، نە هیچ شتێک، دەبێت چی بێت؟ با ئەم پرسیارە ڕوون بکەینەوە.

گەر گەردوون بوونی هەبێت، یان وا دەربکەوێت بوونی هەیە، دەبێت لەڕێگایەکەوە لە هەمووەکەوە بەردەوام بێت – دەبێت دروستکراوێکی هەمووەکە بێت. بەڵام هەروەکو چۆن شتێک لە هیچ شتێکەوە نایات، دەبیت هەمووەکە لە چییەوە دروستی کردبێت؟ هەندێک فەیلەسوف وەڵامی ئەم پرسیارەیان داوەتەوە بە وتنی ئەوەی کەوا هەمووەکە گەردوونی لەخۆیەوە دروست کردووە – ئەمە، واتە لە کرۆکی هەمووەکەیە. بەڵام ناکرێت وابێت، هەمووەکە ناتوانرێت لێی دەربهێنرێت، نە جیابکرێتەوە، هەروەکو ڕوونمان کردەوە، وە دووبارە گەر ئەمە ڕاست بێت، ئایا هەر تەنۆلکەیەک لە گەردووندا بەئاگا نەدەبوو لەوەی خۆی هەمووەکەیە – هەمووەکە ناکرێت زانیاری بوونی خۆی لە دەست بدات، نە لە ڕاستیدا ببێت بە گەردیلەیەک، یان هێزێکی کوێر، یان شتێکی ژیاوی نزم. هەندێ مرۆڤ، بە دڵنیایەوە درکیان بەوە کردووە کە هەمووەکە هەموو شتێکە، و درکیشیان بەوە کردووە کە ئەوان، مرۆڤەکان، کە بوونیان هەبووە، گەیشتوون بەو دەرەنجامەی کەوا ئەوان و هەمووەکە هاوشێوەن، و دنیایان پڕکردووە بە هاواری "من خوام" بۆ سەرگەرمی خەڵکێکی زۆر و خەم و پەژارەی ژیرەکان. وتەی وردیلەکە: "من مرۆڤم!" زۆر بێفیز تر دەبێت بە بەراوردکردن لەگەڵیدا.

بەڵام، بە ڕاستی گەردوون چییە، گەر هەمووەکە نەبێت، نە لەلایەن هەمووەکەشەوە دروستکرابێت بە جیاکردنەوە خۆی بۆ پارچەی بچووک؟ دەبێت چیتر بێت – لە چیتر دروست دەکرێت؟ ئەمە پرسیارە گەورەکەیە. با وریایانە بیپشکنین.

دەبینی لێرەدا "بنەمای هاوگونجان" (سەیری وانەی یەکەم.) یارمەتیمان دەدات. وتەی کۆنی هەرمێتیک، "لەسەرەوە چۆن بێت لە خوارەوەش ئاوایە،" لەوانەیە بتوانێت یارمەتیمان بدات لەم خاڵەدا. بە هەوڵبدەین سەرنجێک بەدەستبهێنین لە کارکردن لە ڕووتەختە بەرزترەکاندا بە پشکنینی ئەوانەی خۆمان. دەبێت بنەمای هاوگونجان لەمەدا بەکاربهێنرێت بەهەمان شێوەی کێشەکانی تر.

با ببینین! لە ڕووتەختی خودی خۆیدا، مرۆڤ چۆن دروست دەکات؟ باشە، یەکەمجار، دەتوانێت شتێک دروست بکات لە شتە ماددییە دەرەکییەکان. بەڵام ئەمە ناکرێت وەڵامەکە بێت، چونکە هیچ ماددەیەکی تر لە دەرەوەی هەمووەکە بوونی نییە کە پێی دروست بکات. باشە، کەوایە، دووەمجار، مرۆڤ جۆری خۆی بەرهەم دەهێنێتەوە و دروست دەکاتەوە بە پرۆسەی منداڵبوون، کە خۆزۆرکردنە و بە گواستەنەوەی بەشێک لە پێکهاتەی خۆی بۆ نەوەکەی تەواو دەبێت. بەڵام ئەمەش ناکرێت وەڵامەکە بێت، چونکە هەمووەکە ناتوانێت بەشێک لە خۆی بگوازێتەوە و کەمبکاتەوە، نە دەتوانێت بەرهەمبهێنێتەوە و خۆی زۆربکات – لە حاڵەتی یەکمدا جیاکردنەوەیەک دەبێت، لە حاڵەتی دووەمیشدا زۆربوونێک یاخود زیادکردنێک بۆ هەمووەکە، هەردوو بیرۆکەکە نابەجێن. ئایا هیچ ڕێگەیەکی سێیەم نییە مرۆڤ پێی دروست بکات؟ بەڵێ، هەیە – ئەو بیریانە دروست دەکات! بە کردنی ئەمەش هیچ ماددەیەکی دەرەکی بەکارناهێنێت، نە خۆشی بەرهەم دەهێنێتەوە، بەڵام هێشتاش هەر ڕۆحەکەی بە دروستکراوی بیریدا بڵاودەبێتەوە.

بە پشت بەستن بە بنەمای هاوگونجان، ئێمە یەکلاییمان کردۆتەوە کەوا هەمووەکە گەردوونی بیریانە دروست کردووە، لە ڕەوتێکی هاوشێوە بۆ ئەوەی کە مرۆڤ تیایدا وێنەی بیریانە دروست دەکات. وە، لێرەوە ڕاگەیاندنی ژیری بەدەقیقی لەگەڵ ڕاگەیاندنی ڕووناکبۆوەکاندا یەکدەگرێتەوە، هەروەکو لە فێرکاری و نووسینەکانیاندا دەردەکەوێت. ئەمانە فێرکاری مرۆڤە ژیرەکانن، ئەمە فێرکاری هەرمیز بوو.

هەمووەکە ناتوانێت بە هیچ ڕێگایەکی تر دروست بکات جگە لە بیری، بەبێ بەکارهێنانی مادده (لەکاتێکا هیچ نییە تا بەکاریبهێنێت)، یاخود بەرهەمهێنانەوەی خۆی (کە بەهەمان شێوە مەحاڵە). هیچ دەربازبوونێک لەم دەرەنجامی ژیرییە نییە، کە، هەروەکو وتمان، یەکدەگرێتەوە لەگەڵ بەرزترین فێرکارییەکانی ڕووناکبۆوەکان. هەروەکو چۆن تۆ، قوتابی، دەتوانیت گەردوونێکی خۆت دروست بکەیت لە بیری خۆتدا، بەهەمان شێوەش هەمووەکە گەردوونەکان دروست دەکات لە بیری خۆیدا. بەڵام گەردوونی تۆ دروستکراوێکی بیری بیرێکی کۆتایی هاتووە، لەکاتێکدا ئەوەی هەمووەکە دروستکراوێکی ناکۆتایە. هەردووکیان لە جۆردا یەکسانن، بەڵام ناکۆتاییانە جیاوازن لە پلەدا. وردتر لەم پرۆسەیەی دروستکردن و دەرخستن دەکۆڵینەوە، لەگەڵ بەردەوام بوونماندا. بەڵام لەم قۆناغەدا ئەمە ئەو خاڵەیە لە بیرتاندا بیچەسپێنن: گەردوون، وە هەموو ئەوەی تێیدایە، دروستکراوێکی بیری هەمووەکەیە. بەڕاستی، بەدڵنیایەوە، هەموو شتێک بیرە!

*"هەمووەکە گەردوونی بێ شومار دروست دەکات لەبیری ناکۆتایدا، کە بۆ کاتی نەژمێردراو بوونیان دەبێت – بەڵام هێشتاش، دروستکردن، گەشەسەندن، دامرکاندن و مردنی ملیۆنان گەردوون وەکو کاتی چاو تروکانێک وایە." – کەباڵیەن.*

*"بیری ناکۆتای گەردوون منداڵدانی گەردوونە." -کەباڵیەن.*

بنەمای ڕەگەز (سەیری وانەی یەکەم و ئەوانەی دواتری بکە) لەهەموو ڕووتەختەکان ژیان، ماددی، بیری و ڕۆحیدا دەردەکەوێت. بەڵام، هەروەکو پێشووتر وتمان، "ڕەگەز" واتای "سێکس" نییە – سێکس تەنها دەرکەوتنێکی ماددی ڕەگەزە. "ڕەگەز" واتە "ئەوەی پەیوەندی بە بەرهەمهێنان و دروستکردنەوە هەیە." وە هەرکاتێک شتێک بەرهەمهاتووە یاخود دروستکراوە، لەسەر هەر ڕووتەختێک، بنەمای ڕەگەز دەبێت دەرکەوتبێت. وە ئەمە ڕاستە تەنانەت لە دروستکردنی گەردوونەکاندا.

ئێستا مەرۆ بۆ ئەو دەرەنجامەی کە ئێمە فێری ئەوەتان دەکەین خوایەک، یاخود دروستکەرێکی نێر و مێ هەیە. ئەم بیرۆکەیە تەنها شێواندنێکە لە فێرکارییە کۆنەکانی بابەتەکە. فێرکارییە ڕاستەقینەکە ئەوەیە کەوا هەمووەکە، لەخۆیدا، لەسەروو ڕەگەزە، هەروەکو چۆن لەسەروو هەموو یاسایەکەوەیە، بە ئەوانەی کات و بۆشاییشەوە. ئەمە ئەو یاسایەیە، کە یاساکان دروست دەبن لێی، و ئەمیش ملکەچیان نییە. بەڵام کاتێ هەمووەکە لە ڕووتەختی بەرهەمهێنان یاخود دروستکردندا دەردەکەوێت، ئەوا بەپێی یاسا و بنەما کار دەکات، چونکە لە ڕووتەختێکی نزمتردا دەجووڵێتەوە. وە بەم شێوەیە بنەمای ڕەگەز دەردەخات، لە شێوە نێرینە و مێینەکانیدا، لە ڕووتەختی بیریدا، بە دڵنیایەوە.

ئەم بیرۆکەیە لەوانەیە تۆقێنەر دەربکەوێت بۆ هەندێک لە ئێوە کە یەکەم جاراتانە بیبیستن، بەڵام هەمووتان نادیارانە قبوڵتان کردووە لە چەمکی ژیانی ڕۆژانەتاندا. باسی باوکایەتی خوا و دایکایەتی سروشت دەکەن – لە خوا، باوکە خواییەکە، وە سروشت دایکە گەردوونیەکە – وە بەم شێوەیەش سروشتیانە هەستتان بە بنەمای ڕەگەز کردووە لە گەردووندا. ئەی وانییە؟

بەڵام، فێرکارییەکانی هەرمێتیک دووانییەکی ڕاستەقینە دەرناخەن – هەمووەکە تاکە – دوو لایەنەکە تەنها لایەنی دەرخستنن. فێرکارییەکە ئەوەیە کەوا بنەما نێرینەکە کە لە هەمووەکەوە دەردەخرێت، بەشێوەیەک دەوەستێت، جیا لە دروستکردنی ڕاستەقینەی بیری گەردوون. خواستی دەردەکات بەرەو بنەمای مێینەی (کە دەتوانرێت بە "سروشت" بانگ بکرێت) کە لەوێوە مێینەکە دەست دەکات بە کاری ڕاستەقینەی پەرەسەندنی گەردوون، لە "ناوەندەکانی چالاکی" سادە لەسەر مرۆڤ، و دواتر بەردەوام و بەردەوام بەرزتر، هەمووی بەپێی یاسا باش دامەزراوەکان و قایم پابەندکراوەکانی سروشت. گەر بیرۆکە کۆنەکان هەڵدەبژێریت، دەتوانیت وەکو خوا بیر لە بنەما نێرینەکانی بکەیتەوە، باوکەکە، وە سروشت لە بنەما مێینەکە، دایکە گەردوونییەکە، کە لەمنداڵدانییەوە هەموو شتەکان لەدایک دەبن. ئەمە زۆر

زیاترە لە تەنها دەربڕینێکی شیعری – ئەمە بیرۆکەیەکە لە پڕۆسەی ڕاستەقینەی دروستکردن لە گەردوون. بەڵام هەمیشە بیرت بێت، هەمووەکە تاکە، و لە بیرە ناکۆتاکەیدا گەردوون بەرهەمدێت، دروست دەبێت و بوونی هەیە.

ئەمە دەتوانێت یارمەتیت بدات بیرۆکەیەکی گونجاوتر بەدەست بهێنیت، گەر یاساکانی هاگونجان بەکاربهێنیت بۆخۆت، و بیری خۆت. دەزانیت کەوا ئەو بەشەی تۆ کە ناو دەبرێت بە "من،" بەشێوەیەک، بە جیا دەوەستێت و شایەتی دروستکردنی وێنە بیریەکان دەدات لە بیری خۆتدا. ئەو بەشەی بیرت کە بەرهەمهێنانی بیری تیادا تەواو دەبێت دەتوانرێت بانگ بکرێت بە "هی من" جیاواز لە "من" کە جیا دەوەستێت و شایەتی و لێکۆڵینەوە لە بیرۆکەکان و وێنەکان "هی من" ئەنجام دەدات. "لەسەرەوە چۆن بێت، لە خوارەوەش ئاوایە،" بیرتبێت، دیاردەی ڕووتەختێک دەتوانرێت بەکاربهێنرێت بۆ چارەسەر کردنی مەتەڵەکانی ڕووتەختە بەرزتر و نزمترەکان.

سەیر نییە کەوا تۆ، مناڵەکە، هەست بە ڕیزلێگیراوی سروشتی هەمووەکە دەکەیت، ئەو هەستەی ناوی دەبەین بە "ئایین" – کە ڕێز لە بیرە باوکەکە دەگرێت؟ سەیرە نییە کەوا، کاتێ کار و سەرسوڕهێنەرییەکانی سروشت دەگریتە بەرچاو، هەستێکی بەهێزت بەسەردا دەسەپێ کە ڕەگیان دەگات بە قوڵایی بوونت! ئەوە بیرە دایکەکەیە کە تۆی لێی نزیک دەبیتەوە، وەکو مناڵێک لە سینەی دایکی.

ئەو هەڵەیە مەکە وابزانیت ئەو جیهانە بچووکەی لەدەورت دەیبینیت – زەوی، کە تەنها دەنکە خۆڵێکە لە گەردووندا – گەردوون خۆیەتی. ملیۆنان و ملیۆنان جیهانی لەم شێوەیە بوونی هەیە، و زیاتریش. وە ملیۆنان و ملیۆنان گەردوونی لەم شێوەیە بوونی هەیە لەناو بیری ناکۆتای هەمووەکەدا. تەنانەت لە کۆمەڵەی خۆری بچووکی ئێمەدا ناوچە و ڕووتەختی ژیان هەیە زۆر بەرزتر لەوەی ئێمە، وە بوونەوەر کە بەبەراورد بە ئێمەی تیاچووی بەزەوی بەستراو وەکو ئەو بوونەوەرە قوڕاوییەین کە لە بنکی زەریادا دەژیات کاتێ بەراورد دەکرێن بە مرۆڤ. بوونەوەر هەیە بە هێز و تایبەتمەندی بەرزتر وەکو لەوەی مرۆڤ هەتا ئێستا خەونی پێوی بینیوە لە دەستی خواکاندا. بەڵام هێشتاش ئەو

بوونەوەرانە سەردەمانێک وەکو تۆ بوون، تەنانەت نزمتریش – وە تۆش هەر وەکو ئەوانت لێدێت، و بەرزتریش، بەپێی کات، چونکە ئەمە چارەنووسی مرۆڤە هەروەکو لەلایەن ڕووناکبۆوەکان ڕاگەینراوە.

وە مردنیش ڕاستی نییە، تەنانەت بەواتایەکی ڕێژەییش – بەڵکو لەدایک بوونی ژیانێکی تازەیە – و بەردەوام دەبیت، و بەردەوام، و بەردەوام، بۆ ڕووتەختی بەرزتر و هێشتاش بەرزتری ژیان، بۆ کاتی نەژمێردراو و نەژمێردراو. گەردوون ماڵی تۆیە، تۆش دوورترین کەلێنی دەگەڕێیت پێش تەواو بوونی کات. تۆ لەناو بیری ناکۆتای هەمووەکدا دەژیت، و ئەگەرەکان و هەلەکانت ناکۆتان، لەهەردوو کات و بۆشاییدا. وە لە کۆتایی سوڕی مەزنی ڕۆژگارەکاندا، کاتێ هەمووەکە هەموو دروستکراوی خۆی دەگەڕێنێتەوە بۆخۆی – تۆش ڕووخۆشانە دەگەڕێیتەوە، چونکە ئەو کاتە تۆ هەموو ڕاستی بوون دەزانیت لەگەڵ هەمووەکەدا بەیەکەوە. ئەمە ڕاگەیاندنی ڕووناکبۆوەکانە – ئەوانەی زۆرباش لەسەر ڕێگاکە پێشکەوتوون.

وە، لەهەمان کاتدا، ئارام و هێمن پشوو بدە – تۆ پارێزراویت و لەلایەن هێزی ناکۆتای بیرە باوک و دایکەکەوە پارێزراویت.

*"لەناو بیرە باوکەکەدا، مناڵە تیاچووەکان لە ماڵەوەن." – کەباڵیەن.*

*"هیچ کەسێک نییە بێ باوک؛ نە بێ دایک لە گەردووندا." – کەباڵیەن.*

## بەشـــــی ٦.

# پاڕادۆکسە خواییەکە.

---

*"نیوە ژیرەکە، کە ناڕاستەقینەیی بەراوردی گەردوونی بۆ دەرکەوتووە، وا بیر دەکەنەوە بتوانن یاساکانی بشکێنن – ئەمانە گەوجی لەخۆبایی و بەفیزن، و شکاون دژی بەردەکان و پارچە پارچە کراون بە توخمەکانی بە هۆکاری گەمژەییان. ژیرە ڕاستەقینەکە، کە سروشتی گەردوون دەزانن، یاسا دژی یاسا بەکاردەهێنن؛ بەرزترەکە دژی نزمترەکە؛ وە بە هونەری ئالکێمی ئەوە دەگۆڕن کە نەویستە بۆ ئەوەی کە بەنرخە، لەمەشەوە سەرکەوتن بەدەست دەهێنن. مامۆستایەتی پێکنەهاتووە لە خەون، بینایی و هێنانە بەرچاوی سەرسامکەر یاخود ژیاو، بەڵکو لە بەکارهێنانی هێزە بەرزترەکان دژی نزمترەکان – دەربازبوون لە ئازاری ڕووتەختە نزمترەکان بە لەرینەوە لە بەرزترەکە. گۆڕین، نەوەکو نکۆڵی کردنی بەفیز، بریتییە لە چەکی مامۆستاکە." – کەباڵیەن.*

ئەمە پاڕادۆکسی گەردوونە، دەرەنجامی بنەمای جەمسەرگرییە کە دەردەکەوێت کاتێ هەمووەکە دەست بە دروستکردن دەکات – ئاگاداربە لێی چونکە ئاماژە دەکات بە جیاوازی نێوان نیوە ژیری و ژیری. لەکاتێکدا بۆ هەمووە ناکۆتاکە، گەردوون، یاساکانی، تواناکانی، ژیانی، دیاردەکەی، وەکو ئەو شتانەن کە لە باری مێدیتەیشن یاخود خەونبینیندا دەبینرێن؛ بەڵام بۆ هەموو ئەو شتانەی کۆتایی هاتوون،

گەردوون دەبێت وەکو ڕاستەقینە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، و ژیان، و کردار، و بیرۆکە، دەبێتە لەوێوە بنیات بنرێن، بەپێی ئەمە، هەرچەندە لەگەڵ تێگەیشتنێکی تەواو لە ڕاستییە بەرزترەکە. هەریەکەیان بەپێی ڕووتەخت و یاساکانی خۆی. گەر هەمووەکە بیری کردبایەوە کەوا گەردوون بەدڵنیاییەوە ڕاستەقینەیە، ئەوا بەداخەوە بۆ گەردوون، چونکە دواتر هیچ دەربازبوونێک لە نزمترەوە بۆ بەرزتر، جووڵەی خوایی نەدەبوو – ئەو کاتە گەردوون چەسپاو دەبوو و گەشەسەندن مەحاڵ دەبوو. وە گەر بێتوو مرۆڤ، بەهۆی نیوە ژیرەکەوە، وا ڕەفتار بکات و بیربکاتەوە و بژیات کەوا گەردوون تەنها خەونێکە (هاوشێوەی خەونە کۆتایی هاتووەکان) ئەوا بە دڵنیایەوە بەم شێوەیەی لێدێت بۆ ئەو، و وەکو خەو ڕۆیشتوویەک هەمیشە بە دەوری بازنەیەکدا دەڕوات و دەڕوات، بێ گەشەکردن، و ناچاردەکرێت لەکۆتاییدا بەخەبەر بهێنرێت بە کەوتن و برینداربوونی بە یاساکانی سروشت کە پشتگوێی خستن. هەمیشە بیرت لای ئەستێرەکان بێت، بەڵام با چاوت لەسەر هەنگاوەکانت بێت، ئەگینا دەکەویتە ناو قوڕ و لیتاوێک بەهۆکاری چاوتێڕوانینی سەرەوەت. پاڕادۆکسە خواییەکەت بیر بێت، لەکاتێکدا کە گەردوون وانییە، هێشتاش وایە. هەمیشە دوو جەمسەرەکەی ڕاستیت بیر بێت – ڕەهاکە و ڕێژەییەکە. ئاگاداربە لە نیوە ژیرەکان.

ئەوەی هەرمێتیستەکان ناوی دەبەن بە "یاسای پاڕادۆکس" لایەنێکی بنەمای جەمسەرگرییە. نووسینەکانی هەرمێتیک پڕن لە ئاماژەکردن بە دەرکەوتنی پاڕادۆکسەکە لە لەبەرچاوگرتنی کێشەکانی ژیان و بوون. فێرکارەکان بەردەوام فێرخوازەکانیان ئاگادار دەکەنەوە دژی هەڵەی لادان بۆ "لاکەی تری" هەر پرسیارێک. وە ئاگادارییەکانیان بە تایبەتی ئاراستەی کێشەکانی ڕەها و ڕێژەیی کراوە، کە سەری لە هەموو فێرخوازانی فەلسەفە شێواندووە، و بووە بە هۆکاری ئەوەی زۆرێک بە پێچەوانەی ئەوەوە بیربکەنەوە و کار بکەن کە ناودەبرێت بە "هەستی باو." وە ئێمە ئاگاداری هەموو فێرخوازان دەکەینەوە دڵنیابنەوە لەوەی کە لە پڕادۆکسی خوایی ڕەها و ڕێژەیی تێگەیشتوون، ئەگینا گیردەخۆن لەناو قوڕ و لیتاوی نیوە ژیریدا. بە لەبەرچاوگرتنی ئەمە ئەم وانە دیاریکراوە تەواو بووە. وریایانە بیخوێنەوە!

یەکەم بیرۆکە کە بۆ بیری مرۆڤ دێت کاتێ ڕاستی گەردوونی بۆ دەردەکەوێت کە دروستکراوێکی بیرییە لە هەمووەکە، ئەوەیە کەوا گەردوون و هەموو شتێک کە تیایدایەتی تەنها خەیاڵێکە؛ ناڕاستەقینەیەکە؛ دژی ئەو بیرۆکەیەی کە غەرپیزەکانی یاخی دەبن لێی. بەڵام ئەمە، وەکو هەموو ڕاستییە مەزنەکانی تر، دەبێت لە هەردوو تێڕوانینەکانی ڕەها و ڕێژەییەوە لەبەرچاو بگیرێت. لە ڕووە ڕەهاکەیەوە، بەدڵنیایەوە، گەردوون لە سروشتدا خەیاڵێکە، خەونێکە، فانتاسمەگۆریایەکە، کاتێ بەراورد دەکرێت بە هەمووەکە خۆی. ئێمە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت تەنانەت لە تێڕوانینی ئاساییەوە، قسە لەسەر جیهان دەکەین وەکو "نمایشێکی ڕۆیشتوو" کە دێت و دەڕوات، لە دایک دەبێت و دەمرێت – چونکە توخمەکانی نا هەمیشەیی و گۆڕان، کۆتایی هاتوویی و نا ناوەڕۆکییەتی، دەبێت هەمیشە ببەسترێنەوە بە بیرۆکەی هەمووەکە، بێ گوێدانە ئەوەی باوەڕەکانمان هەرچییەک بێت دەربارەی سروشتی هەردووکیان. فەیلەسوف، مێتافیزیازان، زانا و ئایینزان هەموویان هاوڕان لەسەر ئەم بیرۆکەیە، و بیرۆکەکە لە هەموو شێوازەکانی بیرۆکەی فەلسەفی و چەمکە ئایینییەکاندا دەدۆزرێتەوە، بەهەمان شێوەی بیردۆزکانی فێرگە ڕێزلێگیراوەکانی مێتافیزیازانەکان و ئایینزانی.

بۆیە، فێرکارییەکانی هەرمێتیک نا ناوەڕۆکییەتی گەردوون فێرناکەن لە هەر زاراوەکەی بەهێزتر وەکو لەوانەی ئاشناترن بۆ تۆ، هەرچەندە لەوانەیە پێشەکشردنیان لە بابەتەکە بە جۆرێک تۆقێنەر دەربکەوێت. هەموو شتێک کە دەستپێکردن و کۆتایی هاتنێکی هەیە دەبێت، بەشێوەیەک، ناڕاستەقینە و ناڕاستی بێت، و گەردوون لەژێر ئەم یاسایەوە دێت، لە هەموو فێرگەی بیرۆکەکاندا. لە ڕووە ڕەهاکەیەوە، هیچ شتێکی ڕاستەقینە نییە جگە لە هەمووەکە، بێ گوێدانە ئەوەی چ زاراوەیەک بەکاردەهێنین کاتێ بیری لێدەکەینەوە، یان باسی بابەتەکە دەکەین. گەر گەردوون لە مادده دروستکرابێت، یاخود گەر دروستکراوێکی بیری بێت لە بیری هەمووەکەدا – نا ناوەڕۆکییە، نا ئارامگرە، شتێکی کاتی، بۆشاییە و گۆڕانە. ئێمە دەمانەوێت بەشێوەیەکی تەواو ئەم ڕاستییەتان بۆ دەربکەوێت، پێش ئەوەی بڕیار لەسەر چەمکی

هەرمێتیک بدەن لە سروشتی بیری گەردوون. بیربکرەوە لە هەر چەمکێک و هەموویان ئەوانی تر، و ببینە ئەمە ڕاست دەبێت لێیان یاخود نا.

بەڵام ڕووە ڕەهایەکە تەنها لایەکی وێنەکە نیشان دەدات – لاکەی تر ڕووە ڕێژەییەکەیە. ڕاستییە ڕەهایەکە پێناسە کرا وەکو "شتەکان بەو شێوەیەی بیری خوا دەیانزانێت،" لەکاتێکدا ڕاستییە ڕێژەییەکە بریتییە لە "شتەکان بەو شێوەیەی بەرزترین ژیری مرۆڤ دەیزانێت." بۆیە لەکاتێکدا بۆ هەمووەکە گەردوون دەبێت ناڕاستەقینە و خەیاڵی بێت، تەنها خەونێک یاخود دەرەنجامێکی مێدیتیشن – سەرەڕای ئەوەش، بۆ بیرە کۆتایی هاتووەکان کە بەشێکی ئەو گەردوونە پێکدەهێنن، و لێی دەڕوانن لە توانستی تیاچوونەوە، گەردوون زۆر ڕاستییە بە دڵنیاییەوە، وە دەبێت واش دابنرێت. لە دەرکەوتنی ڕووە ڕەهاکەوە، نابێت هەڵەی پشتگوێ خستن یان ڕەتکردنەوەی ڕاستییەکان و دیاردەی گەردوون بکەین بەو شێوەیەی کە خۆیان پێشکەشی توانستی تیاچوونەی ئێمە دەکەن – ئێمە هەمووەکە نین، بیرتبێت. بۆ ڕوونکردنەوەی هاوشێوە، هەموومان ئەو ڕاستییە دەزانین کەوا مادده "بوونی هەیە" بۆ هەستەکانی ئێمە – خراپ دەڕۆین گەر وانەکەین. بەڵام هێشتاش، تەنانەت بیرە کۆتایی هاتووەکانی ئێمەش لەو ڕاستییە گشتییە تێدەگات کەوا هیچ شتێک بوونی نییە وەکو مادده لە تێڕووانینێکی زانستییەوە – ئەوەی پێی دەڵێن مادده تەنها کۆمەڵەیەکی گەردیلەکانن، کە گەردیلەکان خۆیان تەنها کۆمەڵەیەکی یەکەی هێزن، پێیان دەوترێت ئەلیکترۆن یان "ئایۆن،" کە لە جووڵەیەکی جێگیری بازنەییدا دەلەرنەوە. شەقێک لە بەردێک دەدەین و هەست بە کاریگەرییەکەی دەکەین – وا دەردەکەوێت ڕاستییە، سەرەڕای ئەوەی دەزانین کەوا تەنها ئەوەیە کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێدا. بەڵام بیرت بێت کەوا پێی ئێمە، کە هەست بە کاریگەرییەکە دەکات لەڕێگای مێشکمانەوە، بەهەمان شێوە ماددەیە، بەهەمان شێوە پێکهاتووە لە ئەلیکترۆنەکان، وە بەهەمان شێوەش مێشکمان دەربارەی ئەمە. وە، لە باشترین باردا، گەر بەهۆکاری بیرمان نەبا، نە هەستمان بە پێمان دەکرد نە بەردەکە بەهیچ شێوەیەک.

بۆیە دووبارە، نموونەیەکی هونەرمەندێک یان پەیکەرتاشێک، کە هەوڵی بەرهەمهێنانی دەدات لە بەردێک یان تابلۆیەکدا، زۆر ڕاستەقینە دەردەکەوێت بۆی. بەهەمان شێوە کەسایەتییەکانی بیری نووسەرێک، یان چیرۆکنووسێک، کە دەیەوێت دەریانبخات تا ئەوانی تریش بیان ناسن. وە گەر ئەمە ڕاست بێت لە حاڵەتی بیری کۆتایی هاتووی ئێمەدا، دەبێت چ شتێک پلەی ڕاستەقینە بێت لە وێنە بیرییەکان کە لە بیری ناکۆتاکەدا دروستکراون! ئای، هاوڕێیان، بۆ تیاچووەکان ئەم گەردوونە بیرییە ڕاستییە بەدڵنیایەوە — ئەمە تەنها دانەیە کە هەرگیز بتوانین بیزانین، هەرچەندە لە ڕووتەختەوە بۆ ڕووتەخت بەرزدەبینەوە، بەرزتر و بەرزتر تیایدا. بۆ زانینی بەشێوەیەکی تر، بە ئەزموونی ڕاستەقینە، ئێمە دەبێت هەمووەکە خۆی بین. ڕاستە هەرچەند بەرزتر بینەوە لە پێوانەکەدا — نزیکتر دەبینەوە لە گەیشتن بە "بیری باوکەکە" — سروشتی خەیاڵی شتە کۆتایی هاتووەکان دیارتر دەبێت، بەڵام خەیاڵەکە کۆتایی نایات هەتاوەکو هەمووەکە لەکۆتاییدا ئێمە نەکشێنێتەوە بۆ ناو خۆی.

بۆیە، پێویستیمان بەوە نییە لە تایبەتمەندی خەیاڵیدا بژین. لەجیاتی ئەوە با، سروشتی ڕاستەقینەی گەردوون بزانین، بمانەوێت لە یاسا بیرییەکانی بگەین، و هەوڵبدەین بەکاریان بهێنین بۆ باشترین کاریگەری لە گەشەسەندنمان بەرەو سەرەوە لە ژیان، هەر کە لە ڕووتەختەوە بۆ ڕووتەختی بوون گەشت دەکەین. یاساکانی گەردوون لەگەڵ ئەوەشدا "یاسای ئاسنینن" لەبەر سروشتی بیری. هەموو شتێک، جگە لە هەمووەکە، پێیانەوە بەستراونەوە. ئەوەی لە بیری ناکۆتای هەمووەکەدایە ڕاستەقینەیە لە پلەیەکدا دووەم بۆ تەنها ڕاستەقینە خۆی کە داپۆشراوە لە سروشتی هەمووەکەدا.

کەوایە، هەست بە دوودڵی و ترس مەکە — ئێمە هەموومان بە توندوتۆڵی لەبیری ناکۆتای هەمووەکەدا هەڵگیراوین، و هیچ شتێک نییە ئازارمان پێبگەیەنێت یاخود بمان ترسێنێت. هیچ هێزێک نییە لە دەرەوەی هەمووەکە تا کارمان لێبکات. بۆیە دەتوانین بە هێمنی و پارێزراوی پشوو بدەین. جیهانێکی ئاسوودەیی و پارێزاوی هەیە لەم بۆ دەرکەوتنە هەر کە بەدەست هێنرا. دواتر "بەهێمنی و ئاشتییانە دەخەوین، ڕادەژێنرێین

لە قەفەزی قوڵییەکەدا." — بە پارێزراوی لە سینەی زەریای بیرە ناکۆتاکەدا پشوو دەدەین، کە هەمووەکەیە. لە هەمووەکەدا، بەدڵنیایەوە، "دەژیەین و دەجووڵێین و بوونمان هەیە."

مادده هیچی تر نییە لە مادده بۆ ئێمە، لەکاتێکدا لە ڕووتەختی ماددەدا دەژین، هەرچەندە دەزانین کە بەیەکەوە بەسترانێکە لە "ئەلیکترۆنەکان،" یان تەنۆلکەکانی هێز، کە خێراییانە دەلەرنەوە و بەدەوری یەکتردا دەسووڕێنەوە لە پێکهاتنی گەردیلەکاندا؛ گەردیلەکانیش لەمەوە دەلەرنەوە و دەسووڕێنەوە، گەردەکان پێکدەهێنن، کە دواتر لەمەوە بارستایی گەورەتری مادده پێکدەهێنن. نە ماددەش کەمتر دەبێت لە مادده، کاتێ هێشتاش دوورتر دوای پرسەکە دەکەوین، و لە فێرکارییەکانی هەرمێتیکەوە فێردەبین، کەوا "هێزی" ئەلیکترۆنەکان تەنها یەکەی دەرخستنن لە بیری هەمووەکەدا، و وەکو هەموو شتێکی تر لە گەردووندا بە پوختی بیرییە لە سروشتدا. لەکاتێکدا لە ڕووتەختی مادده، دەبێت دیاردەکەی بزانین — دەتوانین مادده کۆنترۆڵ بکەین (هەروەکو چۆن هەموو مامۆستاکانی پلە بەرزتر و نزمترەکان دەیکەن)، بەڵام بە بەکارهێنانی هێزە بەرزترەکان دەیکەین. ئێمە گەمژەییەک ئەنجام دەدەین کاتێ بوونی مادده ڕەتدەکەینەوە لە لایەنێکی ڕێژەییەوە. دەتوانین مامۆستایەتی بەسەر خۆماندا ڕەتبکەینەوە — بە شێوەیکی ڕاست وابکە — بەڵام نابێت هەوڵ بدەین پشتگوێی بخەین لە لایەنی ڕێژەییدا، لانی کەم هەتاوەکو لەم ڕووتەختەدا دەژین.

یاساکانی سروشت کەمتر جێگیر و کاریگەرتر نابن، کاتێ دەیانزانین، بە هەمان شێوە، تەنها دروستکراوی بیرین. ئەوان لە کارامەیی تەواودان لە ڕووتەختە جۆراوجۆرەکاندا. ئێمە بەسەر یاسا نزمترەکاندا سەردەکەوین، بە بەکراهێنانی بەرزترەکان — وە تەنها بەم ڕێگایە. بەڵام ناتوانین لە یاسا دەربازبین و بە تەواوی بەرزبینەوە لەسەری. هیچ شتێک جگە لە هەمووەکە ناتوانێت لە یاسا دەربازی بێت — ئەمەش چونکە هەمووەکە خۆی یاسایە لە خۆیدا، کە هەموو یاساکانی لێوە دەردەچن.

پێشکەوتووترین مامۆستاکان دەتوانن ئەو تونایانە بەدەست بهێنن کە بەزۆری بە خواکانی مرۆڤ بەخشراون؛ و پلەی نەژمێردراوی بوونن، لە بۆماوەیی مەزنی ژیاندا، کە بوون و تواناکانیان تەنانەت بەرزترین مامۆستاکان تێدەپەڕێنێت، و بەرزترین بوون، دەبێت کڕنووش بۆ یاساکە بەرێت، و وەکو هیچ شتێک بێت لە چاوی هەمووەکەوە. ئەو یاسایانەی کە هەمووەکە دەیەوێت یاسای بەڕێوەبردن بن بەرەنگاری ناکرێنەوە و دەمەقاڵەیان لەسەر ناکرێ. هەتاوەکو گەردوون بەردەوام بێت، ئەوانیش بەردەوام دەبن — چونکە گەردوون بە چاکەی ئەو یاسایانە بوونی هەیە کە چوارچێوەکەی پێکدەهێنن و بەیەکەوەی دەبستن.

بنەمای بیرزانی هەرمێتیک، لەکاتێکدا سروشتی ڕاستەقینەی گەردوون ڕوون دەکاتەوە لەسەر بنەمای ئەوە کەوا هەموو شتێک بیرییە، چەمکە زانستییەکانی گەردوون، ژیان، یاخود پەرەسەندن ناگۆڕێت، لەڕاستیدا، زانست تەنها پشگیری فێرکارییەکانی هەرمێتیک دەکات. دێرکارییەکانی هەرمێتیک تەنها فێرمان دەکەن سروشتی گەردوون "بیرییە،" لەکاتێکدا زانستی سەردەم فێری کردووین کەوا "ماددەیە"؛ یاخود (لەدواتردا) "وزەیە" لە کۆتا شیکاریدا. فێرکارییەکانی هەرمێتیک هیچ هەڵەیەکیان نییە لە دۆزینەوەی بنەما بنچینەییەکانی هاربێرت سپێنسەر کەوا بوونی "وزەیەکی ناکۆتای هەمیشەیی دادەنێت، کە هەموو شتەکان هەیانە." لەڕاستیدا، هەرمێتیکەکان بەرزترین وتەی دەرەکی لە کارەکانی یاساکانی سروشت دەبیننەوە لە فەلسەفەی سپینسەر کە ڕاگەینرابێت، و بڕوایان وایە سپێنسەر بەرجەستەبۆوەیەکی فەیلەسوفێکی کۆنە کە لە میسری کۆن ژیاوە هەزار ساڵ لەمەوبەر، وە دواتر وەکو هێراکلیتەس بەرجەستەبۆتەوە، فەیلەسوفێکی یۆنانی کە لە ٥٠٠ ساڵ پێش زایین ژیاوە وە وتەکەی "وزەی ناکۆتای هەمیشەیی" ڕاستەوخۆ لە فێرکارییەکانی هەرمێتیک دادەنێن، هەمیشە بە زیادکردنی باوەڕگەی خۆیان کەوا "وزەکەی" وزەی بیری هەمووەکەیە. لەگەڵ ئەم کلیلە مامۆستایەتیەی فەلسفەی هەرمێتیک، فێرخوازی سپێنسەر دەتوانێت دەرگای زۆر بکاتەوە لە چەمکە فەیلەسوفییە ناوەکییەکانی فەیلەسوفە ئینگلیزییە مەزنەکە، کە کارەکانی دەرەنجامی ئامادەکاری

بەرجەستەبووەکانی پێشووتری نیشان دەدەن. فێرکارییەکانی دەربارەی پەرەسەندن و ڕیتم بەنزیکەیی تەواو هاوڕان لەگەڵ فێرکارییەکانی هەرمێتیک دەربارەی بنەمای ڕیتم.

بۆیە، فێرخوازی هەرمێتیکەکان پیویستیان بەوە نییە هیچ کامێک لە تیڕوانینە چاوەڕوانکراوەکانی ئەو بخەنە لاوە دەربارەی گەردوون. هەموو ئەوەی داوای لێدەکرێت ئەوەیە بنەمە بنچینەییەکە تێبگات کە "هەمووەکە بیرە؛ گەردوون بیرییە — کە لەناو بیری هەمووەکەدا هەڵگیراوە." بۆی دەردەکەوێت کەوا شەش بنەماکانی تر "هاوگونجاو دەبن" لەگەڵ زانیارییە زانستییەکانی، و یارمەتی دەدەن خاڵە نادیارەکان بدۆزێتەوە و ڕووناکی بخاتە سەر گۆشە تاریکەکان. ئەمە پرسیاری لێ ناکرێت، کاتێ کاریگەری بیرۆکەی هەرمێتیکمان بۆ دەردەکەوێت لەسەر فەیلەسوفە سەرەتاییەکانی یۆنان، ئەوانەی کە بیرۆکە و بیردۆزەکانی زانستی ئەمڕۆیان لەسەر بنیات نراوە بە تەواوی. قبوڵکردنی یەکەم بنەمای هەرمیتیک (بیرزانی) تاکە خاڵی گەورەی جیاوازییە لەنیوان زانستی سەردەم و فێرخوازەکانی هەرمێتیک، و زانست بەردەوام بەرەو شوێنی هەرمێتیک دەڕوات لە پەلەقاژێی تاریکی بۆ ڕێگایەک لە دەرچوون لە ڕێگای لولپێچی بۆ ئەوەی کە پێی گەیشتووە لە گەڕان بۆ ڕاستەقینە.

مەبەستی ئەم وانەیە بریتییە لە سەرنجڕاکێشانی بیرەکانی فێرخوازەکانمان بۆ ئەو ڕاستییەی کەوا، بۆ هەموو مەبەست و خوازیارەکان، گەردوون و یاساکانی، وە دیاردەکەی، بەو شێوەیە ڕاستن، کە دەتوانرێت ببن لەژێر گریمانەی ماددەخوازی و وزەخوازی، کە تا ئێستا، مرۆڤ نیگەرانی بێت. لەژێر هەر گریمانەیەکدا گەردوون لەلایەنی دەرەکیدا دەگۆڕێت، هەمیشە ڕۆیشتووە، و کاتییە — وە بۆیە بەتاڵە لە ناوەڕۆکییەتی و ڕاستەقینەیی. بەڵام (تێبینی جەمسەرەکەی تری ڕاستییەکە بکە) لەژێر هەر گریمانەکانی تری هاوشێوەدا، ئێمە ناچارین کە بژیەین و ڕەفتار بکەین وەکو ئەوەی شتە ڕۆیشتووەکان ڕاستەقینەن و ناوەڕۆکین. لەگەڵ ئەم جیاوازییە، هەمیشە، لەنێوان گریمانە جۆراوجۆرەکاندا — کەوا لەژێر تێڕوانینە کۆنەکاندا توانای بیری پشتگوێ خراوە وەکو هیزێکی سروشتی، لەکاتێکدا لەژێر بیرزانی دەبێت بە

گەورەترین هێزی سروشت. وە ئەم تاکە جیاوازییە شۆڕش لە ژیاندا بەرپا دەکات، بۆ ئەوەی کە لە بنەماکە و یاسا و ڕاهێنانە دەرەنجامەکانی دەگەن.

کەوایە لە کۆتاییدا، هەموو فێرخوازان، سودی بیرزانی بەدەست دەهێنن، و فێردەبن تا بزانن، چۆن ئەو یاسایانە بەکاربهێنن کە لێوە دروست دەبن. بەڵام خۆ بەدەستەوە نەدەن بۆ ئەو فریودانەی کە، هەروەکو کاییباڵیەن دەیڵێت، بەسەر نیوە ژیرەکاندا سەردەکەوێت و دەبێتە هۆی خەواندنییان بە ناڕاستەقینەیی دیاری شتەکان، دەرەنجامەکەشی ئەوە دەبێت پرسیار لەم و لەو دەکەن وەکو خەڵکی خەیاڵاوی کە لە جیهانێکی خەیاڵاویدا دەژیات، کاری کردەیی ژیانی مرۆڤ پشتگوێ دەخەن، کۆتاییەکەشی ئەوە دەبێت کەوا "شکاون دژی بەردەکان و پارچە پارچە بوون بە توخمەکان، بە هۆکاری گەمژەییان." لەجیاتی ئەمە شوێن نموونەی ژیرەکە بکەون، کە هەمان دەسەڵات دەڵێت، "یاسا دژی یاسا بەکاربهێنە؛ بەرزترەکە دژی نزمترەکە؛ وە بە هونەری ئالکێمی ئەوە دەگۆڕن کە نەویستراوە بۆ ئەوەی کە بەنرخە، وە لەمەشەوە سەرکەوتن بەدەست دەهێنن." بەپێی ئەم دەسەڵاتە، با خۆمان ڕزگار بکەین لە نیوە ژیرەکە (کە گەمژەیە) کە ئەو ڕاستییە پشتگوێ دەخات کەوا: "مامۆستایەتی پێکنەهاتووە لە خەون، بینایی و هێنانە بەرچاوی سەرسامکەر یاخود ژیاو، بەڵکو لە بەکارهێنانی هێزە بەرزترەکان دژی نزمترەکان – دەربازبوون لە ئازاری ڕووتەختە نزمترەکان بە لەرینەوە لە بەرزترەکە." هەمیشە بیرتبێت، فێرخواز، کەوا "گۆڕین، نەوەکو نکۆڵی کردنی بەفیز، چەکی مامۆستایە." وتەکانی سەرەوە لە کەباڵیەنن، و شایەنی ئەوەن کە لەبەربکرێن لەلایەن فێرخوازەوە.

ئێمە لە جیهانێکی خەونەکاندا ناژین، بەڵکو لە گەردوونێکدا کە، لەکاتێکدا ڕێژەییە، ڕاستەقینەیە هەتاوەکو ژیان و کردارەکانمان نیگەرانی بن. کاری ئێمە لە گەردووندا ئەوە نییە نکۆڵی لە بوونی بکەین، بەڵکو تا بژیەین، یاساکان بەکاربهێنین بۆ بەرزبوونەوە لە نزمترەوە بۆ بەرزتر – بەردەوام بوون لە ژیان، باشترین بکەین کە لەدەستمان دێت لەژێر ئەو بارودۆخانەی ڕۆژانە دروست دەبن، و

دەژیەن، هەتاوەکو بکریێت، بۆ بەرزترین بیرۆکە و نموونەکانمان. واتای ڕاستەقینەی ژیان نەزانراوە بۆ مرۆڤ لەم ڕووتەختەدا – ئەگەر، بەدڵنیایەوە، بۆ هەرکەسێک زانراو بێت – بەڵام بەرزترین دەسەڵاتەکان، و ژیری خۆمان، فێرمان دەکەن کەوا هیچ هەڵەیەک ناکەین بە ژین بە باشترین شێوەمان، هەتاوەکو بکریێت، وە بە دەرکەوتنی سەودای گەردوونی بەهەمان ئاڕاستە سەرەڕای بەڵگە ئاشکراکان بە پێچەوانەوە. هەموومان لەسەر ڕێگاین – ئەو ڕێگایەی کە هەمیشە بەرەو سەرەوە دەڕوات، بە شوێنی وەستانی زۆر.

پەیامی کەبالّیەن بخوێنەوە – وە شوێن نموونەی "ژیرەکە" بکەوە – خۆت ڕزگار بکە لە هەڵەی "نیوە ژیرەکە" کە لەناوچوون بە هۆکاری گەمژەیی خۆیان.

## بەشـــــی ٧.

# "هەمووەکە" لە هەمووداا.

---

*"لەکاتێکدا هەموو شتێک لە هەمووەکەدایە، بەهەمان شێوەش ڕاستە کە هەمووەکە لە هەموو شتێکدایە. بۆ ئەوەی کە بەڕاستی لەم ڕاستییە تێدەگات زانستی زۆر بەدەست هاتووە." – کەباڵیەن.*

تا چەند زۆرینەی خەڵک ئەو وتەیەیان بیستووە و وتۆتەوە کە خواکەیان (کە بەناوی زۆرەوە بانگ کراوە) بریتی بووە لە "هەموو لە هەمووداا،" وە چەند کەم هەستیان بە ڕاستی نهێنی ناوەکی شاراوە کردووە لەم وشە کەمتەرخەم بڵاوکراوانەدا؟ ئەم دەربڕینە بەکارهێنراوە باوە لە کۆنەوە ماوەتەوە. ڕاستی گشتی هەرمێتیک لەسەرەوە نووسراوە. هەروەکو کەباڵیەن دەڵێت: "بۆ ئەوەی کە بەڕاستی لەم ڕاستییە تێدەگات، زانستی زۆر بەدەست هاتووە." بۆیە، لەبەر ئەمە، با ئەم ڕاستییە بدۆزینەوە، ئەو تێگەیشتنەی کە هێندە بەنرخە. لەم وتەی ڕاستییەدا – ڕاستی گشتی هەرمێتیک – یەکێک لە مەزنترین ڕاستییە فەیلەسوفی، زانستی و ئایینیەکان شاردراوەتەوە.

ئێمە فێرکارییەکانی هەرمێتیکمان پێبەخشیت دەربارەی سروشتی بیری گەردوون – ئەو ڕاستییەی کەوا "گەردوون بیرییە – لە بیری هەمووەکەدا هەڵگیراوە."
هەروەکو کەباڵیەن دەڵێت، لە پارچە نووسراوی سەرەوەدا: "هەموو شتێک لە هەمووەکە دایە." بەڵام بەهەمان شێوە وتە هاوپەیوەندەکە تێبینی بکە، کەوا "بەهەمان شێوە ڕاستە

کەوا هەمووەکە لە هەموو شتێک دایە." ئەم وتە پێچەوانە دیارە گونجاوە لەژێر یاسای پاڕادۆکسدا. ئەمە، و زیاتریش لەمە، وتەیەکی دەقیقی هەرمێتیکە لە پەیوەندییەکانی نێوان هەمووەکە و گەردوونە بیرییەکەی. تێگەیشتین کەوا چۆن "هەموو شتێک لە هەمووەکە دایە" – ئێستا با لەلایەنەکەی تری بابەتەکە بکۆڵینەوە.

فێرکارییەکانی هەرمێتیک بەو کاریگەرییەن کەوا هەمووەکە چاوەڕوانکراوە لە ("دەمێنێتەوە لە؛ بۆماوەیە؛ بەردەوامە لەناو") گەردوونەکەیدا، وە لە هەموو بەشێک، تەنۆلکەیەک، یەکەیەک، یان پێکهاتێک، لەناو گەردووندا. ئەم وتەیە بەزۆری ڕووندەکرێتەوە لەلایەن فێرکارەکانەوە بە ئاماژەکردن بە بنەمای هاوگونجان. فێرکارەکە فێرخوازەکە ڕێنمایی دەکات بۆ پێکهێنانی وێنەیەکی بیری لە شتێک، کەسێک، بیرۆکەیەک، شتێک کە وێنەیەکی بیری پێکبهێنێت، پەسەندترین نموونە ئەوەی نووسەرێکە یان چیرۆک نووسێکە کاتێ بیرۆکەیەکی کەسایەتییەکانی دروست دەکات؛ یان وێنەکێشێک و پەیکەرتاشێک کاتێ وێنەیەکی نموونەیەک دروست دەکات کە دەیەوێت دەریبڕێت بە هونەرەکەی. لە هەر حاڵەتێکدا، فێرخوازەکە بۆی دەردەکەوێت کەوا لەکاتێکدا وێنەکە بوونی خۆی هەیە، و بوونی هەیە، تەنها لەناو بیری خۆیدا، هێشتاش ئەو، فێرخوازەکە، نووسەرەکە، چیرۆک نووسەکە، وێنەکێشەکە، یان پەیکەرتاشەکە، بەشێوەیەک، چاوەڕوانکراوە لە؛ دەمێنێتەوە لە؛ یاخود بەردەوامە لە، وێنە بیریەکەیدا بەهەمان شێوە. بە واتایەکی تر، تەواوی زیندوویی، ژیان، ڕۆح، لە ڕاستەقینەدا لە وێنەی بیریدا دەردەچێت لە "بیری چاوەڕوانکراوی" بیرمەندەکە. ئەمە لەبەرچاو بگرە بۆ ساتێک، هەتاوەکو لە بیرۆکەکە تێدەگەیت.

بۆ وەرگرتنی نموونەیەکی سەردەم، بابڵێین کەوا ئۆثێلۆ، لاگۆ، هاملێت، لیەر، ڕیچاردی سێیەم، تەنها لە بیری شەیکسپیردا بوونیان هەبوو، لەکاتی بیرکردنەوە لێیان و دروستکردنیان. بەڵام هیشتاش، شەیکسپیر بوونی هەبوو لە هەر یەکێک لەو کەسایەتییانەدا، زیندوویی، ڕۆح و کرداری خۆی پێداون. کە بریتین لە "ڕۆحی" ئەو

کەسایەتیانەیەی ناسراون وەکو میکاوبەر، ئۆلیڤەر تویست، ئوریا هیپ، - ئایا ئەمە دیکنسە، یاخود هەر یەکێک لەم کەسایەتیانە ڕۆحی خۆیان هەیە، سەربەخۆ لە دروستکەرەکەیان! ئایا ڤینۆسی مێدیچی، مادۆنای سستین، ئەپۆلۆ بێلڤیدەر، ڕۆح و ڕاستەقینەی خۆیان هەیە، یاخود توانا بیری و ڕۆحییەکانی دروستکەرەکانیان پێشکەش دەکەن! یاسای پاڕادۆکس ڕوونی دەکاتەوە کەوا هەردوو دەستەواژەکان ڕاستن، گەر لە تێڕوانینی گونجاوە لێیان بڕوانرێت. میکاوبەر هەردوو میکاوبەر، و دیکنسیشە. وە، دووبارە، لەکاتێکدا دەتوانرێت بوترێت میکاوبەر دیکنسە، بەڵام دیکسن هاوشێوەی میکاوبەر نییە. مرۆڤ، وەکو میکاوبەر، دەتوانێت بڵێت "ڕۆحی دروستکەرم بۆماوەتەوە لە خۆمدا — بەڵام هێشتاش من ئەو نیم!" ئەمە چەند جیاوازە لە نیوە ڕاستی سەرسوڕهێنەر کە هێندە بە دەنگی بەرزەوە ڕاگەیەنراوە لەلایەن نیوە ژیرانێکی دیاریکراو، کە دەوروبەر پڕ دەکەن بە هاواری دەنگی گڕیان "من خوام!" میکاوبەری داماو بهێنە بەرچاوی خۆت، یاخود ئوریا هیپی فێڵباز، هاواربکات: "من دیکنسم!"؛ یاخود هەندێک لە تۆپەڵە قوڕە نزمەکان لە یەکێک لە شانۆکانی شەیکسپیردا، دروستکەریانە ڕاییگەیەنێت کەوا: "من شەیکسپیرم!" هەمووەکە لە کرمی خاکی دایە، بەڵام کرمە خاکییەکە زۆر دوورە لە بوون بە هەمووەکە. هێشتاش پرسەکە دەمێنێتەوە، کەوا هەرچەندە کرمە خاکییەکە تەنها وەکو شتێکی نزم بوونی هەیە، دروستکراوە و بوونی هەیە تەنها لەناو بیری هەمووەکەدا — هێشتاش هەمووەکە چاوەڕوانکراوە لە کرمە خاکییەکەدا، و لەو تەنۆلکانەی کە کرمە خاکییەکە پێکدەهینن. دەبێت هیچ نهێنیەکی گەورەتر بوونی هەبێت وەکو لەوەی "هەموو شتێک لە هەمووەکە دایە؛ و هەمووەکە لە هەموو شتێکدایە؟"

فێرخوازەکە، بە دڵنیایەوە، بۆی دەردەکەوێت کەوا ڕوونکردنەوەکانی سەرەوە پێویستیانە ناتەواون و بەش نەکردوون، چونکە دروستکراوەی وێنەی بیری پێشکەش دەکەن لە بیرە کۆتایی هاتووەکاندا، لە کاتێکدا گەردوون دروستکراوێکی بیری ناکۆتایە — وە جیاوازی نێوان دوو جەمسەرەکان جیایان دەکاتەوە. بەڵام هێشتاش ئەمە تەنها پەیوەستە بە پلەوە — هەمان بنەما لە کارا دایە — بنەمای هاوگونجان لەهەر

یەکێکیاندا دەردەکەوێت – "لەسەرەوە چۆن بێت، لە خوارەوەش ئاوایە؛ لەخوارەوە چۆن بێت، لە سەرەوەش ئاوایە."

وە، بەهۆی ئەوەی کەوا مرۆڤ بوونی ڕۆحی چاوەڕوانکراوی ناوژیاوی لەناو خۆیدا بۆ دەردەکەوێت، بۆیە بەرز دەبێتەوە لە پێوانەی ڕۆحی ژیاندا. ئەمەیە واتای گەشەسەندنی ڕۆحی – تێگەیشتن، دەرکەوتن، و دەرخستنی ڕۆح لەناو خۆماندا. هەوڵبدە ئەم کۆتا پێناسەیەت لەبیر بێت – ئەوەی گەشەسەندنی ڕۆحی. ئەمە ڕاستی ئایینی ڕاستەقینەی لەخۆ گرتووە.

ڕووتەختی زۆری بوون هەیە – ژێر ڕووتەختی زۆری ژیان – پلەی زۆری بوون لە گەردووندا. وە هەموویان پشت دەبەستن بە پێشکەوتنی بوونەوەرەکان لە پێوانەکەدا، ئەو پێوانەیەی نزمترین خاڵ گەورەترین ماددەیە، بەرزرین بوونیش جیاکراوەتەوە تەنها بە تەنکترین دابەش بوون لە ڕۆحی هەمووەکە. وە، بەرەو سەرەوە و خوارەوە دەڕوات بەدرێژایی ئەم پێوانەی ژیانە، هەموو شتێک دەجووڵێت. هەموو شتێک لەسەر ڕێگاکەیە، کە کۆتاییەکەی هەمووەکەیە. هەموو بەرەو پێش چوونێک هاتنەوەیە بۆ ماڵەوە. هەموو شتێک بەرەو سەرەوەیە و بەردەوامە، سەرەڕای هەموو دەرکەوتنە پێچەوانە دیارەکان. ئەمە پەیامی ڕووناکۆبۆوەکەیە.

فێرکارییەکانی هەرمێتیک دەربارەی پرۆسەی دروستکردنی بیری گەردوون، بریتین لەوەی کەوا لە سەرەتای سوڕی دروستکەری، هەمووەکە، لە لایەنی "بوونیدا"، خواستی دەردەکات بەرەو لایەنی "بوون بە،" و پرۆسەی دروستکردن دەست پێدەکات. فێردەکرێت کەوا پرۆسەکە پێکدێت لە نزمکردنەوەی لەرینەوە تا دەگات بە پلەیەکی زۆر نزمی وزە لەراوە، لەو پلەیەی گەورەترین شێوازی ماددە دەردەکەوێت. ئەم پرۆسەیە پێی دەوترێت قۆناغی تێوەگلاندن، کە تیایدا هەمووەکە "تێوەدەگلێ" یان "گرێ دەدرێ،" لە دروستکراوی خۆیدا. ئەم پرۆسەیە بە بڕوای هەرمێتیستەکان هاوگونجانێکی هەیە لەگەڵ پرۆسەی بیری هونەرمەندێک، نووسەرێک، یان داهێنەرێک، کە هێندە بە دروستکراوی بیری خۆیەوە گرێ دەدرێ بوونی خودی خۆی

لەبیر دەکات کە، لەو کاتەدا، "لە دروستکراوی ئەو بوونەدا دەژی." ئەگەر لە جیاتی "گریدان" وشەی "خەیاڵبردوو" بەکاربهێنین لەوانەیە بیرۆکەیەکی باشترمان دەستبکەوێت لەسەر ناوەڕۆکی شتەکە.

ئەم قۆناغی تێوەگلانەی دروستکردن هەندێ جار ناودەبرێت بە "بڵاوکردنەوەی" وزەی خوایی، هەروەکو چۆن قۆناغە پەرەسەندنییەکە ناودەبرێت بە "کێشانەوە." جەمسەری کۆتایی پرۆسەی دروستکردنەکە دانراوە بەوەی کەوا دوورترین دەرهێنراوە لە هەمووەکە، لە کاتێکدا دەستپێکردنی قۆناغە پەرەسەندنییەکە دانراوە بە دەستپێکردنی جۆلانەی گەڕانەوەی پەندۆڵی ڕیتمەکە – بیرۆکەی "هاتنە ماڵەوەیەک" لەناو هەموو فێرکارییەکانی هەرمێتیکدا هەڵگیراوە.

فێرکارییەکان دەڵێن لەماوەی "بڵاوکردنەوەکەدا،" لەرینەوە نزمتر و نزمتر دەبێت هەتا لەکۆتاییدا خەریکە بوەستێت، پاشان جۆلانەی گەڕانەوە دەستپێدەکات. بەڵام ئەم جیاوازییە هەیە، کەوا لەکاتێکدا لە "بڵاوکردنەوەکەدا" هێزە دروستکەرییەکان بە یەکگرتوویی دەردەخرێن وەکو یەک، هێشتاش لە دەستپێکردنی قۆناغی پەرەسەندندا یاخود "کێشانەوەدا،" یاسای بەتاک کردن دەردەکەوێت – ئەمە، بریتییە لە سەودای جیاکردنەوە بۆ یەکەکانی هێز، تاوەکو لە کۆتاییدا ئەوەی هەمووەکەی جێهێشتووە وەکو ناتاک دەگەڕێتەوە بۆ سەرچاوەکەی وەکو یەکەی نەژمێردراوی بەرزی هێزی گەشەسەندوو، کە بەرزتر و بەرزتر بوونەوە لە پێوەرەکەدا بە هۆکاری پەرەسەندنی فیزیایی، بیری و ڕۆحی.

هەرمێتیستە کۆنەکان وشەی "مێدیتەیشن" بەکاردەهێنن، لە وەسفکردنی پرۆسەی دروستکردنی بیری گەردوون لە بیری هەمووەکەدا، وشەی "پێشبینی کردن" بەهەمان شێوە زۆرجار بەکاردەهێنرێت. بەڵام بیرۆکە خوازراوەکە پێدەچێت بریتی بێت لە بەکارخستنی سەرنجی خوایی. "سەرنج" وشەیەکە کە لە ڕەگە لاتینییەکەیەوە وەرگیراوە، واتا "گەیشتن؛ کشان،" بۆیە کاری سەرنج بەڕاستی "گەیشتنێکی؛

کشانێکی" بیرییە لە وزەی بیری، تاوەکو بیرۆکە بنچینەییەکە ئامادەباشانە تێگەیشتراو بێت کاتێ واتا ڕاستەقینەکەی "سەرنج" ڕووندەکەینەوە.

فێرکارییەکانی هەرمێتیک دەربارەی پرۆسەی پەرەسەندن بریتین لەوەی کە، هەمووەکە، بە مێدیتەیشن کردن لەسەر دەستپێکردنی دروستکراو – لەمەوە بنچینەی ماددی گەردوونی دامەزراندووە – کە بیری لێکردۆتەوە بۆ بوون – دواتر وردە وردە بەخەبەردێت یان هەڵدەکشێت لە مێدیتەیشنەکەی و بەمەش دەست دەکات بە دەرخستنی پرۆسەی پەرەسەندن، لەسەر ڕووتەختەکانی ماددی، بیری و ڕۆحی، یەک لە دوای یەک بە ڕیز. لەمەشەوە جووڵەی بەرزبوونەوە دەستپێدەکات – و هەموو شتێک دەست دەکات بە جووڵەی بەرەو ڕۆح. مادده بچووکتر دەبێتەوە؛ یەکەکان لە پڕ لە بووندا دەردەکەون؛ یەکگرتنەکان پێکدێن؛ وە بیریش زیاتر و زیاتر سەلمێنراو دەبێت – لەرینەوەکان بەردەوام بەرزتر دەبنەوە. بە کورتی، تەواوی پرۆسەی پەرەسەندن، لە هەموو قۆناغەکانیدا، دەست دەکات، و بەردەوام دەبێت بەپێی یاسا دامەزراوەکان لە پرۆسەی "کێشانەوە." هەموو ئەمە ڕۆژگار لەسەر ڕۆژگار داگیر دەکات لە کاتی مرۆڤدا، هەر ڕۆژگارێک ملیۆنان ساڵی نەژمێردراو لەخۆدەگرێت، بەڵام هێشتاش ڕوونکبۆوەکان ئاگادارمان دەکەنەوە کەوا تەواوی دروستکراو، بە تێوەگلان و پەرەسەندنەوە، لە گەردوونێکدا، تەنها "وەکو چاو تروکانێکە" بۆ هەمووەکە. لە کۆتایی سوڕە نەژمێدراوەکانی ڕۆژگارەکاندا، هەمووەکە سەرنجی خۆی دەکێشێتەوە – پێشبینی کردن و مێدیتەیشنی – لە گەردوون، چونکە کارە مەزنەکە کۆتایی هاتووە – و هەموو شتێک دەکێشرێتەوە بۆ هەمووەکە کە لێیەوە هاتووە. بەڵام نهێنی نهێنییەکان – ڕۆحی هەر گیانێک لەناو ناچێت، بەڵکو ناکۆتاییانە فراوان دەکرێت – دروستکەر و دروستکراو یەکدەگرن. ئەمە ڕاگەیاندنی ڕووناکبۆوەکانە!

ڕوونکردنەوەکەی سەرەوە بۆ "مێدیتەیشن،" و دوای ئەو "بەخەبەر هاتنەوە لە مێدیتەیشن،" لە هەمووەکە، بە دڵنیایەوە تەنها هەوڵێکی فێرکارەکانە بۆ وەسفکردنەکانی پرۆسەی ناکۆتا لەلایەن نموونەیەکی کۆتایی هاتوو. بەڵام، هێشتاش:

"لەخوارەوە چۆن بێت، لە سەرەوەش ئاوا دەبێت." جیاوازییەکە تەنها لە پلە دایە. وە هەروەکو چۆن هەمووەکە خۆی دەهێنێتەوە جۆش لە مێدیتەیشن لەسەر گەردوون، بەهەمان شێوەش مرۆڤ (بەپێی کات) لە دەرخستن دەوەستێت لەسەر ڕووتەختی ماددی، و خۆی دەکێشێتەوە زیاتر و زیاتر بۆناو ڕۆحی نیشتەجێبوو، کە بەدڵنیاییەوە "خۆی خواییە."

شتێکی تر هەیە کە دەمانەوێت قسەی لەسەر بکەین لەم وانەیەدا، و ئەمە زۆر نزیک دەبێتەوە لە هێرشێک بۆ تێڕوانینی بواری مێتافیزیایی، هەرچەندە مەبەستمان تەنها ئەوەیە بێ سودی ئەم تێڕوانینە بخەینە ڕوو. ئێمە ناوی ئەو پرسیارە دەدەین کە خۆنەویستانە بە بیری هەموو بیرمەندەکاندا دێت کە سەرکەشی ڕێگای دۆزینەوەی ڕاستییان کردووە. پرسیارەکە بریتییە لەوەی: "بۆچی هەمووەکە گەردوونەکان دروست دەکات؟" پرسیارەکە لەوانەیە بەشێوەی جیاواز بکرێت، بەڵام ئەوەی سەرەوە پوختەی پرسەکەیە.

مرۆڤەکان زۆر هەوڵیان داوە بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، بەڵام هێشتاش هیچ وەڵامێک نییە شایەنی بێت. هەندێک وایان هێناوەتە بەرچاو کەوا هەمووەکە شتێکی هەیە بەدەستی بهێنێت بەهۆیەوە، بەڵام ئەمە بێ مانایە، هەمووەکە پێویستە چی بەدەستبهێنێت کە ئێستا نەیبێت؟ ئەوانی تر هەوڵیان داوە وەڵامی بیرۆکەکە بدەنەوە بەوەی کەوا هەمووەکە "خۆزگەی بە شتێک خواستووە کە خۆشیویستووە:" وە ئەوانی تر کەوا بۆ خۆشی دروستی کردووە، یان شادی؛ یاخود چونکە "تەنها بووە"؛ یاخود بۆ دەرخستنی تواناکانی؛ - هەموویان ڕوونکردنەوە و بیرۆکەی مناڵانەن، کە سەر بە ماوەی بیری منالانەن.

ئەوانی تر هەوڵیان داوە نهێنییەکە ڕوونبکەنەوە بە پێشبینی کردنی ئەوەی کەوا هەمووەکە "ناچاربووە" دروست بکات، بە هۆکاری "سروشتی ناوەکی" خۆی — "غەریزەی دروستکەری" خۆی. ئەم بیرۆکەیە لە پێش ئەوانی ترەوەیە، بەڵام خاڵە لاوازەکەی لەمە دایە، بیرۆکەی ئەوەی کەوا هەمووەکە "ناچار" بێت بە هەر شتێک، ناوەکی یان دەرەکی. ئەگەر "سروشتی ناوەکی،" یان "غەریزەی دروستکەری،" ناچاری

بکات هەر شتێک بکات، کەوابێت "سروشتە ناوەکییەکە" یان "غەریزە دروستکەرییەکە" دواتر ڕەها دەبن، لەجیاتی هەمووەکە، بۆیە بەپێی ئەمە ئەو بەشەی دەستەواژەکە شکست دەهێنێت. بەڵام، هێشتاش، هەمووەکە دروست دەکات و دەردەخات، وە پێدەچێت جۆرێک لە ئاسوودەیی بدۆزێتەوە تیایدا. گرانە لەو دەرەنجامە ڕزگارت بێت کەوا دەبێت ئەوەی هەبێت لە حاڵەتێکی ناکۆتادا کە هاوگونجاو بێت بۆ "سروشتێکی ناوەکی،" یان "غەریزەی دروستکەری،" لە مرۆڤدا، لەگەڵ هاوگونجاویەکی حەز و ویستی ناکۆتا. ناکرێت ڕەفتار بکات مەگەر بیەوێت ڕەفتار بکات؛ وە نایەوێت ڕەفتار بکات، مەگەر خواستی، هەتا حەزی لێنەبێت ڕەفتار بکات؛ وە حەزی لێنابێت ڕەفتار بکات هەتا جۆرێک لە ئاسوودەیی بەدەست نەهێنێت تیایدا لێیەوە. هەموو ئەم شتانە سەر بە "سروشتێکی ناوەکین،" و لەوانەیە وادابنرێت هەبن بەپێی یاسای هاوگونجاو. بەڵام، هێشتاش، پێمان باشترە وا بیربکەینە کەوا هەمووەکە بەتەواوی ئازادانە ڕەفتار دەکات لەهەر کاریگەرییەک، ناوەکی یاخود دەرەکی. ئەمە ئەو کێشەیە کە لە ڕەگی قورسییەکەدا هەیە – وە ئەو قورسییەی لە ڕەگی کێشەکەدا هەیە.

بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بڵێین، ناتوانرێت بوترێت هیچ "هۆکارێک" هەیە بۆ ئەوەی هەمووەکە ڕەفتار بکات، چونکە هەمووەکە لەسەروو هۆ و ئەنجامەوەیە، جگە لەوەی خواستی هەبێت ببێت بە هۆیەک، لەو کاتەشدا بنەماکە دەست بە کار دەکات. بۆیە، دەبینیت، حاڵەتەکە بیرلێنەکراوەیە، هەروەکو چۆن هەمووەکە نەزانراوە. هەروەکو دەڵێین هەمووەکە تەنها "هەیە" – بۆیە ناچارین بڵێین کەوا "هەمووەکە ڕەفتار دەکات چونکە ڕەفتار دەکات." لە کۆتاییدا، هەمووەکە هەموو هۆکارێکە لە خۆیدا؛ هەموو یاسایەک لە خۆیدا؛ هەموو کردەوەیەک لە خۆیدا؛ هۆکارەکەی؛ ڕەفتارەکەی؛ یاساکەی؛ یەکن، هەموویان ناون بۆ هەمان شت. لە بیرۆکەی ئەوانەی ئەو وانە پێشکەشکراوانەت پێدەدەن، وەڵامەکەی داخراوە لە خودی ناوەکی هەمووکەدا، لەگەڵ نهێنی بوونی. یاسای هاوگونجان، بی بیرۆکەی ئێمەدا، تەنها دەگات بەو لایەنەی هەمووەکە، کە قسەی لەسەر دەکرێت وەکو " لایەنی بوون بە." لە پشتی ئەم لایەنەوە

بریتییە لە "لایەنی بوون،" کە هەموو یاساکان ون بوون لە یاساکاندا؛ هەموو بنەماکان یەک دەگرن بۆ بنەما و هەمووەکە؛ بنەما و بوون؛ هاوشێوەن، وەکو یەکن. لەمەوە، تێڕوانینی مێتافیزیا لەسەر ئەم خاڵە شکستخواردووە. لێرە باسی حاڵەتەکە دەکەین، تەنها تا نیشانی بدەین پرسیارەکە دەناسینەوە، وە هەروەها وەڵامە ئاساییە بێ بنەماییەکانی مێتافیزیا و ئایینزانیش.

لە دەرەنجامدا، لەوانەیە لە حەزی قوتابییەکانمان بێت بۆ فێربوون کەوا لەکاتێکدا هەندێ لە فێرکارە کۆنەکانی، و سەردەمییەکانی، هەرمێتیک بە ئاڕاستەی بەکارهێنانی بنەمای هاوگونجاندا لاربوونەوە بۆ پرسیارەکە، بە دەرەنجامی "سروشتی ناوەکی"، - هێشتاش ئەفسانەکان دەڵێن کەوا کاتێ هەرمیز، مەزنەکە، کاتێ ئەم پرسیارەی لێکرا لەلایەن قوتابییە پێشکەوتووەکانییەوە، وەڵامی داونەتەوە بە خستنە سەریەکی لێوەکانی بە توندی بەیەکەوە و هیچ وشەیەکی نەوتووە، کە نیشانەی ئەوەیە هیچ وەڵامێک نییە. بەڵام، دواتر، لەوانەیە ویستبێتی وتەی فەلسەفەکەی بەکاربهێنێت، کەوا: لێوەکانی ژێری داخراون، تەنها بۆ گوێکانی تێگەیشتن نەبێت،" بڕوای وابووە کەوا تەنانەت قوتابییە پێشکەوتووەکانیشی ئەو تێگەیشتنەیان نەبووە کە دەستنیشانیان بکات بۆ فێرکارییەکە. لە هەر ڕێژەیەکدا، گەر هەرمیز نهێنییەکەی لەلا بووبێت، شکستی هێناوە لە گەیاندنی، وە ئەوەندی جیهانیش دەیزانێت لێوەکانی هەرمیز داخراو بوون دەربارەی. لە هەر شوێنێک هەرمیزی مەزن دەستپێشخەری کردبێت بۆ قسەکردن، چ تیاچوویەک بوێری هەبووە قسە بکات؟

بەڵام، بیرتبێت، وەڵامی ئەم کێشەیە هەرچییەک بێت، گەر هەر وەڵامێکیش هەبێت – ڕاستییەکە ئەوەیە کەوا: "لەکاتێکدا هەمووەکە لە هەموو شتێکدا هەیە، بەهەمان شێوە ڕاستە کەوا هەموو شتێک لە هەمووەکەدا هەیە." فێرکارییەکە لەم خاڵەدا دووپاتکراوەیە. وە، بەم وشانە دەیبڕێنینەوە: "بۆ ئەوەی کە بەڕاستی لەم ڕاستییە تێدەگات، زانستی زۆر بەدەست هاتووە."

## بەشـــــی ٨.

# ڕووتەختەکانی هاوگونجان.

*"لەسەرەوە چۆن بێت، لە خوارەوەش ئاوایە؛ لەخوارەوە چۆن بێت، لە سەرەوەش ئاوایە."*

*– کەباڵیەن.*

بنەمای دووەمی مەزنی هەرمێتیک ئەو ڕاستییە دەگرێتە خۆ کەوا سازانێک، ڕێکەوتنێک، و هاوگونجانێک هەیە لەنێوان چەند ڕووتەختەکانی دەرخستن، ژیان و بوون. ئەم ڕاستییە ڕاستە چونکە هەموو ئەوەی لە گەردووندا هەیە لە هەمان سەرچاوەوە هەڵدەقوڵێت، وە هەمان یاساکان، بنەماکان، و ڕەوشتەکان بۆ هەر یەکەیەک بەکاردەهێنرێن، یان یەکگرتنی یەکەکانی چالاکی، هەروەکو چۆن هەر یەکێک دیاردەی خۆی دەردەخات لەسەر ڕووتەختی خۆی.

بۆ مەبەستی لەباری بیرۆکە و لێکۆڵینەوە، فەلسەفەی هەرمێتیک وایدادەنێت کەوا گەردوون جیاکراوەتەوە بۆ سێ کۆمەڵەی مەزنی دیاردە، کە ناسراون بە سێ ڕووتەختەکانی هاوگونجان، بەناو:

I. ڕووتەختی مەزنی فیزیایی.
II. ڕووتەختی مەزنی بیری.
III. ڕووتەختی مەزنی ڕۆحی.

ئەم جیاکراوانە کەمتر یان زیاتر دروستکراون و دەستەبژێرین، چونکە ڕاستییەکە ئەوەیە کەوا هەموو ئەم سێ جیاکراوانە تەنها پلەی بەرزبوّوەن لە پێوەری مەزنی ژیاندا، نزمترین خاڵیان کە ماددەی جیانەکراوەیە، و بەرزترینیان کە ڕۆحە. وە، زیاتریش لەمە، ڕووتەختە جیاوازەکان بەیەکدادەچن، تاوەکو هیچ جیاکەرەوەیەکی خێرا و گران نەبێت لەنێوان دیاردە بەرزترەکەی فیزیایی و نزمترەکەی بیری؛ یاخود لەنێوان بەرزترەکەی بیری و نزمترەکەی فیزیایی.

بە کورتی، سێ ڕووتەختە مەزنەکان دەتوانرێت دابنرێن بە سێ گرووپی مەزنی پلەکانی دەرکەوتنی ژیان. لەکاتێکدا مەبەستی ئەم کتێبە بچووکە ڕێگەمان نادات بچینە ناو گفتوگۆیەکی، یاخود ڕوونکردنەوەیەکی، درێژکراوەی بابەتەکە لەم ڕووتەختە جیاوازانەدا، هێشتاش پێمان باشە وەسفێکی گشتی بدەین لەسەریان لەم خاڵەوە.

لەسەرەتادا دەتوانین باسی ئەو پرسیارە بکەین کە بەزۆری لەلایەن نیەفایتەوە دەپرسرێت، کە دەیەوێت دەربارەی وشەی "ڕووتەخت" فێربێت، ئەو وشەیەی زۆر بە ئازادانە بەکاردەهێنرێت، و زۆر بەکەمی ڕوونکراوەتەوە، لە کارە زۆرە تازەکان لەسەر بابەتی نهێنیزانی. پرسیارەکە بە گشتی بەم شێوەیەیە: " ئایا ڕووتەخت شوێنێکە دووری هەیە، یاخود تەنها حاڵەتێک یاخود بارێکە؟" وەڵام دەدەینەوە: " نەخێر، شوێنێک نا، نە دووری ئاسایی بۆشاییش؛ بەڵام هێشتاش زیاتر لە حاڵەت و بارێک. دەتوانرێت وەکو حاڵەت یان بارێک دابنرێت، بەڵام هێشتاش حاڵەت و بارەکە پلەیەکی دوورییە، لە پێوەرێکی ژمێردراودا." بەجۆرێک پاڕادۆکسییە، وانییە؟ بەڵام با لە بابەتەکە بکۆڵینەوە. "دوورییەک،" هەروەکو دەزانیت، بریتییە لە "پێوانەیەک لە هێڵێکی ڕاست، پەیوەندی بە ژماردنەوە هەیە،" هتد. دوورییە ئاساییەکانی بۆشایی بریتین لە درێژی، پانی، و بەرزی، یان لەوانەیە درێژی، پانی، بەرزی، ئەستووری یان چێوە. بەڵام دوورییەکی تری "شتە دروستکراوەکان،" یاخود "پێوانەیەک لە هێڵی ڕاست" هەیە، کە بۆ نهێنیزانەکان زانراوە، وە بۆ زاناکان بەهەمان شێوە، هەرچەندە زاناکان زاراوەی "دوورییان"

بەکارنەهێناوە بۆی – وە ئەم دوورییە نوێیە، کە، بەم بۆنەیەوە، زۆرترین پێشبینی کراوە – دەربارەی "دووری چوارەم،" ئەو پێوەرەی بەکارهێنراوە بۆ دیاریکردنی پلەکان یان "ڕوتەختەکان."

دووری چوارەم دەتوانرێت پێی بوترێت "دووری لەرینەوە." ئەمە ڕاستییەکی زۆر باش زانراوە بۆ زانست، بەهەمان شێوە بۆ هەرمێتیستەکانیش کە ڕاستییەکەیان گرتۆتە "بنەمای سێیەمی هەرمێتیک،" ئەوەی کەوا "هەموو شتێک لە جووڵە دایە؛ هەموو شتێک دەلەرێتەوە؛ هیچ شتێک ناوەستێت." لە بەرزترین دەرخستن، هەتا نزمترین، هەموو شتەکان دەلەرنەوە. نەوەکو تەنها لە ڕێژەی جیاوازدا دەلەرنەوە، بەڵکو بە ئاڕاستەی جیاواز و ڕەوشتی جیاوازەوە. پلەکانی "ڕێژەی" لەرینەوە پلەکانی پێوانە پێکدەهێنن لە دووریدا. وە ئەم پلانەن کە نهێنیزانەکان پێیان دەڵێن "ڕووتەخت." هەتا پلەی ڕێژەی لەرینەوە بەرزتر بێت، ڕووتەختەکە بەرزترە، وە ژیانی دەرکەوتوو کە ئەو ڕووتەختەی داگیرکردووە بەرزترە. کەوایە لە کاتێکدا ڕووتەخت "شوێنێک" نییە، نە "حاڵەت یان بارێک" نییە، هێشتاش جۆرێتی باوی بۆ هەردووکیان تێدایە. زیاتر باس دەکەین دەربارەی بابەتی لەرینەوە لە وانەکانی دواترماندا، کە تیایاندا باسی بنەمای لەرینەوە هەرمێتیک دەکەین.

بە چاکی بیرت دەمێنێت، هەرچەندە، کەوا سێ ڕووتەختە مەزنەکان لەڕاستیدا دیاردەی جیاکراوەی گەردوون نین، بەڵکو تەنها زاراوەی دروستکراو لەلایەن هەرمێتیستەکان تا یارمەتی بدەن لە بیرۆکە و خوێندنی پلە و شێوازە جۆراوجۆرەکانی چالاکییە گەردوونییەکان و ژیان. گەردیلەی ماددە، یەکەی هێز، بیری مرۆڤ، و بوونی فریشتەی گەورە هەموویان تەنها پلەن لە پێوەردا، وە هەموویان لە بنەڕەتدا وەکو یەکن، جیاوازییەکە تەنها لە پلەدایە، وە ڕێژەی لەرینەوە – هەموویان دروستکراوی هەمووەکەن، و بوونیان هەیە تەنها لە بیری ناکۆتای هەمووەکەدا.

هەرمێتیستەکان سێ ڕووتەختە مەزنەکان جیادەکەنەوە بۆ حەوت ژێر ڕووتەخت، هەر یەکێکیشیان دواتر جیادەکرێتەوە بۆ حەوت ژێر ڕووتەختی، هەموو

جیاکراوەکانیش دروستکراون، بەیەکداچوون، وە تەنها بۆ هاوگونجاندنی خوێندن و بیرۆکەی زانستی هەڵگیراونەوە.

ڕووتەختی مەزنی فیزیایی، و حەوت ژێر ڕووتەختەکانی، جیاکردنەوەی ئەو دیاردەیەیە لە گەردووندا کە هەموو ئەوەی پەیوەندی بە فیزیاوە هەیە دەگرێتەوە، یان شتە ماددیەکان، هێزەکان و دەرخستنەکان. هەموو ئەو شێوازانە دەگرێتە خۆ کە ناوی دەبەین بە مادده، و هەموو ئەو شێوازانەی ناوی دەبەین بە وزە و هێز، بەڵام دەبێت بیرت بێت کەوا فەلسەفەی هەرمێتییک مادده ناناسێنێت وەکو "شتێک لە خۆیدا،" یاخود وەکو بوونی جیاکراوە تەنانەت لە بیری هەمووەکەشدا. فێرکارییەکان ئەوەن کەوا مادده تەنها شێوازێکی وزەیە – ئەمە، وزەیە لە ڕێژەیەکی نزمی لەرینەوەدا لە جۆرێکی دیاریکراودا. وە بەپێی ئەمە هەرمێتیستەکان مادده جیادەکەنەوە لەژێر سەری وزەدا، و سێ لە حەوت ڕووتەختە بچووکترەکانیان پێداوە لە ڕووتەختی مەزنی فیزیاییدا.

حەوت ڕووتەختە بچووکەکەی فیزیایی بریتین لە:

I. ڕووتەختی مادده (A).
II. ڕووتەختی مادده (B).
III. ڕووتەختی مادده (C).
IV. ڕووتەختی پێکهاتەی ئیثەری.
V. ڕووتەختی وزە (A).
VI. ڕووتەختی وزە (B).
VII. ڕووتەختی وزە (C).

ڕووتەختی مادده (A) شێوازەکانی مادده پێکدەهێنێت لە شێوازەکانی ڕەق، شل، و گازدا، هەروەکو بە گشتی ناسراون لەلایەن کتێبەکانی فیزیاوە. ڕووتەختی مادده (B) شێوازە دیاریکراو و زۆر وردەکانی مادده لە بووندا پێکدەهێنێت کە زانستی سەردەم تازە دەیدۆزێتەوە، لە قۆناغەکانی ڕادیۆم، هتد.، کە سەر بە ژێرڕووتەختە نزمترەکانی ئەم ڕووتەختە بچووکەن. ڕووتەختی مادده (C) پێکدێت لە وردترین و تەنک ترین

شێوازەکانی مادده، ئەوانەی بوونیان هێشتا لەلایەن زاناکانەوە نەدۆزراوەتەوە. ڕووتەختی پێکهاتەی ئیثەری پێکدێت لەوەی زانست باسی لێدەکات لە "ئیثەر،" پێکهاتەیەک بە تەنکییەتی و جیڕی زۆر، بەهەموو بۆشایی گەردووندا بڵاوبۆتەوە، و وەکو ناوەندێک کار دەکات بۆ گواستنەوەی شەپۆلەکانی وزە، وەکو ڕووناکی، گەرمی، کارەبا، هتد. ئە پێکهاتە ئیثەرییە پەیوەندییەکی بەیکەوە بەستراو پێکدەهێنێت لە نێوان مادده و وزە، و بەژداری دەکات لە سروشتی هەریەکەیان. فێرکارییەکانی هەرمێتیک، هەرچەندە، فێرمان دەکات کەوا ئەم ڕووتەختە حەوت ژێرڕووتەختی هەیە (هەر یەکێکیشیان ڕووتەختی بچووکیان هەیە)، و لەڕاستیدا کەوا حەوت ئیثەر هەیە، لەجیاتی تەنها یەک.

دوای ڕووتەختی پێکهاتەی ئیثەری ڕووتەختی وزە (A) دێت، کەو ئەو شێوازە ئاساییانەی وزە پێکدەهێنێت کە بۆ زانست زانراوە، حەوت ژێر ڕووتەختەکانی بوونی، بەدوای یەکدا، گەرمی؛ ڕووناکی؛ موگناتیسی؛ کارەبا، و کێشکردن (وەکو هێزی کێشکردن، پێکەوەلکان، کارلێکی کیمیایی، هتد.) و چەند شێوازێکی تری وزە کە بە تاقیکردنەوەی زانستی نیشاندراون بەڵام هێشتا ناویان بۆ دانەنراوە و جیانەکراونەوە. ڕووتەختی وزە (B) لە حەوت ژێر ڕووتەختی شێوازی بەرزتری وزە پێکدێت کە هێشتا لەلایەن زانستەوە نەدۆزراونەوە، بەڵام ناوبراون بە "هێزە بەرزترەکانی سروشت" و شێوازەکانی دیاردەی بیری، و بەهۆیانەوە کە دیاردەکە ڕوودەدات. ڕووتەختی وزە (C) پێکدێت لە حەوت ژێرڕووتەختی هێندە بەرز ڕێکخراو کە زۆرێک لە ڕەوشتەکانی "ژیان" هەڵدەگرێت، بەڵام هێشتا نەدۆزراوەتەوە لەلایەن بیری مرۆڤ لە ڕووتەختی ئاسایی گەشەسەندا، تەنها بۆ بەکارهێنانەکانی بوونەوەرەکانی ڕووتەختی ڕۆحی زانراون – وزەیەکی لەم شێوەیەوە ناتوانرێت بیری لێبکرێتەوە بە مرۆڤی ئاسایی، و دەتوانرێت بە "هێزی خوایی" دابنرێت. ئەو بوونەوەرانەی ئەمەیان هەیە وەکو "خواکانن" بە بەراورد بە تەنانەت بەرزترین جۆری مرۆڤی زانراو بۆ ئێمە.

ڕووتەختی مەزنی بیری لەو شێوازانەی "شتی ژیاو" پێکدێت کە بۆ ئێمە زانراون لە ژیانی ئاسایی، بەهەمان شێوە چەند شێوازێکی تری دیاریکراو کە زۆر باش نەزانراون جگە بۆ نهێنیزانەکان. جیاکردنەوەی حەوت ڕووتەختە بچووکەکانی بیری کەمتر یان زیاتر دروستکراو و قایلکەرە (مەگەر بە ڕوونکردنەوەی درێژەپێدراو هاتبن کە دەرەکییە بۆ ئەم کارە دیاریکراوە)، بەڵام دەتوانین ئاماژەیان پێبدەین. بریتین لەمانە:

I. ڕووتەختی بیری کانزایی.
II. ڕووتەختی بیری توخمی (A).
III. ڕووختی بیری ڕووەکی.
IV. ڕووتەختی بیری توخمی (B).
V. ڕووتەختی بیری ئاژەڵی.
VI. ڕووتەختی بیری توخمی (C).
VII. ڕووتەختی بیری مرۆڤی.

ڕووتەختی بیری کانزایی پێکدێت لە "بارەکان یان حاڵەتەکانی" یەکەکان یان بوونەوەرەکان، یان گروپەکان و یەکگرتووەکانی هەمان جۆر، کە ئەو شێوازانە زیندوو دەکەنەوە کە بە "کانزاکان، کیمیاییەکان، هتد." ناسراون بۆ ئێمە. نابێت ئەم بوونەوەرانەمان لێتێکبچێت لەگەڵ گەردەکان، گەردیلەکان و تەنۆلکەکان خۆیان، تەنۆلکەکان تەنها جەستەی کانزایی یان شێوازی ئەم بوونەوەرانەن، هەروەکو چۆن جەستەی مرۆڤێک تەنها شێوازێکی ماددی خۆیەتی نەوەکو "خۆی." ئەم بوونەوەرانە دەتوانرێت پێیان بوترێت "گیانەکان" بە واتایەک، و بوونەوەری ژیاون لە پلەیەکی نزمی گەشەسەندندا، ژیاندا، و بیردا – تەنها کەمێک زیاتر لە یەکەکانی "وزەی ژیاو" کە ژێر ڕووتەختە بەرزترەکان پێکدەهێنێت لە بەرزترین ڕووتەختی فیزیایی. بیری ناوەند بە گشتی ناخرێتە پاڵ شوێنی بیر، گیان، یان ژیان، بۆ شانشینی کانزایی، بەڵام هەموو نهێنیزانەکان بوونی ئەو شتە دەزانن، و زانستی سەردەم بەخێرایی بەرەو تێڕوانینی هەرمێتیەکان دەڕوات، لەم بارەیەوە. گەردەکان، گەردیلەکان و تەنۆلکەکان

"خۆشەویستی و ڕقی؛ حەزلێبوون و حەزلێنەبوون؛ کێشکردن و دوورکەوتنەوە. هتد." خۆیان هەیە، و هەندێک لە بیرە بوێرەکانی زانستی سەردەم ئەو بیرۆکەیەیان پێشکەش کردووە کەوا حەز و ویستی، هەست و سۆزەکانی، گەردیلەکان تەنها لە پلەدا جیاوازە وەکو لە مرۆڤ. هیچ کات و بۆشاییەکمان نییە بۆ باسکردنی ئەمە لێرە. هەموو نهێنیزانەکان دەزانن ئەمە ڕاستییە، و ئەوانی تر ئاماژەیان داوە بە هەندێک لە کارە نوێیەکانی زانست بۆ پشتگیری دەرەکی. حەوت ژێر ڕووتەختی ئاسایی هەیە بۆ ئەم ڕووتەختە.

ڕووتەختی بیری توخمی (A) ئەو حاڵەت یان بارە، و پلەی بیری و گەشەسەندنی زیندووەی جۆری بوونەوەر لەخۆدەگرێت کە نەزانراوە بۆ مرۆڤی ناوەند، بەڵام لەلایەن نهێنیزانانەوە زانراوە. نەبینراون بۆ بیرە ئاساییەکانی مرۆڤ، بەڵام، لەگەڵ ئەوەشدا، بوونیان هەیە و ڕۆڵی خۆیان دەگێڕن لە درامای گەردووندا. پلەی ژیریان لە نێوان بوونەوەرانی کانزایی و کیمیایی دایە لەلایەک، و لە بوونەوەرانی شانشینی ڕووەکی لەلایەکی تر. حەوت ژێر ڕووتەخت بۆ ئەم ڕووتەختە هەیە.

ڕووتەختی بیری ڕووەکی، لە حەوت ژێر ڕووتەختەکانیدا، حەو حاڵەت و بارانەی بوونەوەران لەخۆدەگرێت کە شانشینی جیهانی ڕووەکی لەخۆدەگرن، ئەو دیاردە زیندوو و بیرییەی کە زۆر بەباشی تێگەیشتراوە لەلایەن ژیری ناوەندی کەسێک، کاری زۆری تازە و سەرنجڕاکێشی زانستی دەربارەی "بیر و ژیانی ڕووەکەکان" بڵاوکراوەنەتەوە لەماوەی دە ساڵی ڕابردوودا. ڕووەکەکان ژیان، بیر و "گیانیان" هەیە، هەروەکو گیانەوەران، مرۆڤ، و مرۆڤی نایاب.

ڕووتەختی بیری توخمی (B)، لە حەوت ژێر ڕووتەختەکانیدا، پێکدێت لە بار و حاڵەتە شێوازە بەرزترەکانی بوونەوەری "توخمی" یان نەبینراو، کە ڕۆڵی خۆیان دەگێڕن لە پێوەرەکەدا لەنێوان ڕووتەختی بیری ڕووەکی و ڕووتەختی بیری گیانەوەری، ئەو بوونەوەرانە بەشداری لە سروشتی هەردووکیان دەکەن.

ڕووتەختی بیری گیانەوەری، لە حەوت ژێر ڕووتەختەکانیدا، پێکدێت لە بار و حاڵەتەکانی بوونەوەران، یان گیانەکان، کە شێوازی گیانەوەری ژیانیان دەرخستووە، بۆ هەمووومان ئاشنان. پێویست نییە بچینە ناو وردەکارییەکانەوە دەربارەی ئەم شانشینە یان ڕووتەختی ژیانە، چونکە جیهانی گیانەوەری بۆ هەمووومان ئاشنایە.

ڕووتەختی بیری توخمی (C)، لە حەوت ژێر ڕووتەختەکانیدا، پێکدێت لەو بوونەوەرانەی کە نەبینراون هەروەکو هەموو شێوازە توخمییەکان، کە بەشداری دەکەن لە سروشتی هەردوو ژیانی گیانەوەر و مرۆڤ لە پلەیەک و یەکگرتنێکی دیاریکراودا. بەرزترین شێوازیان نیمچە مرۆڤن لە ژێریدا.

ڕووتەختی بیری مرۆڤی، لە حەوت ژێر ڕووتەختەکانیدا، ئەو دەرکەوتنانەی ژیان و بیری لەخۆدەگرێت کە باون بۆ مرۆڤ، لە ئاست، پلە، و جیاکراوە جۆراوجۆرەکانیدا. لەم پەیوەندییەدا، دەمانەوێت ئاماژە بەو ڕاستییە بدەین کەوا مرۆڤی ناوەندی ئەمڕۆ تەنها چوارەم ژێر ڕووتەخت لە ڕووتەختی بیری مرۆڤی داگیر دەکات، و تەنها ژێرترینەکان سنوورەکانی پێنجەم ژێر ڕووتەختیان تێپەڕاندووە. ملیۆنان ساڵی ویستووە بۆ گەیشتن بەم قۆناغە، و چەندین ساڵی تری دەوێت بۆ گەیشتن بە ژێر ڕووتەختەکانی شەشەم و حەوتەم، و سەروو تر. بەڵام، بیرت بێت، کەوا ڕەگەز هەبووە پێش ئێمە بەم پلانەدا تێپەڕیوە، و دواتر ڕووتەختە بەرزترەکان. ڕەگەزی ئێمە پێنجەمە (لەگەڵ دەربەدەری چوارەم) کە پێیان خستۆتە سەر ڕێگا. وە، دواتر چەند گیانێکی پێشکەوتوو هەیە لە ڕەگەزی ئێمەدا کە پێش کۆمەڵ کەوتوون، و گەیشتوون بە ژێر ڕووتەختەکانی شەشەم و حەوتەم، و زۆر کەمێک هێشتاش زیاتر ڕۆیشتوون. مرۆڤی ژێر ڕووتەختی شەشەم دەبێت بە "مرۆڤی نایاب"؛ ئەوەی ڕووتەختی حەوتەم دەبێت بە "مرۆڤی تەواو بوو."

لە باسکردنمان لە حەوت ڕووتەختە بچووکەکانی بیری، تەنها ئاماژەمان داوە بە سێ ڕووتەختە توخمییەکان بە شێوەیەکی گشتی. بەڵام دەتوانین ئەوەندە بڵێین، تاوەکو بیرۆکەیەکی کەمێک ڕوونترتان پێبدەین لە پەیوەندی ئەم ڕووتەختانە بۆ ئەوانەی زیاتر ئاشنان – ڕووتەختە توخمییەکان هەمان پەیوەندی هەڵدەگرن بۆ ڕووتەختەکانی بیری و

ژیانی کانزایی، ڕووەکی، گیانەوەری و مرۆڤی، وەکو پەیوەندی کلیلە ڕەشەکانی پیانۆ بۆ سپییەکان. کلیلە سپییەکان بەسن بۆ بەرهەمهێنانی مۆسیقا، بەڵام پێوانە، مێلۆدی، و هارڕهۆنی دیاریکراو هەیە، کە کلیلە ڕەشەکان بەشداری دەکەن تیایدا، و تیایدا بوونیان پێویستە. بەهەمان شێوە پێویستن وەکو "پەیوەندی بەیەکەبەستەکان" لە حاڵەتی گیانیدا؛ بارەکانی بوونەوەردا، هتد.، لەنێوان چەند ڕووتەختێکی تردا، چەند شێوازێکی دیاریکراوی گەشەسەندنی بوون لێرەوە بەدەست دێت – ئەم کۆتا دێڕە پێشکەش بەو خوێنەرە کراوە کە دەتوانێت ڕووناکییەکی تازە بەسەر پرۆسەی پەرەسەندندا بخوێنێتەوە "لەنێوان دێڕەکاندا،" وە کلیلەیەکی تازە بۆ دەرگای نهێنی لە "بازەکانی ژیان" لەنێوانی شانشین و شانشین. شانشینە مەزنەکانی توخمییەکان بەتەواوی زانراون لەلایەن نهێنیزانەکانەوە، و نووسینە ناوانییەکان پڕن لە ئاماژەکردن پێیان. خوێنەرانی "زانۆنی" باڵوەر و چیرۆکە هاوشێوەکانی ئەو بوونەوەرانە دەناسنەوە کە لەو ڕووتەختانەدا دەژین.

لە ڕووتەختی مەزنی بیرییەوە دەڕۆینە سەر ڕووتەختی مەزنی ڕۆحی، چی بڵێین؟ چۆن ئەو بارە بەرزترانەی بوون، ژیان و بیر ڕوونبکەینەوە، بۆ ئەو بیرانەی هێشتاش ناتوانن ژێر ڕووتەختە بەرزترەکانی ڕووتەختی بیری مرۆڤی تێبگەن؟ ئەرکەکە مەحاڵە. دەتوانین تەنها بەشێوەیە گشتییەکان قسە بکەین. چۆن ڕووناکی وەسف دەکرێت بۆ کەسێک کە کوێرانە لەدایک بووە – چۆن شەکر، بۆ کەسێک کە هەرگیز تامی شیرینی نەکردووە – چۆن هارمۆنی، بۆ کەسێ کە کەڕ لەدایک بووە؟

هەموو ئەوەی دەتوانین بیڵێین ئەوەیە کەوا حەوت ڕووتەختە بچووکەکانی ڕووتەختی مەزنی ڕۆحی (هەر ڕووتەختێکی بچووک حەوت ژێر ڕووتەختی خۆی هەیە) پێکدێت لەو بوونەوەرانەی کە ژیان، بیر و شێواز هەڵدەگرن زۆر زۆر بەرز وەکو لە مرۆڤێکی ئەمڕۆ هەروەکو چۆن مرۆڤێک لەسەروو کرمێکەوە، کانزایەکەوە یاخود تەنانەت چەند شێوازێکی دیاریکراوی وزە یان ماددەیە. ژیانی ئەو بوونەوەرانە لەسەروو ئێمەوەیە، بەشێوەیەک کەوا ناتوانین بیر لە وردەکارییەکانیان بکەینەوە؛ بیریان لەسەروو

ئێمەوەیە، کەوا بۆ ئەوان ئێمە بە دەگمەن "بیر دەکەینەوە،" و پرۆسەی بیریمان بەشێوەیەک بەیەکداچوویی لەگەڵ پرۆسە ماددییەکان؛ ئەو ماددەیەی شێوازەکانی ئەوانی لێپێکهاتووە لە بەرزترین ڕووتەختەکانی ماددەیە، زیاتریش لەمە، هەندێکیان دەوترێت کەوا "بە وزەی پوخت داپۆشراون." دەبێ چی بوترێت لەسەر ئەم بوونەوەرانە؟

لە حەوت ڕووتەختە بچووکەکانی ڕووتەختی مەزنی ڕۆحی ئەو بوونەوەرانە هەن کە ناویاندەبەین بە فریشتە؛ فریشتەی مەزن؛ نیوە خوا. لە ڕووتەختە بچووکە نزمترەکان ئەو گیانە مەزنانە دەژین کە ناویان دەبەین بە مامۆستا و ئادێپت. لەسەروو ئەوان پلەبەندییە مەزنەکانی خانەخوێی فریشتەیی دێت، کە بیرلێنەکراوەن بۆ مرۆڤ؛ وە لەسەروو ئەوانەشەوە ئەوانە دێن کە کە بەبێ هیچ بێ ڕیزییەک دەتوانرێت بانگبکرێن بە "خواکان،" هێندە بەرز لە پێوەری بووندا کەوا، بوونیان، ژیریان و تواناکانیان هاوشێوەیە بۆ چەمکی خوایی لەلایەن ڕەگەزەکانی مرۆڤەوە. ئەم بوونەوەرانە لەسەروو تەنانەت بەرزترین پێشبینی مرۆڤن، وشەی "خوایی" تاکە شیاوی بەکارهێنانە بۆیان. زۆرێک لەو بوونەوەرانە، بەهەمان شێوە خانەخوێی فریشتەییش، گەورەترین خواست هەڵدەگرن لە کارەکانی گەردووندا و ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لە کارەکانیدا. ئەم خواییە نەبینراوانە و یارمەتیدەرە فریشتەییانە کاریگەرییان ئازادانە و بەهێزانە فراوان دەکەن، لە پرۆسەی پەرەسەندا، وە پرۆسەی گەردووندا. دەست تێوەردانی ناوبەناویان و هاوکاریان لە کارەکانی مرۆڤدا زۆرێک لە ئەفسانەکان، باوەڕەکان، ئاییانەکان و کلتورەکانی دروست کردووە، لە ڕابردوو و ئێستادا. زانستی خۆیان و تواناکانیان بەسەر جیهاندا زۆر نایاب سەپاندووە، دووبارە و دووبارە، هەمووی لەژێر یاسای هەمووەکەدا، بە دڵنیاییەوە.

بەڵام، هێشتاش، تەنانەت بەرزترینی ئەم بوونەوەرە پێشکەوتووانە تەنها وەکو دروستکراوێک، لەناو، بیری هەمووەکەدا بوونیان هەیە، و ملکەچی پرۆسە گەردوونییەکان و یاسا گەردوونییەکانن. ئەوان هێشتاش تیاچوون. دەتوانین بانگیان بکەین بە "خواکان" گەر بمانەوێت، بەڵام هێشتاش ئەوان تەنها برا بەتەمەنترەکانی ڕەگەزەکەن، - ئەو گیانە پێشکەوتووانەی برایەتی خۆیان تێپەڕاندووە، و ڕۆیشتوون

بەرەو شادی گرتنەخۆی هەمووەکە، تاوەکو یارمەتی ڕەگەزەکە بدەن لە گەشتی بەرەو سەرەوەیان بەدرێژایی ڕێگاکە. بەڵام، سەر بە گەردوونن، و ملکەچی حاڵەتەکانی – تیاچوون – وە ڕووتەختەکەیان لەژێر ڕۆحی ڕەهایە.

تەنها پێشکەوتووترین هەرمێتیستەکان دەتوانن فێرکاری ناوەکی دەربارەی ئەم بارە، و تواناکانی لەم ڕووتەختە ڕۆحییەدا دەرخراون تێبگەن. دیاردەکە زۆر بەرزترە لە ڕووتەختەکانی بیری کەوا شێواندنێکی بیرۆکەکان بەدڵنیایەوە دەردەچێت لە هەوڵدان بۆ وەسفکردنی. تەنها ئەوانەی بیرەکانیان بە وریاییانە ڕاهێنانی پێکراوە بەدرێژایی هێڵەکانی فەلسەفەی هەرمێتیک بۆ سالآنێک – بەڵێ، ئەوانەی زانستی بەدەستهێنراوی پێشووتری بەرجەستەبۆوەکانیان لەگەڵ خۆیان هێناوە – دەتوانن تێبگەن مەبەست چییە لە فێرکارییەکان دەربارەی ئەم ڕووتەختە ڕۆحییانە. وە زۆرێک لەم فێرکارییە ناوەکیانە لەلایەن هەرمێتیستەکانەوە وەکو شتێکی زۆر ترسناک، گرنگ و تەنانەت مەترسیدار هەڵگیراوە بۆ بڵاوکردنەوەی گشتی ناو خەڵک. قوتابییە ژیر دەتوانێت بزانێت مەبەستمان چییە کاتێ واتای "ڕۆح" بەکاردەهێنین هەروەکو لەلایەن هەرمێتیستەکانەوە بەکاردەهێنرێت هاوشێوەی "هێزی ژیاو"؛ "هێزی دەرخراو"؛ "کرۆکی ناوەکی"؛ "کرۆکی ژیان،" هتد.، کە واتاکەی نابێت بشێوێنرێت لەگەڵ ئەوەی کە بەباوی بەکاردەهێنرێت لە بەیەکەوەبەستران بە زاراوەکە، وەکو، "ئایین؛ کڵێسەیی؛ ڕۆحانی؛ بەهەشتی؛ پیرۆزی،" هتد.، هتد. بۆ نهێنیزانەکان وشەی "ڕۆح" بە واتای "بنەمای دەرخستن" بەکاردەهێنرێت، لەگەڵ خۆی بیرۆکەی هێز، وزەی ژیاو، هێزی نهێنی، هتد.، هەڵگرتووە. وە نهێنیزانەکان ئەوە دەزانن کە ناسراوە پێیان وەکو "هێزی ڕۆحی" کە بۆ خراپە بەکاردەهێنرێت بەهەمان شێوەی کۆتاییە باشەکان (بەپێی بنەمای جەمسەرگری)، ڕاستییەک کە لەلایەن زۆرێک لە ئایینەکانەوە زانراوە لە چەمکەکانی ئەهریمەن، بیاڵزبەب، شەیتان، لوسیفەر، فریشتە کەوتووەکان، هتد. وە بۆیە ئەو زانستەی دەربارەی ئەم ڕووتەختانەیە لە پیرۆزی پیرۆزییەکاندا هەڵگیراوە لە هەموو برایەتییە ناوانییەکان و دەستە نهێنییەکان، – لە ژووری نهێنی مەزارەکەدا. بەڵام دەتوانرێت بوترێت لێرەوە، کەوا ئەوانەی توانای بەرزی ڕۆحیان بەدەست هێناوە و بە هەڵە

بەکاریان هێناوە، قەدەرێکی خراپیان بۆ هەڵگیراوە، و جۆلانەی پەندۆلی ڕیتم ناچاریانە دەیانگەڕێنێتەوە بۆ دوورترین کۆتایی بوونی ماددە، لەو خاڵەی تایدا دەبێت هەنگاوەکانیان بەرەو ڕۆحی بگەڕێننەوە دواوە، بەدرێژایی خولە ماندووەکانی ڕیگاکە، بەڵام هەمیشە لەگەڵ ئەشکەنجەی زیادکراوی هەبوونی یادەوەری دواکەوتوویی بەرزییەکانیان کە تیایدا کەوتن بەهۆی کردەوە خراپەکانیان. ئەفسانەی فریشتە کەوتووەکان لە ڕاستییەوە سەرچاوەی گرتووە، هەروەکو هەموو نهێنیزانە پێشکەوتووەکان دەزانن. خەبات کردن بۆ هێزی خۆپەرستی لەسەر ڕووتەختە ڕۆحییەکان ناچاریانە دەبێتە هۆی لەدەستدانی هاوسەنگی ڕۆحی لە گیانە ڕۆحییەکەدا و دەکەوێتە دواوە بۆ ئەو شوێنەی لێی بەرزبۆوە. بەڵام تەنانەت بۆ ئەو گیانانەش، هەلی گەڕانەوە بەخشراوە – وە ئەم گیانانە گەشتی گەڕانەوە ئەنجام دەدەن، و سزای سامناکی خۆیان دەدەن بەپێی یاسا نەگۆڕەکان.

لە دەرەنجامدا دووبارە بیرتان دەهێنینەوە کەوا بەپێی بنەمای هاوگونجان، کە ئەو ڕاستییە دەگرێتە خۆ: "لەسەرەوە چۆن بێت لە خوارەوەش ئاوایە؛ لەخوارەوە چۆن بێت لە سەرەوەش ئاوایە،" هەموو حەوت بنەماکانی هەرمێتیک بە تەواوی لە کارا دان لەسەر هەموو ڕووتەختەکانی، فیزیایی، بیری و ڕۆحی. بنەمای پێکهاتەی بیری بە دڵنیاییەوە لە هەموو ڕووتەختەکاندا بەکاردەهێنرێت، چونکە هەموویان لە بیری هەمووەکەدا هەڵگیراون. بنەمای هاوگونجان لە هەموو شتێکدا دەردەکەوێت، بۆ هەموو ڕووتەختەکان. بنەمای لەرینەوە لەسەر هەموو ڕووتەختەکان دەردەکەوێت، لەڕاستیدا ئەو جیاوازییەی "ڕووتەختەکان" دروست دەکات لە لەرینەوەوە دروست دەبێت، هەروەکو ڕوونکرایەوە. بنەمای جەمسەرگری لەسەر هەریەکێک لە ڕووتەختەکان دەردەکەوێت، کۆتاییەکانی جەمسەرەکان تەنها دژیەک و پێچەوانەن. بنەمای ڕیتم لە هەر یەکێک لە ڕووتەختەکان دەردەکەوێت، جووڵەی دیاردەکە کە هەڵکشان و داکشانی خۆی هەیە، هاتنە ناوەوە و ڕۆیشتنە دەرەوە. بنەمای هۆ و ئەنجام لەسەر هەر یەکێک لە ڕووتەختەکان دەردەکەوێت، هەموو ئەنجامێک هۆکاری خۆی هەیە و هەموو هۆکارێکیش ئەنجامی خۆی هەیە. بنەمای ڕەگەز لەسەر هەر یەکێک لە

ڕووتەختەکان دەردەکەوێت، وزەی دروستکەری بوون هەمیشە دەردەکەوێت، و کاردەکات بەدرێژایی هێڵەکانی لەیەنی نێرینە و مێینە.

"لەسەرەوە چۆن بێت، لە خوارەوەش ئاوایە؛ لە خوارەوە چۆن بێت، لە سەرەوەش ئاوایە." ئە وتە چەند سەندە کۆنەی هەرمێتیک یەکێک لە گەورەترین بنەماکانی دیاردەکانی گەردوون لەخۆدەگرێت. هەر لەگەڵ بەردەوام بوونمان لە باسکردنی ئەو بنەمایانەی ماون، ڕوونتر ڕاستی سروشتە گەردوونییەکە دەبینین لەم بنەما مەزنەی هاوگونجان.

## بەشـــــی ٩.

# لەرینەوە.

---

*"هیچ شتێک ناوەستێت؛ هەموو شتێک دەجووڵێت؛ هەموو شتێک دەلەرێتەوە." — کەباڵیەن.*

سێیەم بنەمای مەزنی هەرمێتیک — بنەمای لەرینەوە — ئەو ڕاستییە دەگرێتە خۆ کەوا جووڵە لە هەموو شتێکدا دەردەکەوێت لە گەردووندا — کەوا هیچ شتێک ناوەستێت — کەوا هەموو شتێک دەجووڵێت، دەلەرێتەوە، و دەخولێتەوە. ئەم بنەمایەی هەرمێتیک لەلایەن هەندێک لە فەیلەسوفە سەرەتاییەکانی یۆنانەوە زانراوە کە لە سیستمەکانیاندا بەکاریان هێناوە. بەڵام، دواتر، بۆ چەندین سەدە ونبوو لەلایەن بیرمەندانی دەرەوەی پلەکانی هەرمێتیک. بەڵام زانستی فیزیایی سەدەی نۆزدەیەم ڕاستییەکەی دۆزییەوە و دۆزینەوە زانستییەکانی سەدەی بیستەم بەڵگەی تریان زیادکردووە لە دروستی و ڕاستی ئەم ڕێبازە چەند سەدە کۆنەی هەرمێتیک.

فێرکارییەکانی هەرمێتیک بریتین لەوەی نەوەکو هەموو شتێک لە جووڵەی بەردەوام و لەرینەوە دایە، بەڵکو "جیاوازییەکان" لەنێوان دەرکەوتنە جۆراوجۆرەکانی هێزی گەردوونی بەتەواوی بەهۆی ڕێژەی گۆڕاوی شێوەی لەرینەوەیە. نەک هەر ئەمەش، بەڵکو تەنانەت هەمووەکە، لە خۆیدا، لەرینەوەیەکی جێگیر دەردەخات بە پلەیەکی توندی هێندە ناکۆتا و جووڵەی خێرا کەوا بە کرداری وەستاو دادەنرێت، فێرکارەکان

سەرنجی قوتابییەکانیان بەرەو ئەو ڕاستییە ئاڕاستە دەکەن کەوا تەنانەت لەسەر ڕووتەختی فیزیاییدا تەنێکی خێرا جووڵاو (وەکو تاییەکی خولاوە) وا دەردەکەوێت وەستاوە. فێرکارییەکان بەو دەرەنجامەن کەوا ڕۆح لە یەکێک لە جەمسەرەکانی لەرینەوەیە، و جەمسەرەکەی تری شێوازی زۆر گەورەی دیاریکراوی ماددەیە. لەنیوان ئەم دوو جەمسەرەدا ملیۆن لەسەر ملیۆن ڕێژەی جیاواز و شێوەی لەرینەوەیە.

زانستی سەردەم سەلماندوویەتی کەوا هەموو ئەوەی ناوی دەبەین بە مادده و وزە تەنها "شێوەی جووڵەی لەراوەن،" و هەندێک لە زانا پێشکەوتووترەکان بەخێرایی بەرەو شوێنی نهێنیزانەکان دەڕۆن کە دەڵێن دیرادەی بیر بەهەمان شێوە شێوەی لەرینەوەن یان جووڵە. با بزانین زانست چی هەیە بۆ وتن دەربارەی پرسیارەکانی لەرینەوە لە مادده و وزەدا.

لە سەرەتادا، زانست فێرمان دەکات کەوا هەموو ماددەیەک، لە پلەیەکدا، لەرینەوەکانی پلەکانی گەرمی دەردەخات. تەنێک سارد بێت یان گەرم — هەردووکیان پلەی هەمان شتن — پلەی دیاریکراوی لەرینەوە دەردەخات، و بەو پێیە لە جووڵە و لەرینەوەدا. دواتر هەموو تەنۆلکەکانی مادده لە جووڵەیەکی خولاوە دان، لە تەنۆلکەوە بۆ خۆرەکان. هەسارەکان بە دەوری خۆرەکاندا دەخولێنەوە، و زۆرێکیان لە تەوەرەکەیان لادەدەن. خۆرەکان بە دەوری خاڵی گەورەتردا دەخولێنەوە، و ئەوانیش بڕوا وایە بە خاڵی گەورەتردا دەخولێنەوە، وە هەروەها، تا کۆتایی. ئەو گەردانەی کە ماددەیەکی دیاریکراوی لێپێکهاتووە لە بارێکی جێگیری لەرینەوەدان و بەدەوری یەکتردا و دژی یەکتر دەخولێنەوە. گەردەکان لە گەردیلە پێکهاتوون، کە، بەهەمان شێوە، لە بارێکی جووڵەی جێگیر دان و دەلەرنەوە. گەردیلەکان لە تەنۆلکە پێکهاتوون، هەندێ جار ناودەبرێن بە "ئەلیکترۆنەکان،" "ئایۆنەکان،" هتد.، کە بەهەمان شێوە لە بارێکی جووڵەی خێرادان، بەدەوری یەکتردا دەخولێنەوە، و بارێکی زۆر خێرا و شێوەی لەرینەوە پێکدەهێنن. کەوایە، دەبینین هەموو شێوەکانی مادده لەرینەوە دەردەخەن، بەپێی بنەمای لەرینەوەی هەرمێتیک.

بەهەمان شێوەشە لەگەڵ جۆرە جیاوازەکانی وزە. زانست فێرمان دەکات کەوا ڕووناکی، گەرمی، موگناتیسی و کارەبا تەنها شێوەی جووڵەی لەراوەن بەجۆرێک بەیەکەوە بەستراون لەگەڵ ئیثەر، وە لەوانەیە هەر لە ئیثەریشەوە دەربچن. زانست هێشتاش هەوڵنادات سروشتی ئەو دیاردەیە ڕوونبکاتەوە کە ناسراوە بە پێکەوەلکان، کە بنەمای کێشکردنی گەردییە؛ نە کارلێکی کیمیایی، کە بنەمای کێشکردنی گەردیلەییە؛ نە هێزی کیشکردن (گەورەترین نهێنی هەر سێکیان)، کە ئەو بنەمای کێشکردنەیە هەموو تەنۆلکەیەک و بارستاییەکی مادده بەستراوە بە هەموو تەنۆلکەیەک یان بارستاییەکی تر. ئەم سێ شێوازەی وزە هێشتاش لەلایەن زانستەوە تێنەگەیشتراون، بەڵام هێشتاش نووسەرەکان بەلای ئەو بیرۆکەیەدا لار دەبنەوە کە ئەمانەش بەهەمان شێوە دەرخستنی هەندێک شێوەی وزەی لەراوەن، ڕاستییەک کەوا هەرمێتیستەکان زانیویانە و فێریانکردووە بۆ تەمەنێک لە ڕابردوودا.

ئیثەری گەردوونی، کە لەلایەن زاناکانەوە پێشبینی کراوە بەبێ ئەوەی سروشتی تێگەیشترابێت بە تەواوی، لەلایەن هەرمێتیستەکانەوە شێوەیەکی بەرزتری دەرخستنە لەوەی بە هەڵە ناودەبرێت بە مادده — ئەمە، ماددەیە لە پلەیەکی بەرزتری لەرینەوەدا — و بە "پێکهاتەی ئیثەری" ناودەبرێت. هەرمێتیستەکان فێردەکەن کەوا ئەم پێکهاتە ئیثەرییە تەنکییەتی و جیرِی زۆری هەیە، و هەموو بۆشایی گەردوون داگیردەکات، وەکو ناوەندێک کار دەکات بۆ گواستنەوەی شەپۆلەکانی وزەی لەراوە، وەکو گەرمی، ڕووناکی، کارەبا، موگناتیسی، هتد. فێرکارییەکان بریتین لەوەی کەوا پێکهاتەی ئیثەری پەیوەندییەکی بەیەکەوە بەستراوە لەنێوان شێوەکانی وزەی لەراوەی ناسراو بە "مادده" لەلایەک، و "وزە و هێز" لە لایەکەی تر؛ وە هەروەها پلەیەکی لەرینەوە دەردەخات، لە ڕێژەیەک و شێوەیەک، بەتەواوی تایبەت بە خۆی.

زاناکان ڕوونکردنەوەی تایەیەکی، یاخود لولەکێکی خێرا خولاوەیان پێشکەش کردووە، بۆ نیشاندانی کاریگەرییەکانی ڕێژە زیادبووەکانی لەرینەوە. تاییەکە یاخود لولەکە خولاوەکە بە ڕێژەیەکی نزمی لەرینەوە دەجووڵێت — بەم شتە لەراوە دەڵێین

"تەنەکە" لێرەوە. با بڵێین تەنەکە بەهێواشی دەجووڵێت. ئامادەباشانە دەتوانرێت ببینرێت، بەڵام هیچ دەنگێکی جووڵەکەی ناگات بە گوێ. خێراییەکەی وردە وردە زیاد دەکات. لە ماوەیەکی کەمدا جووڵەکەی هێندە خێرا دەبێت کەوا مرەمرێکی قوڵ یان نۆتێکی نزمی لێوە دەبیسترێت. دواتر هەر کە ڕێژەکە زیاد دەکرێت نۆتێک بەرزدەبێتەوە لە پێوەری مۆسیقادا. دواتر، جووڵەکەی زیاتر دەکرێت، نۆتە بەرزترەکەی دواتر دیاریدەکرێت. دواتر، یەک لە دوای یەک، هەموو نۆتەکانی پێوەری مۆسیقا دەردەکەون، بەرزتر و بەرزتر دەبنەوە هەرکە جووڵەکەی زیاد دەکات. لە کۆتاییدا کە جووڵەکە گەیشت بە ڕێژەیەکی دیاریکراو، دەگات بە کۆتا نۆتی هەستپێکراو بۆ گوێکانی مرۆڤ و هاوارە تیژە، کونکەرەکە نامێنێت، و بێ دەنگی دێت. هیچ دەنگێک نابیسترێت لە تەنە خولاوەکە، ڕێژەی جووڵەکەی هێندە بەرزە کەوا گوێی مرۆڤ ناتوانێت لەرینەوەکەی تۆمار بکات. دواتر دوای ماوەیەکی درێژ چاو سەرنجێک لە تەنەکە وەردەگرێت کاتێ دەبێت بە سوورێکی تاریکی لێڵ. هەر کە ڕێژەکە زیاد دەکات، سوورەکە گەشتر دەبێت. دواتر هەر کە خێرایی زیاد دەکات، سوورەکە دەتوێتەوە بۆ پرتەقاڵی. دواتر پرتەقاڵییەکە دەتوێتەوە بۆ زەرد. دواتر، یەک لەدوای یەک، پلەی ڕەنگەکانی سەوز، شین، نیلی، و لەکۆتاییدا بنەوشەیی، هەر کە ڕێژەی خێراییەکە زیاد دەکات. دواتر بنەوشەییەکە نامێنێت، و هەموو ڕەنگەکان دیار نامێنن، چاوی مرۆڤ ناتوانێت تۆماریان بکات. بەڵام تیشکی بینراو هەیە کە لە تەنەکەوە دەردەچێت، ئەو تیشکانەی لە وێنەگرتندا بەکاردەهێنرێن، و تیشکی وردی تری ڕووناکی. دواتر تیشکە سەیرەکانی ناسراو بە "تیشکی ئێکس،" هتد.، دەردەکەون هەر کە پێکهاتەی تەنەکە دەگۆڕێت. کارەبا و موگناتیسی دەردەچن کاتێ ڕێژەی گونجاوی لەرینەوە بەدەست دێت.

کاتێ تەنەکە دەگات بە ڕێژەیەکی دیاریکراوی لەرینەوە گەردەکانی تێکدەشکێن، و دەبنەوە بە توخم وگەردیلە ئاساییەکان. دواتر گەردیلەکان، بە بنەمای لەرینەوە، جیادەبنەوە بۆ ئەو تەنۆلکە نەژمێردراوانەی لێیان پێکدێن. وە لە کۆتاییدا، تەنانەت تەنۆلکەکانیش ون دەبن و تەنەکە دەتوانرێت بوترێت پێکهاتووە لە

پێکهاتەی ئیثەری. زانست بوێری ئەوەی نییە لە ڕوونکردنەوەکە بەردەوام بێت، بەڵام هەرمێتیستەکان فێردەکەن کەوا ئەگەر لەرینەوەکان بەردەوام زیاد بکرێن تەنەکە بەرز دەبێتەوە بۆ بارە یەک لەدوای یەکەکانی دەرخستن و لەمەوە قۆناغە جۆراوجۆرەکانی بیری دەردەخات، و دواتر بەرەو ڕۆح دەڕوات، هەتاوەکو لە کۆتاییدا دەچێتەوە ناو هەمووەکە، کە ڕۆحی ڕەهایە. "تەنەکە،" هەرچەندە، چیتر تەن نەماوە زۆر پێش گەیشتن بە قۆناغی ئیثەری، بەڵام بەرهەرحاڵ ڕوونکردنەوەکە دروستە هەرچەند کاریگەرییەکانی ڕێژەی جێگیری زیادکراو و شێوەی لەرینەوە نیشان بدات. دەبێت لەبیرت بێت، لە ڕوونکردنەوەکەی سەرەوەدا، لەو قۆناغەی تەنەکە لەرینەوەکانی ڕووناکی، گەرمی، هتد.، دەردەکات، لەڕاستیدا "نەبووە" بەو شێوانەی وزە (کە بەرزترن لە پێوەردا)، بەڵکو تەنها دەگات بە پلەیەکی لەرینەوە کە تیایدا ئەو شێوازانەی وزە سەربەست دەبن، لە پلەیەکدا، لە کاریگەرییە گەمارۆدەرەکانی گەردەکانی، گەردیلەکانی و تەنۆلکەکانی، هەر حاڵەتێک بێت. ئەم شێوازانەی وزە، هەرچەند زۆر بەرزترن لە پێوەردا وەکو لە مادده، گیراون و گەمارۆدراون لە یەکگرتنی ماددیدا، بە هۆکاری ئەو وزانەی دەردەخرێن لەڕێیەوە، و بەکارهێنای شێوازەکانی مادده، بەڵام لەمەوە گەمارۆ دەدرێن و گیردەخۆن لە دروستکراوی شیوازەکانی ماددیاندا، کە، بەشێوەیەک، ڕاستە بۆ هەموو دروستکراوەکان، کەوا هێزی دروستکردن لە دروستکراوییەوە دەگلێ.

بەڵام فێرکارییەکانی هەرمێتیک زۆر زیاتر دەڕۆن وەکو لەوەی زانستی سەردەم. فێردەکەن کەوا هەموو دەرخستنەکانی بیرۆکە، سۆزداری، هۆکار، حەز و ویست، یان هەر بارێک و حاڵەتێکی بیری، لەرینەوەی لەگەڵە، بەشێکی کە دەرکراوە و پێدەچێت کاریگەری لەسەر بیرەکانی کەسانی تر هەبێت لەڕێگای "هاندان." ئەمە ئەو بنەماییە کە دیاردەی "تەلەپاثی"؛ کاریگەری بیری، و شێوازی تری کردار و هێزی بیر بەسەر بیردا دروست دەکات، ئەوەی کە خەڵکی گشتی بەخێرایی ئاشنا دەبێت پێی، بەهۆی بڵاوکردنەوەی گشتی بەرفراوانی زانستی نهێنی لەلایەن فێرگە جۆراوجۆرەکانەوە، ڕیبازەکانەوە و فێرکارەکانەوە بەدرێژایی ئەم دیڕانە لەم کاتەدا.

هەر بیرۆکەیەک، سۆزدارییەک و باریکی بیری ڕێژەی هاوگونجاوی شێوەی لەرینەوەی خۆی هەیە. وە بە هەوڵێکی خواستی کەسەکە، یان کەسەکانی تر، ئەم بارە بیرییانە دەتوانرێت دروست بکرێتەوە، هەروەکو چۆن پێوەرێکی مۆسیقا بەرهەم دەهێنرێتەوە بەهۆی ئامێرێک بۆ لەراندنەوەی ڕێژەیەکی دیاریکراو – هەروەکو چۆن ڕەنگ بەرهەم دەهێنرێتەوە بەهەمان ڕێگا. بە زانیاری بنەمای لەرینەوە، کاتێ بەکاردەهێنرێت بۆ دیاردەی بیری، یەکێک دەتوانێت بیری جەمسەر بکات لەهەر پلەیەک بیخوازێت، لەمەشەوە کۆنترۆڵی نایاب بەدەست دەهێنێت بەسەر بارەکانی بیری خۆیدا. بەهەمان ڕێگاش دەتوانێت کار بکاتە سەر بیرەکانی تر، بۆ دروستکردنی باری بیری خوازراو لەواندا. بە کورتی، دەتوانێت لە ڕووتەختی بریدا ئەوە دروست بکات کە زانست دروستی دەکات لە ڕووتەختی فیزیاییدا – بەناو، "لەرینەوە بە خواست." – ئەم توانایە بە دڵنیاییەوە تەنها بە فێرکاری و ڕاهێنانی گونجاو بەدەست دەهێنرێت، زانستەکەی بریتییە لە گۆڕێتی بیری، یەکێک لە لقەکانی هونەری هەرمێتیک.

پێداچوونەوەیەک بەسەر ئەوەی باسمان کرد نیشانی قوتابییەکەی دەدات کەوا بنەمای لەرینەوە بنچینەی دیاردەی سەرسوڕهێنەری هێزی دەرخراوە لەلایەن مامۆستاکان و شارەزاکان، کە دەتوانن یاساکانی سروشت بخەنە لاوە، بەڵام کە، لە ڕاستیدا، تەنها یاسایەک دژی دانەیەکی تر بەکاردەهێنن؛ بنەمایەک دژی دانەیەکی تر؛ وە کە دەرەنجامەکانیان تەواو دەکەن بە گۆڕینی لەرینەوەکانی تەنە ماددییەکان، یان شێوازەکانی وزە، و لەمەوە ئەوە بکەن کە بەشێوەیەکی باو ناودەبرێت بە "موعجیزە."

هەروەکو یەکێک لە نووسەرە کۆنەکانی هەرمێتیک بە دروستی وتوویەتی: "ئەوەی کە لە بنەمای لەرینەوە تێدەگات، قامچی دەسەڵاتی بەدەستەوە گرتووە."

## بەشـــــی ١٠.

# جەمسەرگری.

---

*"هەموو شتێک دووانییە؛ هەموو شتێک جەمسەری هەیە؛ هەموو شتێک جووتی دژیەکی خۆی هەیە؛ لێکچوو و لێکنەچوو وەکو یەکن؛ دژیەکەکان هاوشێوەن لە سروشتدا، بەڵام جیاوازن لە پلەدا؛ کۆتاییەکان بەیەک دەگەن؛ هەموو ڕاستییەکان نیوەڕاستین؛ هەموو پاڕادۆکسەکان دەتوانرێت چارەسەر بکرێن." — کەباڵیەن.*

بنەمای چوارەمی مەزنی هەرمێتیک — بنەمای جەمسەرگری — ئەو ڕاستییە دەگرێتەخۆ کەوا هەموو شتە دەرکەوتووەکان "دوو ڕووییان"؛ "دوو لایەنیان"؛ "دوو جەمسەریان"؛ "جووتێکی دژیەکیان" هەیە، بە پلەی فرەسەر لەنێوان دوو کۆتاییەکاندا. پاڕادۆکسە کۆنەکان، کە بیری مرۆڤیان شێواندووە، بە تێگەیشتن لەم بنەمایە ڕووندەکرێنەوە. مرۆڤ هەمیشە شتێکی هاوشێوەی ئەم بنەمایەی دۆزیوەتەوە، و هەوڵی داوە دەریببرێت بە وتە، ڕاستی گشتی و پەندی پێشینان وەکو ئەمانە: "هەموو شتێک وایە و واش نییە، لەهەمان کاتدا"؛ هەموو ڕاستییەکان نیوە ڕاستین"؛ "هەموو ڕاستییەک نیوە هەڵەیە"؛ "دوو ڕووی هەیە بۆ هەموو شتێک"؛ "لایەکی پێچەوانە هەیە بۆ هەموو قەڵغانێک،" هتد.، هتد.

فێرکارییەکانی هەرمێتیک بەو دەرەنجامەن کەوا جیاوازی لەنێوان شتەکاندا کەوا دەردەکەوێت بەتەواوی دژی یەکترن تەنها پەیوەندی بە پلەوە هەیە. فێردەکات

کەوا "جووتی دژیەکەکان دەتوانرێت چارەسەر بکرێن،" و کەوا "پێشنیار و دژە پێشنیار هاوشێوەن لە سروشتدا، بەڵام جیاوازن لە پلەدا"؛ و کەوا "چارەسەری گەردوونی" لەدەرەنجامی تێگەیشتنە لە بنەمای جەمسەرگری. فێرکارەکان دەڵێن کەوا ڕوونکردنەوەکانی ئەم بنەمایە دەتوانرێت لەسەر هەموو دەستێک هەبێت، و لە پشکنین بۆ سروشتی ڕاستەقینەی هەر شتێک. دەستپێدەکەن بەوەی کەوا ڕۆح و ماددە تەنها دوو جەمسەرن، لە هەمان شت، ڕووتەختە ناوەندییەکان تەنها پلەی لەرینەوە. نیشانی دەدەن کەوا هەمووەکە و هەموو شتەکان وەکو یەکن، جیاوازیەکە تەنها لە پلەی بیری دەرخستن دایە. بۆیەش یاساکە و یاساکان دوو جەمسەری دژیەکی پێچەوانەی یەک شتن. بەهەمان شێوەش، بنەما و بنەماکان. بیرە ناکۆتا و بیرە کۆتایی هاتووەکان.

دواتر دەچنە سەر ڕووتەختی فیزیایی، بنەماکە ڕوون دەکەنەوە بە نیشاندانی ئەوەی کەوا گەرمی و ساردی هاوشێوەن لە سروشتدا، جیاوزیەکە تەنها لە پلە دایە. گەرمیپێوەکە پلەی زۆری گەرمی نیشان دەدات، نزمترین جەمسەریان پێی دەوترێت "سارد." و بەرزترینیان "گەرم." لەنێوان ئەم دوو جەمسەرەدا پلەی زۆری "گەرمی" و "ساردی" هەیە، بە هەرچیان ناویان ببەیت ڕاستیت. بەرزتری هەردوو پلەکە هەمیشە "گەرمترە،" لەکاتێکدا نزمترەکە هەمیشە "ساردترە." هیچ شوێنێک نییە لەسەر گەرمیپێوەکە تیایدا گەرمی بوەستێت و ساردی دەستپێبکات. هەمووی پەیوەندی بە لەرینەوە بەرزترەکان و نزمترەکانەوە هەیە. تەنانەت زاراوەکانی "بەرز" و "نزم،" کە ناچارین بەکاریان بهێنین، تەنها جەمسەری هەمان شتن – زاراوەکان ڕێژەیین. بەهەمان شێوەش "خۆرهەڵات و خۆرئاوا" – بەجیهاندا گەشت بکە بەرەوە خۆرهەڵات، و دەگەیت بە خاڵێک ناودەبرێت بە خۆرئاوا لە خاڵی دەستپێکردنت، و دەگەڕێیتەوە لەو خاڵی خۆرئاواییەوە. بەشێوەیکی پێویست بەرەو باکور گەشت بکە، و خۆت دەبینیتەوە گەشت دەکەیت بۆ باشور، یان بە پێچەوانەوە.

ڕووناکی و تاریکی جەمسەری هەمان شتن، لەگەڵ پلەی زۆر لەنێوانیاندا. پێوەری مۆسیقا هەمان شتە – لە "C" دەست پێدەکات و بەرز دەبێتەوە هەتا دەگەیت "C" تر،

وە هەروەها، جیاوازی هەردوو کۆتاییەکانی دەستەکە هەمان شتن، لەگەڵ پلەی زۆر لەنێوان دوو کۆتاییەکەدا. پێوەری ڕەنگ هەمان شتە – لەرینەوەی بەرزتر و نزمتر تەنها جیاوازین لەنێوان بنەوشەیی تۆخ و سوری کاڵ. گەورە و بچووک ڕێژەیین. بەهەمان شێوەش ژاوەژاو و بێ دەنگی؛ سەخت و نەرم شوێن یاساکە دەکەون. هەروەکو تیژ و کول. ئەریێنی و نەرێنی دوو جەمسەری هەمان شتن، لەگەڵ پلەی نەژمێردراو لەنێوانیاندا.

باش و خراپ ڕەها نین – بە کۆتاییەکە پێوەرەکە دەڵێین باش و ئەوەی تر خراپ. شتێک "کەمتر باشترە" وەکو لە شتەکە بەرزتر لە پێوەردا؛ بەڵام هەتا "کەمتر باشتر" بێت، لە دەرەنجامدا، "زیاتر باشترە" لە شتەکەی خوار خۆی – وە هەروەها، "زیاتر و کەمترەکە" بەپێی شوێنەکە لە پێوەردا ڕێکخراون.

بەهەمان شێوەشە لە ڕووتەختی بیریدا. "خۆشەویستی و ڕق" بەگشتی وەکو شتی بەتەواوی پێچەوانە دانراون بۆ یەکتر؛ بەتەواوی جیاواز؛ نەگونجاون. بەڵام ئێمە بنەمای جەمسەرگری بەکاردەهێنین؛ دەبینین کەوا هیچ شتێک نییە وەکو خۆشەویستی ڕەها یان ڕقی ڕەها، وەکو جیاکراونەوە لە یەکتر. ئەم دووانە تەنها زاراوەن بۆ جەمسەرەکانی هەمان شت بەکارهێراون. لەهەر خاڵێکی پێوەرەکەدا دەستپێبکەیت "خۆشەویستی زیاتر" دەبینینەوە هەر کە نزمدەبینەوە – ئەمە ڕاستە بێ گوێدانە ئەوەی لە چ خاڵێکەوە، بەرز یان نزم، دەستپێبکەین. پلەی خۆشەویستی و ڕق هەیە، و خاڵی ناوەڕاست هەیە کە تیایدا "حەزلێبوون و حەزلێنەبوون" هێندە کز دەبن تیایدا کەوا گرانە جیاوازیان لەنێواندا بکەیت. ورە و ترس لەژێر هەمان یاساوە دێن. جووتەکانی دژیەکەکان لەهەموو شوێنێک هەن. لەهەر کوێیەک شتێک بدۆزیتەوە دژەکەی دەدۆزیتەوە – دوو جەمسەرەکان.

ئەمە ئەم ڕاستییە کەوا ڕێگە بە هەرمێتیستەکان دەدات بارێکی بیری بگۆڕن بۆ دانەیەکی تر، بەدرێژایی هێڵەکانی جەمسەرگری. ئەو شتانەی سەر بە کۆمەڵەی جیاوازن ناتوانرێت بگۆڕدرێن بۆ یەکتر، بەڵام شتەکانی هەمان کۆمەڵە دەتوانرێت بگۆڕدرێن، ئەمە، جەمسەریان دەگۆڕێت. بۆیە خۆشەویستی هەرگیز ناگۆڕیت بە

خۆرهەڵات و خۆرئاوا، یان سور و بنەوشەیی – بەڵام دەتوانرێت بگۆڕدرێت بە ڕق – و بەهەمان شێوە ڕق دەتوانرێت بگۆڕدرێت بۆ خۆشەویستی، بە گۆڕینی جەمسەرەکەی. وره دەتوانرێت بگۆڕدرێت بە ترس، وە بە پێچەوانەوە. شتە سەختەکان دەتوانرێت نەرم بکرێن. شتە کولەکان تیژ دەبن. شتە گەرمان سارد دەبن. وە هەروەها، گۆڕینەکە تەنها لەنێوان شتەکانی هەمان جۆرە لە پلەی جیاوازدا. حاڵەتی مرۆڤێکی ترساو بگرە بەرچاو. بە بەرزکردنەوەی لەرینەوەی بە درێژایی هێلەکانی ترس و وره، دەتوانرێت پڕ ببێت بە بەرزترین پلەی وره و چاونەترسی. وە، بەهەمان شێوەش، کەسە تەمەڵەکە دەتوانێت خۆی بگۆڕێت بۆ چالاکێک، تاکێکی بەتاقەت، تەنها بە جەمسەر کردنی خۆی بەدرێژایی هێڵەکانی جۆری خوازراو.

ئەو قوتابییەی لەگەڵ ئەو پرۆسەیەیا ئاشنایە کە بەهۆیەوە فێرگەی جۆراوجۆری زانستی بیری، هتد.، گۆڕانکارییەکان دروست دەکەن لە بارە بیرییەکاندا لەوانەی شوێنی فێرکارییەکانیان دەکەون، لەوانەیە بەشێوەیەکی ئامادەباشانە لەم بنەمایە نەگەن کە بنچینەی زۆرێک لەو گۆڕانانەیە. کاتێک، هەرچەندە، بنەمای جەمسەرگری بەدەست دەگات، و دەبینرێت کەوا گۆڕانکارییە بیرییەکان بە گۆڕینی جەمسەرگری ڕوودەدەن - خزانێک بەدرێژایی هەمان پێوەر – بابەتەکە باشتر تێدەگەیشتراو دەبێت. گۆڕانەکە لە سروشتی گۆڕینی شتێک بۆ شتێکی تری تەواو جیاواز نییە – بەڵام تەنها گۆڕانە لە پلەی هەمان شتەکاندا، جیاوازییەکی زۆر گەورەی گرنگ. بۆ نموونە، گەر لەیەکچوونێک بهێنینەوە لە ڕووتەختی فیزاییدا، مەحاڵە گەرمی بگۆڕیت بۆ تیژی، ژاوەژاوی، بەرزی، هتد.، بەڵام گەرمی زۆرباش دەگۆڕیت بە ساردی، تەنها بە نزمکردنەوەی لەرینەوە. بەهەمان ڕێگا ڕق و خۆشەویستی ئاڵوگۆڕانە دەگۆڕدرێن؛ بەهەمان شیوە ترس و ورەش. بەڵام ترس ناتوانرێت بگۆڕدرێت بۆ خۆشەویستی، نە وره بگۆڕدرێت بۆ ڕق. بارە بیرییەکان سەر بە کۆمەڵەی نەژمێردراون، هەر کۆمەڵەیەک جەمسرەی دژیەکی خۆی هەیە، لەگەڵیدا گۆڕین دەتوانرێت بکرێت.

قوتابییەکە بەخێرایی دەزانێت کەوا لە بارە بیرییەکاندا، بەهەمان شێوە لە دیاردەکانی ڕووتەختی فیزیاییدا، دوو جەمسەرەکە وەکو ئەرێنی و نەرێنی جیاکراونەوە، بەدوای یەکدا. بۆیە خۆشەویستی ئەرێنییە بۆ ڕق؛ ورە بۆ ترس؛ چالاکی بۆ ناچالاکی، هتد.، هتد.: وە بەهەمان شێوە تێبینی دەکرێت تەنانەت بۆ ئەوانەی ئاشنا نین بە بنەمی لەرینەوە، جەمسەرە ئەرێنییەکە پێدەچێت پلەی بەرزتری هەبێت لە نەرێنییەکە، و ئامادەباشانە زاڵ دەبێت بەسەریدا. سەودای سروشی بە ئاراستەی چالاکی زاڵی جەمسەری ئەرێنییە.

سەرەڕای گۆڕینی جەمسەرەکانی بارێکی بیری یەکێک بە کارپێکردنی هونەری جەمسەرگری، دیاردەی کاریگەری بیری، لە قۆناغە جۆراوجۆرەکانیدا، نیشانمان دەدات کەوا بنەماکە دەتوانرێت فراوان بکرێت بۆ گرتنە باوەشی دیاردەی کەریگەری بیری یەکێک بەسەر یەکێکی تردا، ئەوەی زۆرێکی لەسەر نووسراوە و فێرکراوە لە سالآنی دواییدا. کاتێ تەدەگەیت کەوا هاندانی بیری دەتوانرێت ئەنجام بدرێت، کەوا بارە بیرییەکان دەتوانرێت دروست بکرێن بە "هاندان" لە ئەوانی ترەوە، دواتر دەتوانین ئامادەباشانە ببینین چۆن ڕێژەی دیاریکراوی لەرینەوە، یان جەمسەرگری بارێکی دیاریکراوی بیری، دەتوانرێت بگەیەنرێت بە کەسێکی تر، و جەمسەرگری لەو کۆمەڵەی بارەکانی بیردا دەگۆڕێت. ئەمە بەهۆی ئەم بنەمایەوەیە کەوا دەرەنجامەکانی "چارەسەرە بیرییەکان" بەدەستدەهێنرێن. بۆ نموونە، کەسێک "شینە،" دڵتەنگ و پڕ لە ترسە. زانایەکی بیری بیری دەبات بەرەو لەرینەوەیەکی خوازراو لە حاڵەتی خۆیدا، دواتر بارێکی بیری هاوشێوە دروست دەکات لە ئەوەی تردا بە هاندان، دەرەنجامەکەش ئەوەیە کەوا لەرینەوەکان بەرزکراونەوە و کەسەکە جەمسەرگر دەبێت بەرەو کۆتایی ئەرێنی لە پێوەرەکەدا لەجیاتی بەرەو نەرێنییەکە، و ترس و سۆزدارییە نەرێنییەکانی تری دەگۆڕێن بۆ ورە و بارە بیرییەکانی تری هاوشێوە.
خوێندنێکی کەم نیشانت دەدات کەوا ئەم بارە بیرییانە هەموویان بەنزیکی لەگەڵ هێڵەکانی جەمسەرگرین، گۆڕانەکە لە پلە دایە وەکو لە جۆر.

زانستێک لە بوونی ئەم بنە مەزنەی هەرمێتیک ڕێگە بە قوتابییەکە دەدات باشتر تێبگات لە بارە بیرییەکانی خۆی، و ئەوانی تری خەڵکیش. دەبینێت کەوا ئەم بارانە هەموویان پەیوەندیان بە پلەوە هەیە، و بە تێگەیشتن لەمە، دەتوانێت لەرینەوەکان بەرز و نزم بکاتەوە بە خواست – بۆ گۆڕینی جەمسەرە بیرییەکانی، و لەمەوە بوون بە مامۆستای بارە بیرییەکانی، لەجیاتی بوون بە کۆیلەی خزمەتکاریان. وە بەم زانستە دەتوانێت ژیرانە هاوکاری شوێنکەوتەکانی بکات، و بە ڕێگا گونجاوەکان جەمسەرگری گۆڕێت کاتێ بیەوێت. هەموو قوتابییان ئاگادار دەکەینەوە خۆیان ئاشنا بکەن بەم بنەمای جەمسەرگرییە، چونکە تێگەیشتنێکی دروست لێی ڕووناکی دەخاتە سەر زۆر بابەتی قورس.

## بەشـــی ١١.

# ڕیتم.

*"هەموو شتێک دەڕواتە دەرەوە و ناوەوە؛ هەموو شتێک هەڵکشان و داکشانی خۆی هەیە؛ هەموو شتەکان بەرزدەبنەوە و نزمدەبنەوە؛ جووڵەی پەندۆڵی لەهەموو شتێکدا دەردەکەوێت؛ هەژماری جووڵەی ڕاست یەکسانە بە هەژماری جووڵەی چەپ؛ ڕیتم دەژمێردرێت." — کەباڵیەن.*

بنەمای مەزنی پێنجەمی هەرمێتیک — بنەمای ڕیتم — ئەو ڕاستییە لەخۆدەگرێت کەوا لە هەموو شتێکدا جووڵەیەکی ژمێردراو هەیە؛ جووڵەیەکی لە و بۆ؛ هەڵکشانێک و داکشانێک؛ جۆلانەیەک بەرەو پێش و دواوە؛ جووڵەیەکی شێوە پەندۆلی؛ هەڵکشانێکی بەرز و هەڵکشانێکی نزم؛ لەنێوان دوو جەمسەرە دەرخراوەکان لەسەر ڕووتەختەکانی فیزیایی، بیری و ڕۆحی. بنەمای ڕیتم زۆر بە نزیکییەوە بەستراوە بە بنەمای جەمسەرداری کە لە بەشی پێشووتردا باسکرا. ڕیتم لە نێوان دوو جەمسەرەکانی بنەمای جەمسەرگری دەردەکەوێت. ئەمە واتای ئەوە نییە، هەرچەندە، کەوا پەندۆلی ڕیتم بۆ کۆتایی جەمسەرەکە دەڕوات، ئەمە بە دەگمەن ڕوودەدات؛ لە ڕاستیدا، گرانە جەمسەرە کۆتاییە دژییەکان دیاری بکەیت لە زۆربەی حاڵەتەکاندا. بەڵام جۆلانەکە هەمیشە "بەرەو" یەک جەمسەرە و دواتر ئەوەی تر.

هەمیشە کار و کاردانەوەیەک هەیە؛ پیشکەوتن و کشانەوەیەک؛ بەرزبوونەوە و نزمبوونەوەیەک؛ لە هەموو کەشەکان و دیاردەکای گەردوون. خۆرەکان، جیهانەکان، مرۆڤەکان، گیانەوەران، ڕووەکەکان، کانزاکان، هێزەکان، وزە، بیر و ماددە، بەڵێ، تەنانەت ڕۆحیش، ئەم بنەمایە دەردەخات. بنەماکە لە دروستکردن و ڕووخاندنی جیهانەکان دەردەکەوێت؛ لە بەرزبوونەوە و نزمبوونەوەی نەتەوەکان؛ لە مێژووی ژیانی هەموو شتەکان؛ وە لە کۆتاییدا لە بارە بیرییەکانی مرۆڤدا.

بە دەستپێکردن لە دەرخراوەکانی ڕۆح – لە هەمووەکە – تێبینی دەکرێت بڵاوکردنەوەیەک و کێشانەوەیەکی هەمیشەیی هەیە؛ "هەناسەدان و هەناسەدانەوەی برایم،" هەروەکو برایمییەکان دەیڵێن. گەردوونەکان دروست دەکرێن؛ دەگەن بە خاڵی کۆتایی نزمی بیرییان؛ و دواتر جۆلانەی بەرزبوونەوەیان دەستپێدەکەن. خۆرەکان دروست دەبن، و دواتر کە دەگەن بە بەرزی دەسەڵاتیان، پرۆسەی گەڕانەوە دەستپێدەکات، وە دوای چەندین ڕۆژگار دەبن بە بارستایی مردووی ماددە، چاوەڕێی پاڵێکی تر دەکەن لە دووبارە وزە ناوەکییەکانیان دەستپێدەکاتەوە بە چالاکی و سوڕێکی تازەی ژیانی دەستپێدەکات. بەهەمان شێوەش لە هەموو جیهانەکاندا؛ لەدایک دەبن، گەشەدەکەن و دەمرن؛ تەنها تا لەدایک ببنەوە. وە بەهەمان شێوەشە لەگەڵ شتەکانی شێوە و شێواز؛ جۆلانە دەکەن لە کارە بۆ کاردانەوە؛ لە لەدایکبوونەوە بۆ مردن؛ لە چالاکییەوە بۆ ناچالاکی – و دواتر دووبارە پێچەوانە. بەهەمان شێوەشە لەگەڵ هەموو شتە ژیاوەکان؛ لەدایک دەبن، گەشەدەکەن، و دەمرن – دواتر لەدایک دەبنەوە. بەهەمان شێوەشە لەگەڵ هەموو جووڵە مەزنەکان، فەلسەفەکان، ڕێبازەکان، مۆدەکان، حکومەتەکان، نەتەوەکان، و هەموو شتێکی تر – لەدایکبوون، گەشیکردن، پێگەیشتن، پوکانەوە، مردن – وە دواتر لەدایک بوونەوەی تازە. جۆلانەی پەندۆلی هەمیشە لە بوون دایە.

شەو دوای ڕۆژ دەکەوێت؛ و ڕۆژ دوای شەو. جۆلانەکانی پەندۆلی لە هاوینەوە بۆ زستان، و دواتر پێچەوانە. تەنۆلکەکان، گەردیلەکان، گەردەکان، و هەموو

بارستاییەکانی ماددە، جۆلانە دەکەن بەدوری سروشتیاندا. هیچ شتێک وەستاوی ڕەها بوونی نییە، یاخود وەستاو لە جووڵەدا، و هەموو جووڵەکان بەشداری ڕیتم دەکەن. بنەماکە لە بەکارهێنانی گەردوونییە. دەتوانرێت بۆ هەموو پرسیارێک بەکاربهێنرێت، یان دیاردەکانی ڕووتەختە زۆرەکانی ژیان. دەتوانرێت بۆ هەموو قۆناغەکانی چالاکی مرۆڤ بەکاربهێنرێت.

هەمیشە جۆلانەی ڕیتمی هەیە لە جەمسەرێکەوە بۆ ئەوی تر. پەندۆلی گەردوونی هەمیشە لە جووڵە دایە. شەپۆلەکانی ژیان بەرز و نزم دەبنەوە، بەپێی یاسا.

بنەمای ڕیتم باش تێگەیشتراوە لەلایەن زانستی سەردەمەوە، و بە یاسایەکی گەردوونی دانراوە هەروەکو چۆن بۆ شتە ماددییەکان بەکاردەهێنرێت. بەڵام هەرمێتیستەکان ئەم بنەمایە زۆر زیاتر دەبەن، و دەزانن دەرکەوتنەکانی و کاریگەرییەکانی بۆ چالاکییە بیرییەکانی مرۆڤ فراوان دەبن، و دەچێتە ناو بارە دەروونییە، هەستە، و گۆڕانە بێزارکەرەکان و سەرتێکدەرە یەک لەدوای یەکە سەرسوڕهێنەرەکانی تر کە لەخۆماندا تێبینی دەکەین. بەڵام هەرمێتیستەکان بە خوێندنی کاری ئەم بنەمایە فێربوون لە چالاکییەکانی دەربازبن بە گۆڕین.

مامۆستا هەرمێتیکەکان زۆر لەو کاتەوەی دۆزراوەتەوە کەوا لەکاتیکدا بنەمای ڕیتم نەگۆڕە، و هەمیشە لە بەڵگەدایە لە دیاردەی بیریدا، هێشتاش دوو ڕووتەختی دەرکەوتنی هەبوون ئەوەندەی دیاردەی بیری دەیزانێت. دۆزیانەوە کەوا دوو ڕووتەختی گشتی ئاگایی هەیە، نزمترەکە و بەرزترەکە، کە تێگەیشتنی ڕێگەیان پێدەدات بەرزببنەوە بۆ ڕووتەختە بەرزترەکە و لەمەوە لە جۆلانەی ڕیتمی پەندۆلی ڕزگارییان بێت کە لە ڕووتەختە نزمترەکەدا دەردەکەوێت. بە واتایەکی تر، جۆلانەی پەندۆلی کە لە ڕووتەختی نائاگاییدا ڕوودەدات، وە ئاگاییەکە کاری لێنەکراوە. ئەوان ئەمە ناودەبەن بە یاسای هاوکیشبوون. کارپێکردنی پێکدێت لە بەرزکردنەوەی خود لەسەروو لەرینەوەکانی ڕووتەختی نائاگایی چالاکی بیری، تاوەکو جۆلانەی نەرێنی پەندۆڵ دەرنەکوێت لە ئاگاییدا، و کاری لێنەکرێت. هاوشێوەی بەرزبوونەوەیە لەسەروو شتێک

تا بەژێرتدا تێپەڕ ببێت. مامۆستا هەرمێتیکەکان، یاخود قوتابییە پێشکەوتووەکان، جۆی لە جەمسەری خوازراو جەمسەرگر دەکات، و بە پڕۆسەیەکی هاوشێوەی "ڕیتکردنەوە" بۆ بەشداری کردن لە جۆلانەی پێچەوانە، یان، گەر پێت باشتر بێت، "نکۆڵی کردنێک" لە کاریگەرییەکەی بەسەریدا، بە جێگیری دەمێنێتەوە. لە شوێنی جەمسەرگری، ڕێگە بە پەندۆڵی بیری دەدات بۆ دواوە جۆلانە بکات بەدرێژایی ڕووتەختی نائاگایی. هەموو کەسێک کە پلەیەکی مامۆستاییەتی بەسەر خودا بەدەستهێناوە، دەتوانێت ئەمە بکات، کەمتر یان زیاتر زانراوانە، و ڕەتی دەکەنەوە ڕێگە بە بارە دەروونییەکان و بارە بیرییە نەرێنییەکان بدەن کاریان لێبکەن، یاسای هاوکێشبوون بەکاردەهێنن. مامۆستاکە، هەرچەندە، ئەمە بۆ پلەیەکی زۆر بەرزتری چوستی دەبات، و بە بەکارهێنانی خواستی خۆی پلەیەکی هاوسەنگی و جێگیری بیری بەدەست دەهێنێت کە بەنزیکی مەحاڵە بڕوای پێبکرێت لەلایەن ئەوانەی ڕێگە بەخۆیان دەدەن بۆ دواوە و پێشەوە جۆلانەیان پێبکرێت بە پەندۆڵی بیری بارە دەروونییەکان و هەستەکان.

گرنگی ئەمە ڕێزی لێدەگیرێت لەلایەن هەر کەسێک کە بیر دەکاتەوە و دەزانیت چ بوونەوەرێکی باری دەروونی، هەستەکان و سۆزدارییەکانن زۆربەی خەڵک، و چەند مامۆستایەتییەکی کەم دەرەدەخەن بەسەر خۆیاندا. گەر بوەستیت و بۆ ساتێک بیربکەیتەوە، بۆت دەردەکەوێت چەندە جۆلانەکانی ڕیتم کاریان لێکردوویت لە ژیانت – چۆن ساتێکی پەرۆشی بە هەستێکی پێچەوانەوە و بارێکی دەروونی و خەمۆکییەوە هاتووە. بەهەمان شێوەش، بارە دەروونییەکان و ماوەکانی ورەت بە باری دەروونی یەکسانی ترس هاتووە – شەپۆلەکانی هەستەکان هەمیشە بەرزبوونەوە و نزمبوونەوە لەگەڵیاندا، بەڵام هەرگیز هەستیان بە هۆکاری دیاردە بیرییەکە نەکردووە. تێگەیشتنێک لە کارکردنی ئەم بنەمایە کلیلی مامۆستایەتی ئەم جۆلانە ڕیتمییانەی هەستەکان دەبەخشێت بە یەکێک، و ڕێگەی دەدات خۆی باشتر بناسێت و ڕزگاری بێت لە هەڵگرتن بەرەو ئەم هەڵکشان و داکشانانە. خواست زاڵە بۆ دەرخراوی ئاگایی ئەم بنەمایە، هەرچەندە بنەماکە خۆی هەرگیز ناتوانێت لەناوببرێت. دەتوانین لە

کاریگەرییەکانی ڕزگارمان بێت، بەڵام بنەماکە کارایە، لەگەڵ ئەوەشدا. پەندۆڵەکە هەمیشە جۆلانە دەکات، هەرچەندە بتوانین دەربازبین لێی.

تایبەتمەندی تری ئەم بنەمای ڕیتمە هەیە کە دەمانەوێت قسەی لەسەر بکەین لەم خاڵەوە. یاسای ژماردن دێتە کاراوە. یەکێک لە پێناسە و واتاکانی وشەی "ژماردن" بریتییە لە، "پێچەوانە هاوسەنگ کردن." لەم یاسای بەرانبەریکردنەوەدا کە کەباڵیەن ئاماژەی پێدەکات دەڵێت: "پێوانەی جۆلانەکە بۆ ڕاست یەکسانە بە پێوانەی جۆلانەکە بۆ چەپ؛ ڕیتم دەژمێردرێت."

یاسای ژماردن ئەوەیە کەوا جۆلانەی ئاڕاستەیەک جۆلانەی ئاڕاستەی پێچەوانە دیاری دەکات، یان بۆ جەمسەری پێچەوانە – ئەوەی ئەوەی تر هاوسەنگ دەکات، یان پێچەوانە هاوسەنگ دەکات. لە ڕووتەختی فیزیاییدا نموونەی زۆری ئەم یاسایە دەبینین. پەندۆڵی کاتژمێر دوورییەکی دیاریکراو بۆ ڕاست جۆلانە دەکات، و دواتر دوورییەکی یەکسان بۆ چەپ. وەرزەکان یەکتر هاوسەنگ دەکەن بەهەمان ڕێگا. شەپۆلەکان شوێن هەمان یاسا دەکەون. وە هەمان یاسا لە هەموو دیاردەکانی ڕیتمدا دەردەکەوێت. پەندۆڵەکە، بە جۆلانەیەکی کورت بە ئاڕاستەیەک، یەنها جۆلانەیەکی کورتی هەیە لە ئەوەی تر؛ لەکاتێکدا جۆلانەی درێژ بۆ ڕاست نەگۆڕانە واتا جۆلانەیەکی درێژ بۆ چەپ. تەنێک بەرەو سەرەوە هەڵدرێت بۆ بەرزییەکی دیاریکراو دوورییەکی یەکسانی هەیە بۆ گەڕانەوەی. ئەو هێزەی هاوێژراوێک دەینێرێت بۆ سەرەوە میلێک بەرهەم دەهێنرێتەوە کاتێ هاوێژراوەکە دەگەڕێتەوە بۆ زەوی لە گەشتی گەڕانەوەیەدا. ئەم یاسایە جێگیرە لە ڕووتەختی فیزیاییدا، هەروەکو چۆن ئاماژەکان بۆ پێوەرەکان نیشانت دەدەن.

بەڵام هەرمێتیستەکان هێشتاش زیاتری دەبەن. فێردەکەن کەوا بارە بیرییەکانی مرۆڤ ملکەچی هەمان یاسان. ئەو مرۆڤەی زۆر چێژدەبینێت، تووشی چەوسانەوەی زۆر دەبێت؛ لەکاتێکدا ئەوەی تەنها هەست بە کەمێک ئازار دەکات تەنها هەست بە کەمێک شادی دەکات. بەرازەکە تەنها کەمێک بیرییانە دەچەوسێتەوە، و کەم چێژ

دەبینێت – ژمێردراوە. وە لەلاکەی تر، گیانەوەر هەیە کە زۆر چێژ دەبینێت، بەڵام کۆئەندامی دەماری و میجازی وای لێدەکات تووشی پلەیەکی نایابی ئازار ببن. بەهەمان شێوەشە لە مرۆڤدا. میجاز هەیە کە تەنها ڕێگە بە پلەیەکی نزمی خۆشی دەدات، و بەهەمان شیوە پلەیەکی نزمی چەوسانەوە؛ لەکاتێکدا هی تر هەیە کە ڕێگە بە توندرین خۆشی دەدەن، بەڵام بەهەمان شیوە توندترین چەوسانەوە. یاساکە بریتییە لەوەی کەوا بڕی ئازار و خۆشی، لەهەر تاکێکدا، هاوسەنگە. یاسای ژماردن بەتەواوی لە کارا دایە لێرە.

بەڵام هەرمێتیستەکان هێشتاش زیاتر دەڕۆن لەسەرم ئەم باسە. فێردەکەن کەوا پێش ئەوەی یەکێک بتوانێت چێژ لە پلەیەکی دیاری کراوی خۆشی ببینێت، دەبێت هێندە بۆ دواوە جۆلانەی پێکرابێت، هاوڕێژەییانە، بەرەو جەمسەرەکەی تری هەستەکە. دەڵێن، هەرچەندە، کەوا نەرێنییەکە پێشینەیە بۆ ئەرێنییەکە لەم حاڵەتەدا، لە ئەزموونی پلەیەکی دیاریکراوی خۆشیدا شوێن ئەوە ناکەوێت کەوا دەبێت "باجەکەی بدات" بە پلەیەکی هاوگونجاوی ئازار؛ بە پێچەوانەوە، خۆشییەکە جۆلانەیەکی ڕیتمییە، بەپێی یاسای ژماردن، دەبێت پلەیەکی ئازار پێشووتر ئەزموونکرابێت یان لەم ژیانەیدا، یان لە بەرجەستەبۆوەیەکی ڕابردوودا. ئەمە ڕووناکییەکی نوێ دەخاتە سەر کێشەی ئازار.

هەرمێتیستەکان ئاماژە بە زنجیرەی ژیانەکان دەدەن وەکو بەردەوام، و وەکو پێکهێنانی بەشێک لە ژیانێکی تاکێک، تاوەکو لە ئەنجامدا جۆلانەی ڕیتمی تێگەیشتراو بێت لەم ڕێگایەوە، لەکاتێکدا بێ واتا دەبوو مەگەر ڕاستی بەرجەستەبۆوەکان دانی پێدابنرێت.

بەڵام هەرمێتیستەکان دەڵێن کەوا مامۆستاکە یان قوتابییە پێشکەوتووەکە دەتوانێت، بە پلەیەکی گەورە، دەربازببێت لە جۆلانە بەرەو ئازار، بە پرۆسەی هاوکێشبوون کە لەپێشوودا ئاماژەی پێدرا. بە بەرزبوونەوە بۆ سەر ڕووتەختە بەرزترەکەی خود، زۆرێک لەو ئەزموونەی بۆ ئەوانەی لە ڕووتەختە نزمەکاندا نیشتەجێن دێت دەرباز دەبێت و لێی ڕزگار دەبێت.

یاسای ژماردن ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە ژیانەکانی مرۆڤدا. تێبینی دەکرێت کەوا یەکێک بە گشتی "باجی" هەر شتێک دەدات کە هەیەتی و نییەتی. ئەگەر شتێکی هەبێت، شتێکی نییە – هاوسەنگی هەیە. هیچ کەس ناتوانێت "پارەکەی هەڵگرێت و پارچەیەک کێکی هەبێت" لەهەمان کاتدا. هەموو شتێک لایەنی خۆشی و ناخۆشی هەیە. ئەو شتانەی کەسێک بەدەستی دەهێنێت هەمیشە دەدرێن بەوەی کەسێک لە دەستی دەدات. دەوڵەمەند زۆری هەیە کە هەژارەکە نییەتی، لەکاتێکدا هەژارەکە شتی هەیە لەسەروو دەستی دەوڵەمەندەکەوەن. ملیۆنەرەکە لەوانەیە بیەوێت خوانێک ئامادە بکات، و سامانی هەیە بۆ دابینکردنی هەموو خۆشی ڕابواردنەکان لەسەر مێزەکە، لەکاتێکدا ئارەزووی چێژ وەرگرتنی لەهەمان شت نییە؛ حەسودی بە ئارەزوو و خواردنی کرێکارەکە دەبات، کە ئەو سامان و لارییەی نییە کە ملیۆنەرەکە هەیەتی، وە ئەوەی خۆشی زۆرتر بەدەست دەهێنێت لەسەر مێزی خواردنی وەکە لە ملیۆنەرەکە دەتوانێت بەدەستی بهێنێت تەنانەت ئەگەر ئارەزووەکان ناڕەحەتیش نەبن، نە هەرسکردنی تێکبچێت، بۆ ویستەکانی، خووەکانی و ئەو شتانەی دەیەوێت. بەهەمان شێوەشە لە ژیاندا. یاسای ژماردن هەمیشە لە کارا دایە، هەوڵ دەدات هاوسەنگ و پێچەوانە هاوسەنگ بکات، و هەمیشە بەپێی کات سەرکەوتووە. تەنانەت ئەگەر نە چەند ژیانێکیش پێویست بێت بۆ گەڕانەوەی جۆلانەی پەندۆڵی ڕیت،

# بەشـــــی ١٢.

# هۆکار

---

*"هەموو هۆیەک ئەنجامی خۆی هەیە؛ هەموو ئەنجامێک هۆی خۆی هەیە؛ هەموو شتێک بەپێی یاسا ڕوودەدات؛ بەخت تەنها ناوێکە بۆ ئەو یاسایەی نەزانراوە؛ ڕووتەختی زۆری هۆکار هەیە، بەڵام هیچ شتێک لە یاسا دەربازی نابێت." — کەباڵیەن.*

بنەمای شەشەمی مەزنی هەرمێتیک – بنەمای هۆ و ئەنجام – ئەو ڕاستییە دەگرێتە خۆ کەوا یاسا هەموو گەردوون داگیر دەکات؛ کەوا هیچ شتێک بە بەخت ڕوونادات؛ کەوا بەخت تەنها زاراوەیەکە ئاماژەیە بە هەبوونی هۆکار بەڵان نەزانراو و هەستپێنەکراوە؛ کەوا دیاردە بەردەوامە، بەبێ شکان و جیابوونەوە.

بنەمای هۆ و ئەنجام بنچینەی هەموو بیرۆکەی زانستییە، کۆن و تازە، و بەڕوونی لە لەلایەن فێرکارە هەرمێتیکەکانەوە ئاشکرا کراوە لە ڕۆژانی زوودا. لەکاتێکدا گفتوگۆی زۆر و گۆڕاو لەنێوان فێرگەکانی بیردا دەستپێکردووە، ئەم گفتوگۆیانە بنەماییانە بوون لەسەر وردەکارییەکانی کارەکانی ئەم بنەمایە، و زیاتریش لەسەر واتای وشەکان. بنچینەی بنەمای هۆ و ئەنجام بە کردراییانە بەدروست قبوڵکراوە لەلایەن هەموو بیرمەندانی جیهان کە شایەنی ناوەکە بن. گەر بە پێچەوانە بیر بکەیتەوە دەبێت بە بردنی دیاردەی گەردوون لە بواری یاسای و دەستوورەوە، وە گەڕاندنەوەی بۆ کۆنترۆڵی هێنانەبەرچاوی شتێک کە مرۆڤەکان ناوی دەبەن بە "بەخت."

بیرکردنەوەیەکی بچووک نیشانی هەر کەسێکی دەدات کە لەڕاستیدا هیچ شتێک وەکو بەختی پوخت نییە. وشەی "بەخت" بەم شێوەیە پێناسە دەکرێت: "بکەرێک یان شێوازێکی چالاکی چاوەڕوانکراو جگە لە هێز، یاسا و مەبەست؛ کار یان چالاکی بکەرێکی لەم شێوەیە؛ ئەنجامی چاوەڕوانکراوی بکەرێکی لەم شێوەیە؛ ڕوودانێک؛ ڕێکەوتییەک؛ تەنگاوتەییەک، هتد." بەڵام بیرکردنەوەیەکی بچووک نیشانت دەدات کەوا ناکرێت هیچ شتێکی وەکو بکەرێکی "بەخت" هەبێت، بە واتای شتێک لە دەرەوەی یاسا – شتێک لە دەرەوەی هۆ و ئەنجام. چۆن دەکرێت شتێک هەبێت لە دیاردەی گەردووندا کار بکات، سەربەخۆ لە یاساکان، دەستوورەکان، و بەردەوامییان! شتێکی لەم شێوەیە بەتەواوی سەربەخۆ دەبێت لە مەیلی ڕێکخراوی گەردوون، و زاڵ دەبێت بەسەریدا. ناتوانین وێنای هیچ شتێک بکەین لەدەرەوەی هەمووەکە لە دەرەوەی یاسا بێت، چونکە تەنها لەبەرئەوەی هەمووەکە یاساکەیە لە خۆیدا. هیچ شوێنێک نییە لە گەردووندا بۆ شتێک لەدەرەوە و سەربەخۆ لە یاسا. بوونی شتێکی لەم شێوەیە هەموو یاسا سروشتییەکان ناکارا دەکات، و گەردوون نقومدەکات لە ئاژاوە و شێواوی بێ یاسایی.

پشکنینێکی ورد نیشانی دەدات کەوا ئەوەی ناوی دەبەین بە "بەخت" تەنها دەربڕینێکە بۆ هۆکاری نادیار؛ ئەو هۆکارانەی ناتوانین هەستیان پێبکەین؛ ئەو هۆکارانەی ناتوانین تێیان بگەین. وشەی بەخت لە واتای وشەی "کەوتن" (وەکو کەوتنی زارەیەک) وەرگیراوە، چونکە کەوتنی زارەکە (وە ڕوودانی تری زۆر زیاتر) تەنها "ڕووداندێکن" پەیوەندیان بە هیچ هۆیەکەوە نییە. بەڵام کاتێ حاڵەتەکە بە وردی دەپشکنرێت، دەبینرێت کەوا هیچ بەختێک نییە بەهەر شێوەیەک لە کەوتنی زارەکەدا. هەر کاتێک زارەیەک دەکەوێت، و ژمارەیەکی دیاریکراو نیشان دەدات، ملکەچی یاسایەکە هێندە دوور لە هەڵە وەکو ئەوەی خولانەوەی هەسارەکان بەڕێوەدەبات بە دەوری خۆردا. لە پشتی کەوتنی زارەکەدا هۆ هەیە، یاخود زنجیرەی هۆ هەیە، زۆر زیاتر وەکو لەوەی بیر دەتوانێت شوێنی بکەوێت. شوێنی زارەکە لە سندوقەکەدا؛ بڕی وزەی ماسولکەیی دەرکراو لە هەڵدانەکەدا؛ حاڵەتی میزەکە.

هتد.، هتد.، هەموویان هۆن، دەرەنجامەکەشی ئەوەیە کە دەبینرێت. بەڵام لە پشتی ئەم هۆکارە بینراوانە زنجیرەی هۆکاری نەبینراو هاتوو هەیە، هەموویان کە کاری خۆیان هەیە لەسەر ئەو ژمارەیەی زارەکە لەسەری دەکەوێت.

ئەگەر زارەیەک چەند جارێک هەڵبدرێت، دەبینرێت کەوا ئەو ژمارانەی نیشاندراون هاوسەنگ دەبن، ئەمە، واتە ژمارەیەیکی هاوسەنگ دەبێت لە خاڵێک، دوو خاڵ، هتد.، کە لەسەرەوە دێت. دینارێک بۆ ئاسمان هەڵبدە، و دێتە خوارەوە یان بە "شێر" یان بە "خەت"؛ بەڵام ژمارەیەکی پێویستی هەڵدان بکە، شێر و خەتەکان یەکسان دەبن. ئەمە کاری یاسای ناوەندە. بەڵام هەردووک هەڵدانی ناوەند و تاک لەژێر یاسای هۆ و ئەنجامدا دێن، و گەر توانیمان هۆکارە هاتووەکان بپشکنین، بە وونی دەبینرێت کەوا مەحاڵ بووە بۆ زارەکە بەشێوەیەکی تر بکەوێت جگە لەوەی کەوت، لەژێر هەمان حاڵەتەکانندا لە هەمان کاتدا. بە هەبوونی هەمان هۆکارەکان، هەمان دەرەنجامەکان بەدەست دێن. هەمیشە "هۆیەک" هەیە و "لەبەر ئەوەیەک" هەیە بۆ هەموو ڕووداوێک. هیچ شتێک هەرگیز "ڕوونادات" بەبێ هۆکار، یاخود زنجیرەی هۆکار.

هەندێک سەر لێشێواوی لە بیرەکانی ئەو کەسانەدا دروست بووە کە بیر لەم بنەمایە دەکەنەوە، لەو ڕاستییەی کەوا ناتوانن ڕوونیبکەنەوە چۆن شتێک دەبێتە هۆکاری شتێک تر – ئەمە. دەبێت بە "دروستکەری" دووەم شت. لەڕاستیدا، هیچ "شتێک" نابێتە هۆی "دروسکردن" لە "شتێکی" تردا. هۆ و ئەنجام تەنها مامەڵە لەگەڵ "ڕووداوەکان" دەکەن. "ڕووداوێک" بریتییە لەوەی "دێت، دەگات، یان ڕوودەدات، وەکو دەرەنجامێکی ڕووداوێکی هاتوو." هیچ ڕووداوێک ڕووداوێکی تر "دروست ناکات،" بەڵکو تەنها پیوەندییەکی هاتووە لە زنجیرەی ڕێکخراوی مەزنی ڕووداوەکان لە وزەی دروستکەری هەمووەکە. بەردەوامییەک هەیە لەنێوان هەموو ڕووداوەکانی پێشینە، ئێستا و پاشینە. پەیوەندییەک بوونی هەیە لەنێوان هەموو شتەکان کە پێشووتر ڕۆیشتووە، و هەموو شتێک کە دێت. بەردێک لە لایەکی چیایەکەوە دەکەوێت و دەکەوێتە سەر سەربانی کۆختەیەک لە دۆڵەکەی خوارەوە. لە یەکەم سەیرکردندا ئەمە بە

ئەنجامێکی بەخت دادەنێین، بەڵام کاتێ حاڵەتەکە دەپشکنین زنجیرەی گەورەی هۆکار دەدۆزینەوە لە پشتییەوە. لە سەرەتادا ئەو بارانە هەبووە کە ئەو خاکەی نەرم کردووە کە بەردەکەی هەڵگرتووە و ڕێگەی دا بکەوێتە خوارەوە؛ دواتر لە پتی ئەمەوە کاریگەری خۆر هەبوو، و بارانی تر، هتد،. کە وردە وردە پارچە بەردەکەیان جیاکردۆتەوە لە پارچە گەورەترەکە؛ دواتر ئەو هۆیانە هەبووە کە پێکهاتەی چیاکەیان پێکهێناوە، و بەرزترین لوتکەی لە سروشتدا، وە هەروەها تا کۆتایی. دواتر دەتوانین شوێنی هۆکارەکانی دوای بارانەکە بکەوین، هتد.

دواتر دەتوانین بیر لە بوونی سەربانەکە بکەینەوە. بە کورتی، دواتر خۆمان دەبینینەوە کەوا لە تۆڕێکی هۆ و ئەنجاماوە گلاوین، کە دواتر هەوڵدەدەین خۆمانی لێ ڕزگار بکەین.

هەروەکو چۆن مرۆڤێک دوو باوانی هەیە، و چوار باوانی گەورەتر، و هەشت باوانی گەورەتر، و شانزە باوانی گەورەتر، وە هەروەها هەتاوەکو، با بڵێین، چل نەوە ژمێردراوە و ژمارەی باوانەکان دەبن بە ملیۆنانێک – بەهەمان شێوەشە لەگەڵ ژمارەی هۆیەکان لە پشتی تەنانەت پڕوپوچترین ڕووداو یان دیاردە، وەکو تێپەڕبوونی پەڵەیەکی وردی سوتاو بە پێش چاوتدا. ئاسان نییە شوێنی پەڵەیەکی ورد سوتاو بکەویتەوە بۆ ماوە زووەکانی مێژووی جیهان کاتێ بەشێک لە قەدی دارێکی گەورەی پێکهێناوە، کە دواتر گۆڕاوە بۆ خەڵوز، وە هەروەها، هەتاوەکو پەڵە سوتاوەکە بە بەردەم دیمەنی تۆدا تێپەڕ دەبێت لەسەر ڕێگای بەرەو سەرکێشیەکانی تری. وە زنجیرەیەکی بەهێزی ڕووداوەکان، هۆکارەکان و ئەنجامەکان، گەیاندوویانە بە حاڵەتی ئەمڕۆ، وە حاڵەتی ئەمڕۆی تەنها یەکە لە زنجیرەی ڕووداوەکان کە دەڕوات بۆ بەرهەمهێنانی ڕووداوی تر سەدان ساڵ لەمڕۆ بەدواوە. یەکێک لە زنجیرەی ڕووداوەکان کە لە پەڵەیەکی وردی سوتاو دروست دەبێت بریتی بووە لە نووسینی ئەم دێڕانە، کە بووە بە هۆکاری نووسەر بۆ ئەنجامدانی کارێک؛ پێداچۆرەوەکە بەهەمان شێوە؛ وە کە بیرۆکەی دیاریکراو دروست دەکات لە بیری تۆدا، و ئەوانی تریشدا، کە لە دەرەنجامدا کاریگەری لەسەر هی تریش دەبێت،

وە هەروەها، وە هەروەها، وە هەروەها، بیرکردنەوەی زیاتر لەسەروو توانای مرۆڤە — هەمووی تەنها لە تێپەڕبوونی پەڵەیەکی وردی سوتاو، هەمووی کە ڕێژەیی و پەیوەندی شتەکان نیشان دەدات، وە زیاتریش ئەو ڕاستییەی کەوا "هیچ گەورەییەک بوونی نییە؛ هیچ بچووکییەک بوونی نییە؛ لەو بیرەی دەبێتە هۆی هەموو شتێک."

بوەستە و بۆ ساتێک بیربکەرەوە، ئەگەر پیاوێکی دیاریکراو ئافرەتێکی دیاریکراوی نەناسیبا، لە ماوە تاریکەکانی چاخی بەردین — تۆ کە ئێستا ئەم دێڕانە دەخوێنیتەوە لێرە نەدەبوویت. وە ئەگەر، هەمان پیاو و ئافرەت شکستیان هێنابا لە یەکتر ناسین، ئێمە کە ئێستا ئەم دێڕانە دەنووسین لێرە نەدەبووین. وە تەنانەت کرداری نووسین، لە بەشی ئێمەدا، وە کرداری خوێندنەوە، لە هی تۆدا، کاریگەریان نەوەکو لەسەرە ژیانە یەک لەدوای یەکەکانی خۆت و خۆمان دەبێت، بەڵکو کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆی، دەبێت لەسەر زۆر خەڵکی تر کە ئێستا دەژی و دەژیات لە سەردەمەکانی داهاتوودا. هەر بیرۆکەیەک بیری لێدەکەینەوە، هەر کردەوەیەک ئەنجامی دەدەین، دەرەنجەمی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی هەیە کە دەگونجێن لە زنجیرەی مەزنی هۆ و ئەنجامدا.

نامانەوێت بچینە سەر باسیکی خواستی ئازاد، یاخود چارەنووس، لەم کارەدا، لەبەر هۆکاری جۆراوجۆر. لەناو ئەو هۆکارانەشدا، دانە بنەماییەکەیە کە هیچ لایەنێکی مشتومڕەکە بەتەواوی ڕاست نییە — لەڕاستیدا، هەردوو لایەنەکە نیوەیان ڕاستە، بەپێی فێرکارییەکانی هەرمێتیک. بنەمای جەمسەرگری نیشانی دەدات کەوا هەردووکیان نیوە ڕاستین — جەمسەرە بەرامبەرەکانی ڕاستی. فێرکارییەکان بریتین لەوەی کەوا مرۆڤێک دەتوانێت هەردووک ئازاد بێت و بە پێویستیشەوە بەسترابێت، بە پشت بەستن بە واتای زاراوەکان، و بەرزی ڕاستییەکە لەو بارەی حاڵەتەکی تیایدا دەپشکنرێت. نووسەرە کۆنەکان بەم شێوەیە حاڵەتەکە ڕوون دەکەنەوە: "هەتا دروستکراوەکە دوورتر بێت لە ناوەڕاست، زیاتر دەبەسترێتەوە؛ هەتا نزیکتر بێت لە ناوەڕاست، نزیکترە لە ئازادی."

زۆربەی خەڵک زیاتر یان کەمتر کۆیلەی بۆماوەیانن، ژینگەیانن، هتد.، و ئازادی زۆر کەم دەردەخەن. کەوتوونە ژێر ڕکێفی بیروڕاکان، نەریتەکان و بیرۆکەکانی جیهانی دەرەوە، و هەروەها نە سۆزدارییەکانیان، هەستەکانیان، بارە دەروونییەکانیان، هتد. هیچ مامۆستایەتییان نییە، شایەنی ناوەکەی بێت. زۆر بەقینەوە دەستبەرداری مادەکانی خۆیان بوون، دەڵێن، "بۆچی، بەدڵنیاییەوە ئازادم بۆ ئەنجامدانی ئەوەی حەزم لێیەتی – تەنها ئەوە دەکەم کە دەمەوێت،" بەڵام شکست دەهێنن بۆ ڕوونکردنەوەی ئەوەی لە کوێ "دەمەوێت" و "حەزم لێیەتی" دروست بوو. چی وایان لێدەکات "بیانەوێت" شتێک بکەن لەجیاتی شتێکی تر؛ چی وایان لێدەکات "حەزیان لێبێت" ئەمە بکەن، وە ئەمە نەکەن! هیچ "لەبەر ئەوەیەک" بۆ "حەزلێبوون" و "وسیتیان" نییە؟ مامۆستاکە دەتوانێت ئەم "حەزلێبوون" و "ویستانە" بگۆڕێت بۆ هی تر لە کۆتاییە بەرامبەرەکەی جەمسەرە بیرییەکە. دەتوانێت، "خواستی هەبێت بۆ خواستن،" لەجیاتی خوازیار بێت لەبەر ئەوەی هەستێک، بارێکی دەروونی، سۆزدارییەک، یان پێشنیارێکی ژینگەیی سەودایەک یان حەزێک تیایاندا دەبزوێنێت تا بیکەن.

زۆربەی خەڵک وەکو بەردە کەوتووە دەڕۆن، ملکەچی ژینگەن، کاریگەرییە دەرەکییەکان و بارە دەروونییە ناوەکییەکان، حەزەکان، هتد.، بێ لە قسەکردن لەسەر حەز و خواستی ئەوانی تر کە بەهێزترن لە هی خۆیان، بۆماوە، ژینگە، و پێشنیار، دەیانبات بەبێ بەرگری کردنیان، یاخود ڕاهێنانی خواست. وەکو داش دەجووڵێنرێن لەسەر پێزی ژیان، ڕۆڵی خۆیان دەگێڕن و دەخرێنە لاوە کاتێ یارییەکە کۆتایی دێت. بەڵام مامۆستاکان، کە یاساکانی یارییەکە دەزانن، بەرزدەبنەوە لەسەر ڕووتەختی ژیانی ماددی، و پەیوەندی دروست دەکەن لەگەڵ هێزە بەرزترەکانی سروشت، زاڵ دەبن بەسەر بارە دەروونییەکان، کەسایەتییەکان، جۆرێتییەکان، و جەمسەرداری، بەهەمان شێوەش ژینگەی دەوروبەریان و لەمەوە دەبن بە جووڵەکەر لە یارییەکە، لەجیاتی داش – هۆکار لە جیاتی ئەنجام. مامۆستاکان دەرباز نابن لە هۆکاری ڕووتەختی بەرزتر، بەڵکو دەکەونە ناو یاسا بەرزترەکانەوە، و لەمەوە مامۆستای حاڵەتەکانی ڕووتەختی نزمتر دەکەن. ئینجا بەشێکی ئاگایی یاساکە پێکدەهێنن، لەجیاتی بوون بە تەنها ئامێری

کوێر. لەکاتێکدا لە ڕووتەختە بەرزترەکاندا خزمەت دەکەن، بەڕێوەبەرایەتی ڕووتەختی ماددی دەکەن.

بەڵام، لە بەرزتر و لە نزمتر، یاساکە هەمیشە لە کارا دایە. هیچ شتێکی وەکو بەخت نییە. خواوەندە کوێرەکە سڕاوەتەوە بە ژیری. ئێستا دەتوانین ببینین، بە چاوی کراوە بە زانست، کەوا هەموو شتێک بە یاسای گەردوونی بەڕێوەدەچێت — کەوا ژمارەی ناکۆتای یاساکان تەنها دەرخراوەی یەک یاسای مەزنن — ئەو یاسایەی هەمووەکەیە. ڕاستە بەدڵنیاییەوە کەوا تەنانەت فرمێسکەکانی پەڕەسێلکەیەکیش تێبینی نەکراو نییە لە بیری هەمووەکەدا — کەوا تەنانەت مووی سەر سەرمان ژمێردراوە — هەروەکو پەڕاوە پیرۆزەکان وتوویانە. هیچ شتێک نییە لە دەرەوەی یاسادا؛ هیچ شتێک کە بە پێچەوانەی ئەوەوە ڕوودەدات. بەڵام هێشتاش، ئەو هەڵەیە مەکە بیربکەیتەوە کەوا مرۆڤ تەنها ئامێرێکی کوێرە — زۆر زیاتر لەمە. فێرکارییەکانی هەرمێتیک بریتین لەوەی کەوا مرۆڤ دەتوان یاسا بەکاربهێنێت بۆ زاڵبوون بەسەر یاسادا، و ئەوەی کەوا بەرزترەکە هەمیشە سەردەکەوێ بەسەر نزمترەکەدا، هەتاوەکو لەکۆتایدا دەگات بەو قۆناغەی بەدوای پەناگەدا دەگەڕێت لە یاساکە خۆیدا، و لاف یاسا دیاردەییەکان لێدەدات بۆ ڕیسواکردن. دەتوانیت واتای ناوەڕۆکی ئەمە تێبگەیت؟

# بەشـــــی ١٣.

# ڕەگەز.

*"ڕەگەز لە هەموو شتێکدا هەیە؛ هەموو شتێک بنەما نێرینە و مێیەنەکانی خۆی هەیە؛ ڕەگەز لە هەموو ڕووتەختەکاندا دەردەکەوێت." — کەبالیەن.*

بنەمای مەزنی حەوتەمی هەرمێتیک — بنەمای ڕەگەز — ئەو ڕاستییە دەگرێتەخۆ کەوا ڕەگەز لە هەموو شتێکدا هەیە — کەوا بنەماکانی نێرینە و مێینە هەمیشە هەن و چالاکن لە هەموو قۆناغەکانی دیاردەدا، لەسەر هەر یەکێک لە ڕووتەختەکانی ژیان. لەم خاڵەدا پێمان باشە سەرنجتان بەرەو ئەو ڕاستییە ڕابکێشین کەوا ڕەگەز، بە واتا هەرمێتیکەکەی، و سێکس لە بەکارهێنانی قبوڵکراوی ئاسایی زاراوەکە، هەمان شت نین.

وشەی "ڕەگەز" لە ڕەگی لاتینییەوە وەرگیراوە بە واتای "لێکەوتنەوە؛ بەرهەمهێنان؛ پەیداکردن؛ دروستکردن." بیرکردنەوەی ساتێک نیشانی دەدات کەوا وشەکە واتایەکی زۆر فراوان تر و زۆر گشتی تری هەیە وەکو لە زاراوەی "سێکس،" کە ئاماژەیە بە جیاوازی فیزیایی نێوان شتە ژیاوەکانی نێر و مێ. سێکس تەنها دەرکەوتنێکی ڕەگەزە لە ڕووتەختێکی دیاریکراوی ڕووتەختی مەزنی فیزیاییدا — ڕووتەختی ژیانی ئەندامی. دەمانەوێت سەرنج لەم جیاوازییە بدەین لە بیری ئێوەدا، لەبەر هۆکاری چەند نووسەرێکی دیاریکراو، کە دوورە ناسینێکی فەلسەفەی هەرمێتیکیان

بەدەست هێناوە، و ویستوویانە حەوت بنەماکانی هەرمێتیک بناسێنن بە دڕندەیی و خەیاڵاوی، و بەزۆری نەویستراوانە، لە بیردۆز و فێرکارییەکان دەربارەی سێکس.

بنکەی ڕەگەز تەنها دروستکردنە، بەرهەمهێنانە، پەیداکردنە، هتد.، و دەرکەوتنی بەرچاوە لە هەر ڕووتەختێکی دیاردە. بەجۆرێک قورسە بەڵگە بهێنینەوە لەمە بە دێڕی زانستی، لەبەر ئەو هۆکارەی زانست هێشتا بەم بنەمایەی نەزانیوە بۆ بەکارهێنانی گەردوونی. بەڵام هێشتاش هەندێک بەڵگە لە سەرچاوە زانستییەکانەوە دێت. لە سەرەتادا، دەرکەوتنێکی جیاوازی بنەمای ڕەگەز دەدۆزینەوە لە بنەمای ڕەگەز لەناو تەنۆلکەکان، ئایۆنەکان، یان ئەلیکترۆنەکان، کە بنچینەی مادده پێکدەهێنن هەروەکو زانست دەزانێت ئێستا، وە کە بە پێکهێنانی پێکهاتەی دیاریکراو گەردیلەکە پیکدەهێنن، کە تا ئەم ماوەیە وەکو کۆتایی و جیانەکراوە دادەنرا.

کۆتا وشەی زانست بریتییە لەوەی گەردیلە پێکهاتووە لە کۆمەڵێک لە تەنۆلکەکان، ئەلیکترۆنەکان، یان ئایۆنەکان (ناوی جیاواز بەکاردەهێنرێت لەلایەن دەسەڵاتی جیاوازەوە) بەدەوری یەکتردا دەخولێنەوە و بە پلەیەکی بەرز و توندی دەلەرنەوە. بەڵام وتەی هاوبەشی وتراو بریتییە لەوەیە کەوا پێکهاتنی گەردیلە تەنها بەهۆی کۆبوونەوەی تەنۆلکەی نەرێنییە بەدەوری دانەیەکی ئەرێنیدا – تەنۆلکە ئەرێنییەکان پێدەچێت کاریگەرییەکی دیاریکراو بخەنە سەر تەنۆلکە نەرێنییەکان، وا لە تەنۆلکە نەرێنییەکان دەکەن پێکهاتنی دیاریکراو پێکبهێنن و لەمەوە گەردیلەیەک "دروست بکەن" یاخود "پەیدابکەن." ئەمە هاوبەشە لەگەڵ کۆنترین فێرکاری هەرمێتیک، کە هەمیشە بنەماکانی نێرینەی ناساندووە بە "ئەرێنی،" و مێینەکە بە جەمسەرەکانی "نەرێنی" کارەبایی.

ئێستا قسەیەک لێرەوە دەربارەی ئەم ناساندنە. بیری گشتی شەقڵێکی تەواو چەوتی پێهێناوە دەربارەی جۆرێتی جەمسەری ناسراو بە "نەرێنی" ماددەی کارەبایی و موگناتیسی. زاراوەکانی ئەرێنی و نەرێنی زۆر هەڵەیانە بەکارهێنراون بۆ دیاردەکە لەلایەن زانستەوە. وشەی ئەرێنی واتە شتێکی ڕاستی و بەهێز، بە بەراوەرد بە نەرێنی کە واتە ناڕاستی و

لاواز. هیچ شتێک دوورتر نییە لەگەڵ ڕاستییە ڕاستەقینەکانی دیاردەی کارەبایی. جەمسەری ناوبراو بە نەرێنی پاتری بەڕاستی ئەو جەمسەرەیە کە تیایدا و لێیەوە شێوازی تازە و وزەکان پەیدادەبێت یان بەرهەم دێت دەرخراوە. هیچ شتێکی "نەرێنی" نییە دەربارەی. باشترین دەسەڵاتە زانستییەکان ئێستا وشەی "کاثۆد" لە شوێنی "نەرێنی" بەکاردەهێنن، وشەی کاثۆد لە ڕەگی یۆنانییەوە هاتووە واتا "خلۆربوونەوە؛ ڕێگای پەیداکردن، هتد." لە جەمسەری کاثۆد کۆمەلیی ئەلیکترۆنەکان یان تەنۆلکەکان دەردەچن؛ لەهەمان جەمسەر ئەو "تیشکە" سەرسوڕهێنەرانە دەردەچن کە شۆڕشیان لە چەمکە زانستییەکاندا بەرپاکردووە لەماوەی دە ساڵی ڕابردوودا. جەمسەری کاثۆد دایکی هەموو ئەو دیاردە نامۆیەیە کە کتێبە کۆنەکانی بێسوود کردووە، و بۆتە هۆی قبوڵکردنی بیردۆزی زۆر تا نزمبکرێنەوە بۆ پایەی خەندەقی تێڕوانینە زانستییەکان. کاثۆد، یاخود جەمسەری نەرێنی، دایکی هەموو دیاردەی کارەبایە، و لە باشترین شێوازەکانی ماددەیە تا ئیستا بۆ زانست ناسراوە. کەوایە دەبینیت ئێمە ڕەتی دەکەینەوە زاراوەی "نەرێنی" بەکاربهێنین لە باسکرنی بابەتەکەماندا، و ئینکاری دەکەین لە لەجیاتی دانانی وشەی "مێینە" بۆ زاراوە کۆنەکە. ڕاستییەکانی حاڵەتەکە دەمان گەیەنن بەمە، بەبێ باسکردنی فێرکارییەکانی هەرمێتیک. وە بۆیە وشەی "مێینە" بەکاردەهێنین لە شوێنی "نەرێنی" لە باسکردنی ئەم جەمسەرەی چالاکی.

نوێترین فێرکارییەکانی زانست بریتین لەوەی تەنۆلکە دروستکەرەکان یان ئەلیکترۆنەکان مێینەن (زانست دەڵێت "پێکهاتوون لە کارەبای نەرێنی" — ئێمە دەڵێین پێکهاتوون لە وزەی مێینە).

تەنۆلکەیەکی مێینە لە تەنۆلکەیەکی نێرینە جیادەبێتەوە، یاخود جێیدەهێڵێت، و دەست بە پیشەیەکی تازە دەکات. چالاکانە بەدوای یەکگرتندا دەگەڕێت لەگەڵ تەنۆلکەیەکی نێرینە، دەیەوێت بە پاڵهێزە سروشتییەکان شێوازی تازەی ماددە و وزە دروست بکات. نووسەرێک هێندە زیادەڕەوی دەکات زاراوەی "ڕاستەوخۆ دەگەڕێ، بە زەوت لێکردنی خۆی، لە یەکگرتنەوەیەک" بەکاردەهێنێت. ئەم جیابوونەوەیە و

یەکگرتنە بنچینەی بەشی گەورەتر لە چالاکییەکانی جیهانی کیمیایی پێکدەهێنن. کاتێ تەنۆلکە مێینەکە یەکدەگرێت لەگەڵ تەنۆلکەیەکی نێرینە، پرۆسەیەکی دیاریکراو دەستپێدەکات. تەنۆلکە مێینەکە خێرا دەلەرێتەوە لەژێر کاریگەری وزەی نێرینەکە، و بەخێرایی بەدەوریدا دەخولێتەوە. دەرەنجامەکەش لەدایکبوونی گەردیلەیەکی تازەیە. ئەم گەردیکە تازەیە بەڕاستی پێکهاتووە، لە یەکگرتنی ئەلیکترۆنە، یان تەنۆلکە، نێرینە و مێینەکان، بەڵام کاتێ یەکگرتنەکە پێکدێت گەردیلەکە شتێکی جیابۆوەیە، پێکهاتەی دیاریکراوی هەیە، چیتر پیکهاتەکانی کارەبای ئازاد دەرناخات. پرۆسەی جیابوونەوەی ئەلیکترۆنە مێینەکان ناودەبرێت بە "ئایۆنێن." ئەم ئەلیکترۆنانە، یان تەنۆلکانە، چالاکترین ئیشکەری بواری سروشتین. لە یەکگرتنەکانیانەوە، یان پێکهاتنەکانیانەوە دروست دەبن، دیاردەی گۆڕاوی ڕووناکی، گەرمی، کارەبایی، موگناتیسی، کیشکردن، دوورکەوتنەوە، ئارەزووی کارلێکی کیمیایی و پێچەوانە، و دیاردەی هاوشێوە دەردەخەن. هەموو ئەمانە لە کاری بنەمای وزە دروست دەبن لە ڕووتەختی وزەدا.

کاری بنەما نێرینەکە پێدەچیت بریتی بێت لە ئاڕاستەکردنی وزەیەکی بۆماوەی دیاریکراو بەرەو بنەما مێینەکە، وە لەمەوە پرۆسەی دروستکەری دەست بە چالاکبوون دەکات. بەڵام بنەما مێینەکە هەمیشە ئەوەیە کە کارە دروستکەرییە چالاکەکە دەکات – وە ئەمە بەهەمان شێوەیە لەهەموو ڕووتەختەکاندا. بەڵام هێشتاش، هیچ بنەمایەک توانای وزەی کارپێکراوی نییە بە هاوکاری ئەوەی تر. لە هەندێ شێوازەکانی ژیاندا، دوو بنەماکە لەیەک بوونەوەردا بەیەکەوە بەستراون. بۆ ئەم حاڵەتە، هەموو شتێک لە جیهانی ئەندامیدا هەردوو ڕەگەزەکان دەردەخات – هەمیشە نێرینە هەیە لە شێوازی مێینەدا، وە شێوازە مێینەکەش. فێرکارییەکانی هەرمێتیک پێکدێن لە زۆر شت دەربارەی پرۆسەی دوو بنەماکانی ڕەگەز لە بەرهەمهێنان و دەرخستنی شێوازی جۆراوجۆری وزە، هتد،. بەڵام بەگونجاوی نازانین بچینە ناو وردەکارییەکانەوە دەربارەی ئەمە لەم خاڵەدا، چونکە ناتوانین پشت ڕاستی بکەینەوە بە بەڵگەی زانستی، لەبەر ئەو هۆکارەی زانست تا ئێستا ئەوەندە گەشەی نەکردووە. بەڵام ئەو نموونەی

پێمان بەخشیون لە دیاردەی ئەلیکترۆنەکان و تەنۆلکەکان نیشانتی دەدات کەوا زانست لەسەر ڕێگای ڕاستە، و بیرۆکەیەکی گشتیت پێدەدات لە بنەما بنچینەییەکان.

هەندێ لێکۆڵەری پێشڕەویکەری زانستی بڕواکانیان ڕایانگەیاندووە کەوا لە پێکهاتنی کرپستاڵەکاندا شتێک دەدۆزرایەوە کە لەگەڵ "چالاکی سێکس" دەگونجا، کە پووشێکی ترە نیشانی دەدات ئاڕاستەی بایەکانی زانست هەڵدەکەن. وە هەر ساڵێک ڕاستییەکانی تر دەهێنن بۆ پشت ڕاست کردنەوەی دروستی بنەمای ڕەگەزی هەرمێتیک. دەدۆزرێتەوە کەوا ڕەگەز لە کار و دەرکەوتنی نەگۆڕ دایە لە بواری ماددەی نائەندامی، و لە بواری وزە یان هێز. کارەبا ئێستا بە گشتی وەکو "شتێک" دادەنرێت کە هەموو شێوازەکانی وزە پێدەچێت بتوێنەوە یان جیاببنەوە بۆی. "بیردۆزی کارەبایی گەردوون" نوێترین ڕێبازی زانستییە، و بەخێرایی گەشەدەاکی لە ناوبانگ و قبولکردنی گشتیدا. وە لەمەوە شوێنی ئەوە دەکەوێت کەوا گەر بتوانین دیاردەی کارەبایی بدۆزینەوە – تەنانەت لە ڕەگ و سەرچاوەی دەرکەوتنی – بەڵگەیەکی ڕوون و گومانلێنەکراو لە بوونی ڕەگەز و چالاکییەکانی، داواتان لێدەکەین بڕوا بەوە بهێنن کەوا زانست لەکۆتاییدا بەڵگەی پێشکەش کردووە لە بوونی لە هەموو دیاردە گەردوونییەکاندا لەم بنەما مەزنەی هەرمێتیک – بنەمای ڕەگەز.

پێویست بەوە ناکات کاتتان بگرین بە دیاردەی ناسراوی "کێشکردن و دوورکەوتنەوەی" گەردیلەکان؛ ئارەزووی کارلێکی کیمیایی؛ "خۆشەویستی و ڕقی" تەنۆلکە گەردیلەییەکان؛ کێشکردن و دوورکەوتنەوەی نێوان گەردەکان ماددە. ئەم ڕاستییانە زۆر باش زانراون تا پێوستیان بە تێبینی درێژکراوە بێت لە ئێمەوە. بەڵام، تا ئێستا بیرت لەوە کردۆتەوە کەوا هەموو ئەم شتانە دەرکەوتنانی بنەمای ڕەگەزن؟

ناتوانیت ببینیت کەوا دیاردەکە "لە هەموو چوار سووچێکە" لە تەنۆلکە و ئەلیکترۆنەکاندا؟ وە زیاتریش لەمە، ناتوانیت گونجانی فێرکارییەکانی هەرمێتیک ببینیت کە سورن لەسەر ئەوەی کەوا یاسای هێزی کێشکردن – ئەو کێشکردنە

سەیرەی بەهۆیەوە هەموو تەنۆلکەکان و بارستاییەکانی ماددەی گەردوون بەرەو یەکتر دەڕۆن – تەنها دەرکەوتنێکی تره لە بنەمای ڕەگەز، کە کار دەکات بە ئاڕاستەی کیشکردنی نێرینە بۆ وزەکانی مێینە، وە پێچەوانە؟ ناتوانین بەڵگەی زانستیتان پێشکەش بکەین لەم کاتەدا – بەڵام دیاردەکە بپشکنە لەژێر ڕونای فێرکارییەکانی هەرمێتیک لەسەر بابەتەکە، و ببینە گەر گریمانەیەکی کارکردووی باشترت نابێت لەهەر دانەیەک زانستی فیزیا پێشکەشی کردووە. هەموو دیاردە فیزیاییەکان تاقیبکەرەوە، و بۆت دەردەکەوێت بنەمای ڕەگەز هەمیشە لە بوون دایە.

ئێستا با بچینە سەر باسکردنی کاری بنەماکە لەسەر ڕووتەختی بیری. تایبەتمەندی زۆری سەرنجڕاکێش لەوێن چاوەڕێی پشکنین دەکەن.

## بەشـــــی ١٤.

# ڕەگەزی بیری.

---

قوتابیانی دەروونناسی کە شوێن مەیلی بیرۆکەی سەردەم کەوتوون بەدرێژایی هێڵەکانی دیاردەی بیری تووشی بەردەوامی بیرۆکەی بیری دووانی دەبن کە زۆر نامۆیانە خۆی دەرخستووە لەماوەی دە بۆ پانزە ساڵانی ڕابردوو، و کەوا ژمارەی بیردۆزی ماقووڵی بەرزکردۆتەوە دەربارەی سروشت و پێکهاتەی ئەم "دوو بیرانە." تۆمسن جەی. هەدسن ناوبانگی زۆری بەدەستهێنا لە ١٨٩٣ بە پێشخستنی بیردۆزی ناوداری "بیرەکانی بابەتی و خۆیەکی" کە لە هەموو تاکێکدا هەبوون. نووسەرەکانی تر بەنزیکی سەرنجی یەکسانیان بەدەستهێناوە بە بیردۆزەکان دەربارەی "بیرەکانی ئاگایی و ژێرئاگایی"؛ "بیرەکانی خۆویستی و خۆنەویستی"؛ "بیرەکانی دیار و نادیار" هتد.، هتد. بیردۆزەکانی ئەم نووسەرە جۆراوجۆرانە جیاوازن لەیەکتر، بەڵام بنەمای بنچینەیی دەمێنێتەوە لە "دووانی بیر."

قوتابی فەلسەفەی هەرمێتیک زەردەخەنە دەکات کاتێ ئەم هەموو "بیردۆزە تازانە" دەخوێنێتەوە و دەبیستێت دەربارەی بیری دووانی، هەر فێرگەیەک بە توندی پەیوەست بووە بە بیردۆزە خۆشەویستەکانی خۆی، و هەریەکەیان دەڵێن "ڕاستییەکەیان دۆزیوەتەوە." قوتابییەکە دەگەڕێتەوە بۆ پەڕەکانی مێژووی نهێنیزانی، و دوور لە تاریکی سەرەتاکانی فێرکارییەکانی نهێنیزانی ئاماژەکانی بڕوای کۆنی هەرمێتیک دەدۆزێتەوە لە بنەمای

ڕەگەز لە ڕووتەختی بیریدا – دەرکەوتنی ڕەگەزی بیری. وە بە پشکنینی زیاتر ئەوە دەدۆزێتەوە کەوا فەلسەفە کۆنەکە ئاگاداربووە لە دیاردەی "بیری دووانی،" و هەژماری بۆ کردووە بە بیردۆزی ڕەگەزی بیری. ئەم بیرۆکەیەی ڕەگەزی بیری لەوانەیە بە وشەی کەم ڕوونبکرێتەوە بۆ ئەو قوتابییانەی ئاشنان بە بیردۆزەکانی سەردەم کە تازە ناویان هێنرا. بنەمای نێرینەی بیر دەگونجێت لەگەڵ ناوبراو بە بیری بابەتی؛ بیری ئاگایی؛ بیری خۆویستی؛ بیری دیار، هتد. وە بنەمای مێینەی بیر هاوگونجاوە لەگەڵ ناوبراو بە بیری خۆیەکی؛ بیری ژێرئاگایی؛ بیری خۆنەویستی؛ بیری نادیار، هتد. بە دڵنیایەوە فێرکارییەکانی هەرمێتیک هاوڕا نین لەگەڵ بیردۆزە زۆرەکان دەربارەی سروشتی هەردوو لایەنەکەی بیر، نە دان دەنێت بە زۆرێک لەو ڕاستییانەی باسی دوو ڕووە یەک لەدوای یەکەکە دەکەن – هەندێک لە بیردۆزە ناوبراوەکان زۆر دوور بردراون و ناتوانن بەرگەی تاقیکردنەوە و نیشاندان بگرن. ئێمە ئاماژە بە دوو ڕووەکانی هاوڕاییەکە دەکەین تەنها بۆ مەبەستی هاوکاری کردنی قوتابییەکە بۆ گۆڕینی زانستی بەدەستگەیشتووی پێشووی بە فێرکارییەکانی فەلسەفەی هەرمێتیک.
قوتابییەکانی هەدسن تێبینی وتەکە دەکەن لە سەرەتای دەستپێکردنی بەشی دووەمی "یاسای دیاردەی دەروونی،" کەوا: "زمانی دژواری نادیاری فەیلەسوفەکانی هەرمێتیک هەمان بیرۆکەی گشتی دەردەخەن" – بۆ نموونە، دووانی بیر. ئەگەر د. هەدسن کات و خەمی ئەوەی هەبا کەمێک لە "زمانی دژواری نادیاری فەلسەفەی هەرمێتیک" شیبکاتەوە، لەوانەبوو بیتوانیبا ڕووناکی زۆر بەدەستبهێنێت لەسەر بابەتەکە لە "بیری دووانی" – بەڵام دواتر، لەوانەیە، سەرنجڕاکێشترین کاری نەنووسرابا. ئێستا با باسی فێرکارییەکانی هەرمێتیک بکەین دەربارەی ڕەگەزی بیری.

فیرکارییەکانی هەرمێتیک ئامۆژگارییەکانیان دەگەیەنن دەربارەی ئەم بابەتە بە بانگێشتکردنی قوتابییەکانیان بۆ پشکنینی ڕاگەیاندنی ئاگاییان دەربارەی خود. قوتابییەکان بانگێشت دەکرێن تا سەرنجیان بەرەو ئاڕاستەی خودی نیشتەجێبوو ببەن لەهەر یەکێکدا. هەر قوتابییەک پێشڕەوی دەکرێت بۆ بینینی ئەوەی کەوا ئاگایی یەکەمجار ڕاگەیاندنێکی پێدەدات لە بوونی خود – ڕاگەیاندنەکە بریتییە لە "من."

ئەمە لەسەرەتدا پێدەچێت کۆتا وشەکان بێت لە ئاگاییەوە، بەڵام کەمێک پشکنینی زیاتر ئەو ڕاستییە دەردەخات کەوا ئەم "منە" لەوانەیە جیابووبێتەوە یان دابڕابێت بۆ دوو بەشی، یان لایەنی، جیاواز، کە لەکاتێکدا بە یەکگرتوو و بەیەکەوە بەستراوی کاردەکەن، هێشتاش، لەگەڵ ئەوەشدا، دەتوانرێت جیاببنەوە لە ئاگاییدا.

لەکاتێکدا لەسەرەتادا پێدەچێت تەنها "منێک" هەبێت، پشکنینێکی وریایانەتر و وردتر ئەو ڕاستییە دەریدەخات کەوا "منێک" و "هی منێک" هەیە. ئەم دووانە بیریانە لە ڕەوشەکان و سروشتیاندا جیاوازن، وە پشکنینێک لە سروشتیان و ئەو دیاردەیەی لێیانەوە دروست دەبێت ڕووناکی زۆر دەخاتە سەر کێشەکانی کاریگەری بیری.

با دەستپێبکەین بە باسکردنی "هی من،" کە بەزۆری بەهەڵەدەبرێت لەگەڵ "من" لەلایەن قوتابییەکەوە، هەتاوەکو پرسەکە کەمێک زیاتر دەگەڕێتەوە بۆناو کەلێنەکانی ئاگایی. مرۆڤێک بیر لەخۆی دەکاتەوە (لەلایەن "هی من") وەکو پێکهاتن لە هەستە دیاریکراوەکان، تامەکان، حەزەکان، ڕقەکان، خووەکان، بەیەکەوە بستراوە نامۆکان، ڕەوشتەکان، هتد.، هەموو ئەوانەی کە کەسایەتی دروست دەکەن، یان "خودەکەی" ناسراوە بە خۆی و ئەوانی تر. دەزانێت کەوا ئەم سۆزدارییانە و هەستانە دەگۆڕێن؛ لەدایک دەبن و دەمرن؛ ملکەچی بنەمای ڕیتمن، و بنەمای جەمسەداری، کە لە کۆتایی هەستێکەوە دەیبەن بۆ ئەوی تر. هەروەها بیر لە "هی منەکە" دەکاتەوە وەکو زانیاری دیاریکراوی کۆکراوە بەیەکەوە لە بیریدا، و لەمەوە بەشێک لەخۆی پێکدەهێنێت. ئەمە "هی منی" کەسێکە.

بەڵام زۆر بەخێرایی بەرەو پێش چووین. "هی منەکەی" زۆرێک لە مرۆڤەکان دەتوانرێت بوترێت بەزۆری پێکدێت لە ئاگاییان لە جەستە و لایەنە فیزیاییەکانیان، هتد. ئاگاییان بەزۆری بە سروشتی جەستەییانەوە بەستراوە، بەکرداری "لەوێدا دەژین." هەندێ مرۆڤ تەنانەت هێندە دەڕۆن کەوا بەرگی تایبەتییان دادەنێن بە "هی منەکەیان،" و لەڕاستیدا پێدەچێت وەکو بەشێک لەخۆیانی دابنێن. نووسەرێک توانجاویانە وتوویەتی کەوا "مرۆڤ لە سێ بەش پێکدێت – گیان، جەستە و جلوبەرگ." ئەم خەڵکە

"جلوبەرگ ئاگاییانە" کەسایەتییان لەدەست دەدەن گەر جلوبەرگەکانیان لێدابنرێت بە درندەیی لەسەر حالەتی ویرانەی کەشتییەک. بەڵام تەنانەت زۆرێک لەوانەی کە بە نزیکی نەبەستراونەوە بە بیرۆکەی جلوبەرگێکی تایبەتی زۆر بەنزیکی بە ئاگایی جەستەیانەوە بەستراون وەکو "هی منەکەیان." ناتوانن باوەڕ بە خودێک بێنن سەربەخۆ لە جەستە. بیریان بۆیان پێدەچێت "شتێک بێت سەر بە" جەستەیان – کە لەزۆربەی حالەتەکاندا وایە بەدڵنیایەوە.

بەڵام هەر کە مرۆڤ بەرز دەبێتەوە لە پێوەری ئاگاییدا دەتوانێت "هی منەکەی" جیابکاتەوە لە بیرۆکەی جەستە، و دواتنێت بیر لە جەستەی بکاتەوە وەکو ئەوەی "سەر بە" بەشێ بیری خۆی بێت. بەڵام تەنانەت ئەو کاتەش زۆر خێرایە بۆ ناساندنی "هی منەکە" بەتەواوی بە بارە بیرییەکان، هەستەکان، هتد.، کە هەست دەکات بوونیان هەیە لەناویدا. زۆر خێرایە بۆ باسکرنی ئەو بارە ناوەکییانە وەکو هاوشێوە لەگەڵ خۆیدا، لەجیاتی تەنها بوونیان وەکو "شت" کە بە بەشیك بەرهەم هێنراون لە بیریدا، و بوونیان هەیە لەناویدا – لە ئەودا، و لەناو ئەودا، بەڵام هێشتاش "خۆی" نا. دەبینێت کەوا دەتوانێت ئەم بارە بیرییانەی هەستەکان بگۆڕێت بە هەوڵێکی خواست، و دەتوانێت هەستێک یان بارێک بەرهەم بهێنێت بەتەواوی لە سروشتی بەرامبەر، بەهەمان ڕێگا، بەڵام هێشتاش هەمان "هی من" بوونی هەیە. وە بۆیە دوای ماوەیەک دەتوانێت ئەم بارە بیرییە جۆراوجۆرانە، سۆزدارییانە، هەستانە، خووانە، جۆرێتیانە، ڕەوشتانە، و پێکهاتەی تری بیری تایبەتی بخاتە لاوە – دەتوانێت بیان خاتە لاوە بۆ کۆکراوەی پەرۆشی و بارگرانی "هی من نا،" بەهەمان شێوەش سامانە بەنرخەکان. ئەمە پێویستی بە تەرکیزی بیری زۆر و توانای شیکاری بیری هەیە لەسەر قوتابییەکە. بەڵام هێشتاش ئەرکەکە دەتوانرێت بکرێت بۆ قوتابییە پێشکەوتووەکان، و تەنانەت ئەوانەش کە زۆر پێشکەوتوو نین دەتوانن ببینن، لە وێناکردندا، چۆن پرۆسەکە ئەنجام دەدرێت.

دوای ئەوەی ئەم پرۆسەی خستنە لاوە ئەنجامدرا، قوتابییەکە خۆی دەدۆزێتەوە لە شوێنی ئاگایی "خودێک" کە دەتوانرێت دابنرێت لە لایەنە دووانییەکانی "من" و "هی

مندا." "هی منەکە" هەست دەکرێت شتێکی بیری بێت کە تیایدا بیرۆکەکان، سۆزدارییەکان، هەساتەکان، و بارە بیرییەکانی تر لێیەوە بەرهەم دێت. دەتوانرێت دابنرێت بە "منداڵدانی بیری،" هەروەکو کۆنەکان دایان ناوە – دەتوانێت نەوەی بیری بەرهەم بهێنێت. بە ئاگایی ڕادەگەیەنێت وەکو "هی منێک" بە توانای متی دروستکردن و پەیداکردنی وەچەی بیری هەموو جۆرێک. توانانکی وزەی دروستکەری هەست دەکرێت زۆر گەورە بێت. بەڵام هیشتاش پێدەچێت بەئاگا بێت کە پێویست بێت جۆرێکی وزە وەربگرێت یان لە یاوەری "من،" یان لە "منێکی" تر، پێش ئەوەی بتوانێت دروستکراوی بیری بهێنێتە بوونەوە. ئەم ئاگاییە لە بۆ دەرکەوتنی بڕێکی گەورەی کاری بیری و توانای دروستکەری دەهێنێت.

بەلام قوتابییەکە دواتر دەزانێت کەوا ئەمە هەموو ئەوە نییە کە دەیدۆزێتەوە لە ئاگایی ناوەکی خۆیدا. دەزانیت کەوا شتێکی بیری بوونی هەیە کە دەتوانێت خوازیار بێت "هی منەکە" بدرێژایی هێڵی دروستکراوی دیاریکراودا کار بکات، و هەروەها کە دەتوانێت لەلاوە بوەستێت و شایەتی دروستکراوە بیرییەکە بدات. ئەم بەشەی خۆی فێرکراوە ناو ببات بە "منەکەی." دەتوانێت لە ئاگاییدا پشوو بدات بە خواست. دەزانێت کەوا هیچ ئاگایی هیچ توانایەک نییە بۆ پەیداکردن و دروستکردنی چالاک، بە واتای پرۆسەی پلە بە پلەی هاتوو لەسەر کارە بیرییەکان، بەڵکو لەجیاتی ئەوە واتایەک و ئاگایی توانایەک بۆ بڵاوکردنەوەی وزەیەک لە "منەکەوە" بۆ "هی منەکە" – پرۆسەیەکی "خواستن" کە دروستکراوی بیری دەستپێدەکات و بەردەوامی پێدەدات. هەروەها ئەوەش دەزانێت کەوا "منەکە" دەتوانێت لەلاوە بوەستێت و شایەتی کارەکانی دروستکراوی بیری و پەیداکردنی "هی منەکە" بدات. ئەم دوو لایەنە دووانییە هەیە لە بیری هەموو کەسێکدا. "منەکە" بنەمای نێرینە پێشکەش دەکات لە ڕەگەزی بیریدا – "هی منەکە" بنەمای مێینە پێشکەش دەکات. "منەکە" لایەنی بوون پێشکەش دەکات؛ "هی منەکە" لایەنی بوون بە. تێبینی دەکەیت کەوا بنەمای هاوگونجان لەم ڕووتەختەدا کار دەکات هەروەکو چۆن لەو ڕووتەختە مەزنەدا دەیکات کە دروستکردنی گەردوونی تیادا ئەنجام دەدرێت. هەردووکیان هاوشێوەن لە جۆردا،

هەرچەندە زۆر جیاوازن لە پلەدا. "لەسەرەوە چۆن بێت، لە خوارەوەش ئاوایە؛ لەخوارەوە چۆن بێت، لە سەرەوەش ئاوایە."

ئەم لایەنانەی بیر – بنەماکانی نێرینە و مێینە – "منەکە" و "هی منەکە" – گەر لە پەیوەندی دانرێن لەگەڵ دیاردە ناسراوەکانی  بیری و دەروونی، کلیلی مامۆستایەتی دەبەخشن بۆ ناوچە کەم ناسراوەکانی کار و دەرکەوتنی بیری. بنەمای ڕەگەزی بیری ئەو ڕاستییە دەبەخشێت کە بنچینەی هەموو بواری دیاردەی کاریگەری بیریە، هتد.

سەودای بنەما مێینەکە هەمیشە بە ئاڕاستەی وەرگرتنی شەقڵەکانە، لەکاتێکدا سەودای بنەما نێرینەکە هەمیشە بە ئاڕاستەی بەخشینە، یان دەربڕینە. بنەما مێینە بوارێکی زۆر جیاوازتری هەیە لە کار وەکو لە بنەما نێرینەکە. بنەما مێینە کاری بەرهەمهێنانی بیرۆکەی نوێ، چەمک، بیروڕا، بەرپیوەدەبات، بە کاری وێناکردنیشەوە. بنەما نێرینەکە خۆی ناوەڕۆک دەکات بە کاری "خواست،" بە قۆناغە جیاوازەکانییەوە. بەڵام هێشتاش بەبێ هاوکاری چالاکی بنەمای نێرینە، بنەمای مێینە خێرایە بۆ پشودان لە پەیداکردنی وێنەی بیری کە دەرەنجامی شەقڵی وەرگیراون لە دەرەوە، لە جیاتی بەرهەم هێنانی دروستکراوی بیری ڕەسەن.

ئەو کەسانەی دەتوانن سەرنجی بەردەوام و بیرۆکە بدەن لە بابەتێک بەردەوام چالاکانە کار بە هەردوو بنەما بیرییەکان دەکەن – مێینەکە بە کاری چالاکی پەیداکردنی بیری، و خواستی نێرینەکە لە هاندان و وزەبەخشینی بەشی دروستکەری بیر. زۆربەری کەسەکان بەزۆری کار بە بنەمای نێرینە دەکەن بەڵام کەمێک، وە بەپێی بیرۆکە و بیروڕاکانیان دەژین کە بە "هی منەکە" بەستراوە لە "منەکەی" بیرەکانی ئەوانی تر. بەڵام ئەمە مەبەستی ئێمە نییە بچینە سەر ئەم لایەنەی بابەتەکە، کە دەتوانرێت لەهەر کتێبێکی باش بخوێنرێت لەسەر دەروونناسی، بەو کلیلەی پێمان بەخشیویت دەربارەی ڕەگەزی بیری.

قوتابی دیاردەی دەروونناسی ئاگادارە لە دیاردەی سەرنجڕاکێشی جیاکراوە لەژێر سەری تەلەپاتی؛ بیرۆکە گواستنەوە؛ کاریگەری بیری؛ پێشنیار کردن؛ خەواندن، هتد.

زۆرێک هەوڵی ڕوونکردنەوەیەکیان داوە بۆ ئەم لایەنانە جیاوازانەی دیاردە لەژێر بیردۆزی جۆراوجۆری فێرکاری "بیری دووانی." وە بە پێوانەیەک ڕاستن، چونکە بە ڕوونی دەرکەوتنێک هەیە لە دوو لایەنی جیاوازی چالاکی بیری. بەلام گەر ئەو قوتابییە ئەمانە دابنێت بە "بیری دووانی" لە ڕووناکی فێرکارییەکای هەرمێتیک دەربارەی لەرینەوە و ڕەگەزی بیری، دەبینن کەوا کلیلە زۆر بۆ گەڕاوەکە لەدەست دایە.

لە دیاردەی تەلەپاشیدا دەبینرێت چۆن وزەی خۆویستی بنەما نێرینەکە دەنێردرێت بەرەو بنەما مێینەکەی کەسێکی تر، و بنەما مێینەکەی کەسەکە تووی بیرۆکەکە وەردەگرێت و ڕێگە دەدات گەشە بکات بۆ پێگەیشتن. بەهەمان ڕێگا پێشنیار و خەواندن کار دەکەن. بنەمای نێرینەی کەسەکەم کە پێشنیارەکان دەدات لێشاوێکی وزەی لەراوە یان هێزی خواست ئاڕاستە دەکات بەرەو بنەمای مێینە لە کەسەکەی تردا، و بنەما مێینەکە وەریدەگرێت و دەیکات بە هی خۆی و بەپێی ئەو کار دەکات و بیردەکاتەوە. بیرۆکەیەک لەمەوە لە بیری کەسێکی تردا گەشە دەکات، و بەپێی کات وەکو نەوەی بیری تاکەکە خۆی دایدەدەنێت، لەکاتێکدا لە ڕاستیدا وەکو هێلکەی باڵندەی کووکو لە هێلانەی پەڕەسێلکەدا دانراوە، کە نەوە ڕاستەقینەکە لەناو دەبات و دەیکات بە هی خۆی. ڕێگا ئاساییەکە بۆ بنەماکانی نێرینە و مێینە لە بیری کەسێکدا بریتییە لە ڕێکسختن و کارکردن بە گونجاوی بەیەکەوە لەگەڵ یەکتردا. بەڵام، بەداخەوە، بنەما نێرینەکە لە کەسی ناوەندا زۆر تەمەڵە بۆ کارکردن – کاری هیزی خواست زۆر لاوازە – وە دەرەنجامەکەی بریتییە لەوەی ئەو کەسە بەتەواوی بە بیرەکان و خواستەکانی کەسانی تر بەڕێوەدەبرێت، کە ڕێگەیان دەدات لەجیاتیان بیر بکەنەوە و خوازیاربن. چەن بیرۆکەی کەمی ڕەسەن یان کرداری ڕەسەن ئەنجام دەدرێت لەلایەن کەسی ناوەندەوە؟ ئایا زۆربەی کەسەکان تەنها سێبەر و دەنگدانەوەی ئەوانی تر نین کە خواست یان بیری بەهێزتریان هەیە وەکو لە خۆیان؟ کێشەکە ئەوەیە کەوا کەسی ناوەند بەنزیکی بەتەواوی لە ئاگایی "هی مندا" نیشتەجێیە، و هەست ناکات شتێکی هەیە وەکو "من." جەمسەرگیر بووە لە بنەمای

مێینەی بیری، و بنەما نێرینەکەی، کە خواستی تیادا نیشتەجێ بووە، بە ناچالاکی دەمێنێتەوە و کاری پێناکرێت.

پیاو و ئافرەتانە بەهێزەکانی جیهان بەبێ گۆڕان بنەمای نێرینەی خواست دەردەخەن، و هێزیان پشت دەبەستێت بەگشتی لەسەر ئەم ڕاستییە. لەجیاتی ژیان لەسەر شەقڵە دروستکراوەکان لە بیری ئەوانی تردا، ئەوان بەسەر بیری خۆیاندا زاڵ دەبن بە خواستیان، ئەو وێنە بیریانە بەدەست دەهێنن کە دەیانەوێت، وە زیاتریش بەسەر بیرەکانی ئەوانی تردا زاڵ دەبن بەهەمان شێوە، بەهەمان ڕێگا. سەیری خەڵکە بەهێزەکان بکە، چۆن دەتوانن تۆوی بیرۆکەکانیان بچێنن لە بیرەکانی کۆمەڵە خەڵکەکاندا، و وادەکەن بیر لەو بیرۆکانە بکەنەوە بەپێی ویست و خواستەکانی تاکە بەهێزەکان. لەبەر ئەمەیە کۆمەڵەکانی خەڵک هێندە بوونەوەری وەکو مەڕن، هەرگیز بیرۆکەیەکی خۆیان بەرهەمناهێنن، نە تواناکانیان بەکاردەهێنن لە چالاکی بیریدا.

دەرخستنی ڕەگەزی بیری دەتوانرێت تێبینی بکرێت لەهەموو دەوروبەرمان لە ژیانی ڕۆژانەدا. کەسە موگناتیسییەکان ئەوانەن کە دەواتنن بنەما نێرینەکە بەکاربهێنن بەڕێگای سەرنجڕاکێشانی بیرۆکەکانیان لەسەر ئەوانی تر. ئەو ئەکتەرەی وا لەخەڵک دەکات بگری بەو شێوەی دەیخوازێت، ئەم بنەمایە بەکاردەهێنێت. بەهەمان شێوەش وتاربێژێکی سەرکەوتوو، سیاسەتمەدارێک، ئامۆژگارێک، نووسەرێک یان خەڵکانی تر کە لەپێش سەرنجی گشتییەوەن. کاریگەری نەناسراو کە لەلایەن هەندێکەوە بەکاردەهێنرێت بەسەر ئەوانی تردا بەهۆی دەرکەوتنی ڕەگەزی بیرییەوەیە، بەدرێژایی هێڵە لەراوەکان کە لەسەرەوە ئاماژەی پێدرا. لەم بنەمایەدا نهێنی ڕاکێشانی تایبەتی، کاریگەری کەسی، سەرنجڕاکێشان، هتد.، هەیە، بەهەمان شێوەی ئەو دیاردەیەی بەگشتی کۆمەڵ دەکرێت لەژێر ناوی خەواندن. ئەو قوتابییەی خۆی ئاشنا کردووە بەو دیاردەیەی بە گشتی وەکو "دەروونی" قسەی لەسەر دەکرێت گرنگی ئەو ڕۆڵەی بۆ دەردەکەوێت کە گێڕدراوە لە دیاردەکەدا بەو هێزەی کە زانست ناوی ناوە بە "پێشنیارکردن،" بەو زاراوەیەی واتا "سەرنجڕاکێشان بۆ" بیری یەکێکی تر، دەبێتە

هۆی ئەوەی بیری دووەم بەپێی ئەو کار بکات لەوێوە. تێگەیشتنێکی دروست لە پێشنیارکردن پیویستە تاوەکو زیرەکانە دیاردەی دەروونی جیاواز تێبگەیەنرێ کە پێشنیارکردن بنچینەیەتی. بەڵام، هیشتاش زیاتر پێویست زانستی لەرینەوەیە و ڕەگەزی بیرییە بۆ قوتابی پێشنیارکردن. چونکە تەواوی بنەمای پێشنیارکردن پشت دەبەستێت بە بنەمای ڕەگەزی بیری و لەرینەوە.

ئاساییە بۆ نووسەرەکان و فێرکەرەکانی پیشنیارکردن تا ڕوونی بکنەوە کەوا ئەمە بیری "بابەتی یان خۆویستییە" کە شەقڵی بیری، یان پێشنیارکردن دروست دەکات لە بیری "خۆیەکی و خۆنەویستیدا." بەڵام ئەو پرۆسەیە ڕوون ناکەنەوە یاخود لێکچوونێکمان پێنابەخشن لەو سروشتەی تیایدا نتوانن زیاتر ئامادەباشانە لە بیرۆکەکە بگەین. بەڵام گەر بیر لە بابەتەک بکەیتەوە لە ڕووناکی فێرکارییەکانی هەرمێتیکدا، دەتوانین ببینیت کەوا چالاکبوونی بنەما مێینەکە بە لەرینەوەی وزەی بنەما نێرینەکە بەپێی یاسا سروشتییەکانی گەردوونە، و کەوا جیهانی سروشت لێکچوونی ناکۆتا دابین دەکات کە تیایدا بنەماکە دەتوانرێت تێنگەیەنرێت. لەڕاستیدا، فێرکارییەکانی هەرمێتیک نیشانی دەدەن کەوا تەنانەت دروستکردنی گەردوون شوێن هەمان یاسا دەکەوێت، و کەوا لە هەموو دەرخستنە دروستکەرەکاندا، لەسەر ڕووتەختەکانی ڕۆحی، بیری، وە فیزیایی، هەمیشە بنەمای ڕەگەز لەکارا دایە – ئەم دەرخستنەی بنەماکانی نێرینە و مێینە. "لەسەرەوە چۆن بێت، لە خوارەوەش ئاوایە؛ لەخوارەوە چۆن بێت، لە سەرەوەش ئاوایە. وە زیاتریش لەمە، هەر کە بنەمای ڕەگەزی بیری تێگەیشترا و بەدەستهێنرا، دیاردە جیاوازەکانی دەروونناسی ڕاستەوخۆ دەتوانرێت ژیرانە پۆلێن بکرێن و بخوێترێن، لەجیاتی بەتەواوی لە تاریکیدا بمێننەوە. بنەماکە لە کرداردا "کار دەکات،" چونکە لەسەر یاسە گەردوونییە جێگیرەکان ژیان دانروە.

پێویست ناکات بچینە سەر گفتوگۆیەکی درێژکراوە لە، یان باسکردنێک لە، دیاردە جیاوازەکانی کاریگەری بیری یان چالاکی دەروونی. کتێبی زۆر هەیە،

زۆرێکیان زۆر باشن، کە نووسراون و بڵاوکراونەوە لەسەر ئەم بابەتە لە سالانی دواییدا. ڕاستییە سەرەکییەکان کە لەو کتێبانەدا ئاماژەی پێدراوە دروستن، هەرچەندە چەند نووسەرێک هەوڵیان داوە دیاردەکە ڕوون بکەنەوە بە بیردۆزی جۆراوجۆری خۆشەویستی خۆیان. قوتابییەکە دەتوانێت خۆی بناسێنێت بەم بابەتانە، و بە بەکارهێنانی بیردۆزی ڕەگەزی بیری دەتوانێت بێ سەرەوبەرەیی ناکۆکی بیردۆز و فێرکارییەکان بهێنێتە دەرەوە، و لەوانەیە، زیاتر لەمە، ئامادەباشانە خۆی بکات بە مامۆستایەکی بابەتەکە کە زۆر حەزی لێبێت. مەبەستی ئەم کارە بەخشینی هەژمارێکی دریژکراوە نییە لە دیاردەی دەروونی، بەڵکو بەخشینی قوتابییەکەیە بە کلیلی مامۆستایەتی تا نتوانێت دەرگا زۆرەکان بکاتەوە کە دەچنە ناو بەشەکانی مەزاری زانست کە دەیەوێت بیانگەڕیت. هەست دەکەین لەم باسکردنەدا لە فێرکارییەکانی کەباڵیەن، یەکێک دەتوانێت ڕوونکردنەوەیەک بدۆزێتەوە کە دەتوانێت خزمەت بکات بۆ ڕوونکردنەوەی زۆرێک لە کێشە ئاڵۆز – کلیلەیەک کە دەرگای زۆر دەکاتەوە. چ پێویست بە چوونە ناو وردەکارییەکان دەکات دەربارەی هەموو تایبەتمەندییە زۆرەکانی دیاردەی دەروونی و زانستی بیری، لەکاتێکدا ئێمە ئەو ڕێگایانە دەخەینە دەستی قوتابییەکە تا بتوانێت خۆی بناسێنێت بە تەواوی دەربارەی هەر لایەنێکی بابەتەکە کە حەزی لێبێت. بە هاوکاری کەباڵیەن یەکێک دەتوانێت سەرلەنوێ بە کتێبخانەکانی نهێنیزانیدا بڕواتەوە، ڕووناکییە کۆنەکەی میسر کە پەڕی زۆر تاریک، وە بابەتی ون، ڕووناک دەکاتەوە. ئەمە مەبەستی ئەم کتێبەیە. ئێمە نایەن فەلسەفەیک ڕوون بکەینەوە، بڵکو ڕەوتەکانی فێرکارییەکی مەزنی جیهانی کۆن بڵاودەکەینەوە کە فێرکارییەکانی ئەوانی تر ڕوون دەکاتەوە – کە وەکو پێکهێنەرەوەیەکی مەزن خزمەت دەکات لە بیردۆزە جیاوازەکاندا، و تایبەتمەندییە دژەکاندا.

# بەشـــی ١٥.

# وتەکانی هەرمێتیک.

---

*"هەبوونی زانست، مەگەر هاودەمی بکرێت بە دەرخستن و دەربڕینی بە کردار، وەکو شاردنەوەی کانزای بەنرخە – شتێکی بەتاڵ و گەمژانە. زانست، وەکو سامان، دەبێت بەکاربهێنرێت. یاسای بەکارهێنان گەردوونییە، و ئەوەی سەرپێچی بکات دەچەوسێتەوە بە هۆکاری ناکۆکی لەگەڵ هێزە سروشتییەکان." – کەباڵیەن.*

فێرکارییەکانی هەرمێتیک، لەکاتێکدا هەمیشە بە پارێزراوی شاردراونەوە لە بیرەکانی هەڵگرە بەبەختەکاندا، بۆ ئەو هۆکارانەی کە ئاماژەمان پێیان دا، هەرگیز بۆ ئەوە نەبووە تەنها هەڵبگیرێن و بەنهێنی بهێڵدرێنەوە. یاسای بەکارهێنان نیشتەجێیە لەم فێرکارییانەدا، هەروەکو دەتوانیت ببینیت بە ئاماژەکردن بە وتەکانی سەرەوە لە کەباڵیەن، کە بەزۆری دەیڵێت. زانست بەبێ بەکارهێنان و دەربڕین شتێکی بەتاڵە، هیچ باشی ناهێنێت بۆ هەڵگرەکەی، یان بۆ ڕەگەزەکەی. ئاگاداربە لە هەرزانی بیری، و ئەوە بە کردار دەربڕە کە فێری بوویت. وتەکان و پەندەپێشینانەکان بخوێنە، بەڵام ڕاهێنانیشیان لەسەر بکە بەهەمان شێوە.

لە خوارەوە هەندێک لە وتە گرنگەکانی هەرمێتیک پێشکەش دەکەین، لە کەباڵیەن، لەگەڵ چەند تێبینییەکی زیادکراو بۆ هەر یەکێکیان. ئەمانە بکەرە هی

خۆت، و ڕاهێنانیان لەسەر بکە و بەکاریان بهێنە، چونکە هی خۆت نین بەڕاستی هەتاوەکو بەکاریان نەهێنیت.

*"بۆ گۆڕینی باری دەروونیت و باری بیریت – لەرینەوەت بگۆڕە." – کەباڵیەن.*

یەکێک دەتوانێت لەرینەوەکانی بیری بگۆڕێت بە هەوڵێکی خواست، بە ئاڕاستەی بەمەبەست چەسپاندنی سەرنج لەسەر بارێکی زیاتر خوازراو. خواست سەرنج ئاڕاستە دەکات، و سەرنج لەرینەوە دەگۆڕێت. گەشە بە هونەری سەرنج بدە، بە ڕێگاکانی خواست، و نهێنی مامۆستایەتی بارە دەروونییەکان و بارە بیرییەکانت چارەسەر کردووە.

*"بۆ لەناوبردنی ڕێژەیەکی نەخوازراوی لەرینەوەی بیری، بنەمای جەمسەرگری بەکاربخە و تەرکیز بخەرە سەر جەمسەری بەرامبەر بۆ ئەوەی دەتەوێت دامرکێیتەوە بۆی. نەخوازراو لەناو ببە بە گۆڕینی جەمسەرگری." – کەباڵیەن.*

ئەمە یەکێکە لە گرنترین یاساکانی هەرمێتیک. لەسەر بنەمای زانستی ڕاستەقینە بنیات نراوە. نیشانمان دایت کەوا بارێکی بیری و بەرامبەرەکەی تەنها دوو جەمسەرەی هەمان شت بوون، و کەوا بە گۆڕینی بیری جەمسەرگری دەتوانرێت پێچەوانە بکرێتەوە. ئەم بنەمایە بۆ دەروونناسانی سەردەم زانراوە، کە بەکاریدەهێنن بۆ شکاندنی خووی نەویستراو بە ناگێشتکردنی قوتابییەکانیان بۆ تەرکیز کردن لەسەر جۆرێتی بەرامبەر. ئەگەر بە ترس دایگرتوویت، کات مەکوژە بە هەوڵدان بۆ "لەناوبردنی" ترسەکە، بەڵکو لەجیاتی ئەوەیە گەشە بە جۆرێتی ورە بدە، و ترسەکە ون دەبێت. هەندێک لە نووسەرەکان ئەم بیرۆکەیەیان دەربڕیوە بەزۆری بە بەکارهێنانی ڕوونکردنەوەی ژووری تاریکەکە. پێویست ناکات تاریکییەکە بخەیتە دەرەوە، بەڵکو تەنها بە کردنەوەی دەپەکان و هێنانە ناوەوەی ڕووناکی تاریکییەکە ون دەبێت. بۆ لەناوبردنی جۆرێتییەکی نەرێنی، تەرکیز بخەرە سەر جەمسەرە ئەرێنییەکەی هەمان جۆرێتی، و لەرینەوەکان وردە وردە دەگۆڕێن لە نەرێنییەوە بۆ ئەرێنی، هەتا لەکۆتاییدا جەمسەرگر دەبێت لە جەمسەرە ئەرێنییەکە لەجیاتی نەرێنییەکە. پێچەوانەکە بەهەمان شێوە ڕاستە، هەروەکو چۆن زۆرێک بۆیان دەرکەوتووە بۆ خەمەکانیان، کاتێ ڕێگەیان

بەخۆیان داوە زۆر بە جێگیری بلەرنەوە لە جەمسەری نەرێنی شتەکان. بە گۆڕینی جەمسەرگریت دەتوانیت مامۆستایەتی بارە دەروونییەکانت بکەیت، بارە بیریەکانت بگۆڕیت، ڕێکخستنی خۆت دروست بکەیتەوە، و کەسایەتییەک دروست بکەیت. زۆرێک لە مامۆستایەتی بیری هەرمیتیکە پێشکەوتووەکان بە هۆکاری ئەم بەکارهێنانەی جەمسەرگرییە، کە یەکێکە لە گرنگترین لایەنەکانی گۆڕینی بیری. وتە هەرمێتیکەکەت بیر بێت (لەسەرەوە ئاماژەی پێدرا)، کە دەڵێت:

*"بیر (بەهەمان شێوەی کانزاکان و توخمەکان) دەتوانرێت بگۆڕدرێت لە بارەوە بۆ بار؛ پلە بۆ پلە؛ حاڵەت بۆ حاڵەت؛ جەمسەر بۆ جەمسەر؛ لەرینەوە بۆ لەرینەوە."* — *کەباڵیەن.*

مامۆستایەتی جەمسەرگری بریتییە لە مامۆستایەتی بنەما بنچینەییەکانی گۆڕینی بیری یاخود ئالکێمی بیری، چونکە مەگەر یەکێک هونەری گۆڕینی جەمسەرگری خۆی بەدەست بهێنێت، ناتوانێت کار بکاتە سەر ژینگەکەی. تێگەیشتنێک لەم بنەمایە ڕێگە بە یەکێک دەدات جەمسەرگری خۆی بگۆڕێت، بەهەمان شێوەی ئەوانی تریش، ئەگەر کات، گرنگی، خوێندن و ڕاهێنانە پێویستەکە تەرخان بکات بۆ مامۆستاکردنی ئەم هونەرە. بنەماکە ڕاستە، بەڵام دەرەنجامەکان پشت دەبەستن بە ئارامی بەردەوام و ڕاهێنانی قوتابییەکە.

*"ڕیتم دەتوانرێت هاوکێش بکرێت بە بەکارهێنانی هونەری جەمسەرگری."* — *کەباڵیەن.*

هەروەکو ڕوونمان کردەوە لە بەشەکانی پێشوودا، هەرمێتیستەکان دەڵێن کەوا بنەمای ڕیتم لە ڕووتەختی بیریدا دەردەکەوێت بەهەمان شێوەی ڕووتەختی فیزیایی، وە کەوا ئاڵۆزییە دواییەکەکانی بارە دەروونییەکان، هەستەکان، سۆزدارییەکان، و بارە بیرییەکانی تر، بەهۆی جوڵانەی پێشەو و دواوەی پەندۆڵی بیرییە، کە هەڵمان دەگرێت لە کۆتاییەکی هەستێکەوە بۆ ئەوەی تر.

هەرمێتیستەکان بەهەمان شێوە ئەوە فێردەکەن کەوا یاسای هاوکێشبوون ڕێگە بە یەکێک دەدات، بە فراوانییەکی زۆر، بەسەر کاری ڕیتمدا سەربکەوێت لە ئاگاییدا. هەروەکو ڕوونمان کردەوە، ڕووتەختێکی بەرزتری ئاگایی هەیە، بەهەمان شێوەی ڕووتەختە ئاساییە نزمترەکان، وە مامۆستاکە بە بەرزکردنەوەی بیری بۆ ڕووتەختە بەرزترەکە وا لە جۆلانەی پەندۆڵە بیرییەکە دەکات لە ڕووتەختە نزمترەکەدا دەربکەوێت، و ئەو، کە لە ڕووتەختە بەرزترەکە نیشتەجێیە، ئاگایی دەرباز دەکات لە جۆلانەی گەڕانەوە. ئەمە دەکرێت بە جەمسەر کردنی لە خودی بەرزتر، و لەمەوە لەرینەوە بیرییەکانی خۆیی بەرزدەکاتەوە لەسەروو ئەوانەی لە ڕووتەختی ئاساییدان لە ئاگایی. هاوشێوەی بەرزبوونەوەیە لەسەر شتێک، و ڕێگەی بدەیت بە ژێرتدا تێپەڕ ببێت. هەرمێتیستە پێشکەوتووە خۆی جەمسەرگر دەکات لە جەمسەرە ئەرێنییەکەی بوونی خۆی – جەمسەری "من" لەجیاتی جەمسەری کەسایەتی، و بە "ڕەتکردنەوە" و "نکۆڵی کردن" لە کاری ڕیتم، خۆی بەرز دەکاتەوە لەسەروو ڕووتەختی ئاگاییەکەی، وە بە جێگیر وەستانی لە وتەی بوونیدا ڕێگە بە پەندۆڵەکە دەدات جۆلانەی گەڕانەوە بکات لە ڕووتەختی نزمتردا بەبێ گۆڕینی جەمسەداری. ئەمە لالەین هەمو ئەو تاکانەوە دەکرێت کە هەر پلەیەکی مامۆستایەتی خودیان بەدەست هێناوە، گەر لە یاساکە تێبگەن یاخود نا. ئەم کەسانە تەنها "ڕەتی دەکەنەوە" ڕێگە بەخۆیان بدەن جۆلانەی دواوەیان پێبکرێت بە پەندۆڵی بارە دەروونییەکان و سۆزدارییەکان، و بە هێشتنەوەی پتەوی زاڵبوونەکە، جەمسەرگر دەمێننەوە لە جەمسەرە ئەرێنییەکە. مامۆستاکە، بەدڵنیاییەوە، پلەیەکی زۆر گەورەتری چوستی بەدەست دەهێنێت، چونکە ئەو لە یاساکە تێدەگات کە بەسەریدا سەردەکەوێ بە یاسایەکی بەرزتر، وە بە بەکارهێنانی خواستی پلەیەکی هاوسەنگی و نەگۆڕی بەنزیکی مەحاڵ بەدەستدەهێنن لە باوەڕی ئەوانەی ڕیگە بەخۆیان دەدەن جۆلانەی دواوە و پێشەوەیان پێبکرێت بە پەندۆڵی بیری بارە دەروونییەکان و هەستەکان.

بیرتبێت، هەمیشە، هەرچەندە، کەوا تۆ بەڕاستی بنەمای ڕیتم لەناو نابەیت، چونکە لەناونەبراوە. تۆ تەنها بەسەر یاسایەکدا سەردەکەویت بە پێچەوانە هاوسەنگ کردنی

لەگەڵ یەکێکی تردا، و لەمەوە هاوسەنگییەک دەهێڵێتەوە. یاسای هاوسەنگی و پێچەوانە هاوسەنگی لە کارا دان لە ڕووتەختی بیریدا بەهەمان شێوەی ڕووتەختە فیزیاییەکان، وە تێگەیشتنێک لەم یاسایانە ڕێگە بە یەکێک دەدات وادەربکەوێت کە یاساکان دەخاتە لاوە، لەکاتێکدا تەنها پێچەوانە هاوسەنگ کردن بەکاردەهێنێت.

*"هیچ شتێک لە بنەمای هۆ و ئەنجام دەربازی نابێت، بەڵام ڕووتەختی زۆری هۆکار هەیە، و یەکێک دەتوانێت یاساکانی بەرزترەکە بەکاربهێنێت بۆ سەرکەوتن بەسەر یاساکانی نزمترەکەدا." — کەباڵیەن.*

بە تێگەیشتن لە ڕاهێنانی جەمسەرگری، هەرمێتیستەکان بۆ ڕووتەختێکی بەرزترە بەرز دەبنەوە لە هۆکار و لەمەوە یاساکان پێچەوانە هاوسەنگ دەکەن لە ڕووتەختە نزمترەکانی هۆکاردا. بە بەرزبوونەوە لەسەروو ڕووتەختی ئاسایی هۆیەکان دەبن بە خۆیانم لە پلەیەکدا، هۆکار لە جیاتی تەنها ئەنجام. بە توانای ئەوەی مامۆستایەتی بارە دەروونییەکان و هەستەکانی خۆیان بکەن، وە بە هاوکێشکردنی ڕیتم، هەروەکو تازە ڕوونمان کردەوە، دەتوانن لە بەشێکی گەورەی کارەکانی هۆ و ئەنجام دەرباز بن لە ڕووتەختە ئاساییەکاندا. کۆمەڵەکانی خەڵک دەڕۆن، ملکەچانە بۆ ژینگەکەیان؛ خواست و حەزەکانی ئەوانی تر بەهێزترن لە هی خۆیان؛ ئەنجامەکانی ڕەوتی بۆماوەیی؛ پێشنیارەکانی ئەوانەی لە لایانن؛ وە هۆکاری دەرەکی تر؛ کە دەیانهێنن و دەیانبەن لەسەر مێزی ژیان تەنها وەکو داشێک، بە بەرزبوونەوە لەسەروو ئەم هۆکارە کاریگەرانە، هەرمێتیستە پێشکەوتووەکان بەدوای ڕووتەختێکی بەرزتردا دەگەڕێن لە کرداری بیری، و بە زاڵبوون بەسەر بارە دەروونییەکان، سۆزدارییەکان، پاڵهێزەکان و هەستەکان، کەسایەتی، جۆرێتی و توانای تازە بۆخۆیان دروست دەکەن، بەهۆیانەوە کە بەسەر ژینگەی ئاساییاندا سەردەکەون، و لەمەوە دەبن بە یاریکەری کرداری لەجیاتی تەنها داشێک. ئەم خەڵکانە یارمەتی دەدەن یاری ژیان بکرێت تێگەیشتووانە، لەجیاتی بجووڵێنرێن بەم شێوەیە و ئەو شێوەیە بە کاریگەرییە بەهێزترەکان و تواناکان و

خواستەکان. ئەوان بنەمای هۆ و ئەنجام بەکاردەهێنن، لەجیاتی بەکاربهێنرێن پێی. بەدڵنیاییەوە، تەنانەت بەرزترینیش ملکەچی بنەمایە هەر کە دەردەکەوێت لە ڕووتەختە بەرزترەکاندا، بەڵام لە ڕووتەختە نزمترەکانی چاڵاکیدا، مامۆستان لەجیاتی کۆیلە. هەروەکو کەباڵیەن دەڵێت:

*"ژیرەکان لە بەرزتر خزمەت دەکەن، بەڵام لە نزمتر بەڕێوەدەبەن. ملکەچی یاساکانی هاتوون لە سەرووی خۆیان، بەڵام لە ڕووتەختی نزمتر، و ئەوانەی ژێر ئەوان، بەڕیوەدەبەن و فرمان دەدەن. بەڵام، هێشتاش، بە کردنی ئەمە، بەشیک لە بنەماکە پێکدەهێنن، لەجیاتی دژ وەستانەوەی. مرۆڤە ژیرەکە نقوم دەبێت لەگەڵ یاساکە، و بە تێگەیشتنی لە جووڵەکانی کاری پێدەکات لەجیاتی بوون بە کۆیلەی کوێری. هەروەکو چۆن مەلەوانە بەتواناکە بەم ڕێگایە و ئەو ڕێگایەدا لادەدات، دێت و دەڕوات هەر چۆنێک بیەوێت، لەجیاتی ئەوەی ببێت بە پارچە دارێک کە لێرە و لەوێ دەبرێت — مرۆڤە ژیرەکەش بەهەمان شێوەیە بە بەراورد بە مرۆڤە ئاساییەکە — بەڵام هێشتاش هەردووک مەلەوانەکە و پارچە دارەکە؛ مرۆڤە ژیرەکە و گەمژەکە، ملکەچی یاسان. ئەوەی لەمە تێبگات زۆرباش لەسەر ڕێگای مامۆستایەتییە." — کەباڵیەن.*

لە دەرەنجامدا با سەرنجتان بانگێشت بکەین بۆ ئەم وتەیەی هەرمێتیک:

*"گۆڕینی ڕاستەقینەی هەرمێتیک هونەرێکی بیرییە." — کەباڵیەن.*

لە وتەکەی سەرەوەدا، هەرمێتیستەکان فێردەکەن کەوا کارە مەزنەکەی کارکردنە سەر ژینگەی یەکێک بە توانای بیری دەکرێت. گەردوون سەراپای بیرییە، شوێن ئەوە دەکەوێت کە بە بیری بەڕێوەدەبرێت. وە لەم ڕاستییەدا ڕوونکردنەوەیەک دەدۆزرێتەوە لە هەموو دیاردەکەکان و دەرخراوەکانی توانا بیرییە جۆراوجۆرەکان کە سەرنج و خوێندنی زۆر ڕادەکێشن لەم سالانەی دوایی سەدەی بیستەمدا. لەپشتی و لەژێر فێرکارییەکانی ڕێباز و فێرگە جۆراوجۆرەکان، هەمیشە بنەمای ناوەڕۆکی بیری گەردوون دەمێنێتەوە. ئەگەر گەردوون بیری بێت لە سروشتی ناوەڕۆکیدا، کەوابێت شوێن ئەوە دەکەوێت کەوا گۆڕینە بیرییەکان دەبێت حاڵەتەکان و دیاردەکانی

گەردوون بگۆڕن. ئەگەر گەردوون بیری بێت، بیر دەبێت بەرزترین توانا بێت کار بکاتە سەر دیاردەکەی. ئەگەر ئەمە تێگەیشتراو بێت ئەوا هەموو "موعجیزەکان" و کارە سەرسوڕهێنەرەکان" بە ئاشکرا دەبینرێت چین.:

*"هەمووەکە بیرە؛ گەردوون بیرییە." — کەبالیەن.*

*کۆتایی.*